مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێكی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزیيە**
**دەستەيەك لە ماموستایانی ئاینی دەری دەكات**


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


------------------------------------------------------------


**ماڵپەری بەهەشت**

ba8.org

ماڵپەرێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی يە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەيە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لايەنێكی حیزبی نيە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا . يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

# کاربەدەستان وبەڕێوەبەری خوێندنگاکان ئێوە بەرپرسن لە نوێژی قوتابیان

**مامۆستا عبداللطیف أحمد مصطفى**

**پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بەڕاستی لێپرسراوێتی ئەرکێکی گرانو گەورەیە، وە پێویستە لەسەر کاربەدەستان وا بڕوانه پلەو پایەیان کە لێپرسراوێتی‌یە نەك زەعامەتو بەگەورە دانانو لە خۆبایی بوون.

پێویستە بزانن کەئەوان لێپرسینەوەیان لەسەرە لە لایەن خوای گەورە، هەروەها لەلایەن ژێردەستەکانیشیانەوە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:

(إنها أمانة، وإنها يوم القيامة خزي وندامة، إلا من أخذها بحقها، وأدى الذي عليه فيها)[1].

واتە: لێپرسراوێتی ئەمانەتە وە لەڕۆژی دوایی سەرشۆڕی و پەشیمانی‌یە، تەنها کەسانێك نەبێت کە بەحەق وەری دەگرێت، کە ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی بکات.

هەر کاربەدەستێك بە ئەمینداریێتی‌و دڵسۆزی ودەست پاکی‌و دڵپاکی‌و داوێن پاکی‌و بە پەرۆشی‌و چالاکی‌یەوە ئەرکەکەی بەجێ بێنێت ئەوە سەربەرزەو پاشەڕۆژێکی بەختەوەری هەیە لای خەڵکی لە دونیادا، وە هەروەها لای خوای پەروەردگاریش ئەجرو پاداشتی زۆر گەورەیە، وەیەکێك لەو حەوت کەسانەی کە توشی نارەحەتی‌یەکانی ڕۆژی دوایی نایەت ئیمامو پێشەواو سەرکردەی دادپەروەرە.

بەڵام بە پێچەوانەشەوە هەر لێپرسراوێك کەمتەرخەم یا خیانەت کار بێت ئەوە بەر لەعنەتو نەفرینی خواو دواجار گەلیش دەکەوێت، وە ڕۆژێك دێت فڕێ بدرێتە زبڵدانی

---

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٧٨٢٣) .

مێژووەوە بە سوکیو ڕوو ڕەشی، وە خیانەت کردنیش چەندەها شێوازی هەیە:

*هەیە خیانەت لە ماڵو سامانی ژێر دەستەکانی دەکات.

*وە هەیە خیانەت لە ڕەوشتو ناموسیان دەکاتو پارێزگاری لە ڕەوشتی ڕەسەنو باشی گەلو قەومەکەی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هانیان دەدات بۆ داماڵینی پۆشاکی حەیاو ڕەوشت، بەناوی مۆدەو پێش کەوتنو ئازادی!!

*وە هەیە خیانەت لە بیروباوەڕی گەلەکەی دەکاتو پارێزگاری ناکات لە بیروباوەڕیان، بەڵکو هاوکاری بڵاو بونەوەی بیروباوەڕی پوچو بێ باوەڕیو دوور لەدینە.

کەواتە پێویستە کاربەدەستان لە خوا بترسنو هەست بەو ئەرکە گرنگە ترسناکە بکەن کە لەسەر شانیانە، بابزانن کە ئەرکی سەرشانیان تەنها پاراستنی خاکو نیشتیمان نییە، بەڵکو ئەرکی پاراستنی شەڕەفو ناموسو بیروباوەڕیشی لەئەستۆیە.

وە ئەو بوارانەی کە کەمو کورتی تێدا دەبینرێن لەلایەن زۆر کاربەدەستان زۆرن، بەڵام ئەوەی کەزۆر زۆر ترسناکە بریتییە لە ڕێگرتنی قوتابیانو خوێندکاران لە ئەنجامدانی نوێژە فەڕزەکانیان، نوێژی نیوەڕۆو عصر لە قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو دانیشگا لەلایەن هەندێك لە مامۆستاو بەڕێوەبەران!!

لەسەردەمی حزبی بەعسی کافر شیعاری بەعسییەکان ئەوە بوو کە قوتابی یان سەرباز یان کارمەند کاتێك کە دەهاتنە ناو دائیرەکەیان پێویست بوو پۆشاکی دینو ئیمان داڕنو وەك جانتایەك ئیسلامەتیەکەیان لەدەرگای دەرەوە دابنێن.

وە ئەوانەی کە خەست بوون لە حزبایەتی نەیان دەهێشت لە قوتابخانەو معسکر نوێژ بکرێت.

بەڵام ئەمڕۆش بەهەمان شێوە، بەداخەوە نوێژ قەدەغە دەکرێت لە قوتابیانی کوڕو کچ لەلایەن هەندێ لە بەڕێوەبەران، لەکاتێدا کە ڕێگەیان پێ دەدەن هۆڵی تایبەتیان هەبێت بۆ شانۆو ڕەقسو سەما، بەڵام ناهێڵن ژوورێك هەبێت بۆ نوێژ، کەنوێژ حەقی خوایەو هیچ زیانێکی نییە و پەیوەندیشی بە حزبایەتیو تیرۆرەوە نییە!!

وە نوێژ ڕوکنێکی گەورەی ئیسلامەو پێویست ترە لە هەموو ئەو دەرسانەی کە لە قوتابخانەو خوێندنگاو پەیمانگاو دانیشگا دەخوێندرێن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة)[٢]

(فمن تركها فقد كفر)[٣].

واتە: لە نێوان مرۆڤو هاوبەش بڕیاردان وکوفردا وازهێنانە لەنوێژ، وەئەوەی واز لە نوێژ بهێنێ کافر دەبێت.

وە کوفریش بەرەو دۆزەخە کەواتە چ پێشکەوتنو خێرێك لە خوێندنو بڕوانامەیەکدا هەیە کە پاشە ڕۆژەکەی چوونە ناو ئاگری دۆزەخ بێت.

وە بەردەوام قوتابی نوێژخوێن بەوەفایە بۆ مامۆستاکانی و بۆ گەلو نیشتیمانی، وە ئەو ڕێز لە گەورەی خۆی دەگرێتو پارێزگاری لە ڕەوشتو بیروباوەڕی گەلەکەی دەکات، وە هیچ کاتێك نوێژ نەبۆتە هۆی توندڕەوەیو تیرۆر، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێگرتن لە نوێژو خواپەرستی تیرۆری لێ دەکەوێتەوە و توندڕەوی لێ پەیدا دەبێت.

لە کۆتایدا پێویستە بەڕێوەبەران لە خوا بترسنو ڕێگا نەگرن لە قوتابیان لە ئەنجامدانی نوێژە فەڕزەکانیان کە کاتی دیاری کراوی خۆیان هەیە:

﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ [النساء: ١٠٣] .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەشیاندا لەگەڵ دوژمن لە غەزادا نوێژیان بە جەماعەت دەکرد، کەواتە لە خوا بترسن با حاڵتان وەکو حاڵی ئەبوجەهلی کافری لێ نەیەت کە پێغەمبەری ﷺ قەدەغە دەکرد لە نوێژ:

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى عَبْدًا إِذَا صَلَّى أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى﴾ [العلق: ٩] .

وەنابینی ئەو دیکتاتۆرەی کە قەدەغەی نوێژ کردنی لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد هەرچەندە کە ئەو نوێژ خوێنە لەسەر ڕێگای ڕاستەو هیدایەت دراوەو فەرمانیش بە خۆپارێزی دەکات لە تورەیی خواو کاری خراپەو زیان بەخش، واتە کارێك ناکات کە زەرەری بێتو فەرمانیش بەچاکە دەکات.

کەوا بوو چۆن دەبێت ڕێی نوێژ کردن بگریت لەو کەسە باشە لەکاتێکیشدا کە ڕێی ئیسلامەتیو فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ بە درۆ دادەنێیتو پشتیش هەڵ دەکەیت لە نوێژو بەندایەتی بۆ خوا!!

دوای ئەوە خوای گەورە فەرمووی:

﴿أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى﴾ [العلق: ١٤].

---

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٢٨٤٨) .

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٤١٤٣) .

واتە: ئایا ئەو ڕێگرە نەیزانیوە کە خوای پەروەردگار دەیبینێتو ئاگای لە حاڵیەتیو لێی تورە دەبێت:

﴿كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ﴾ [العلق: ١٥] .

واتە: نەخێر سوێند بەخودا ئەگەر واز نەهێنیت لەم ڕێگریو دژایەتییە ئەوا:

﴿لَنَسْفَعَنْ بِالنَّاصِيَةِ﴾ [العلق: ١٥].

نێوچاوانی دەگرینو ڕایدەکێشینو فرێی دەدەینە ناو ئاگری دۆزەخ،

﴿نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾ [العلق: ١٦] .

نێوچاوانو پێشە سەرە درۆینە بەهەڵەدا چووەکەی ﴿فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ﴾ [العلق: ١٧] .

وە کە عەزابی خوا هات ئەو کاتە با ڕێگرەکە بانگی هۆزو عەشیرەتەکەی خۆی بکاتو داوای ڕزگار کردنو فریاکەوتنیان لێ بکات:

﴿سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ﴾ [العلق: ١٨] .

ئێمەش بانگی فریشتەکانی عەزاب دەکەین ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت کە کێ سەرکەوتوو دەبێت؟!

ئەمە لە دونیا هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئیمامی بوخاری دەیگێڕێتەوە لە عبداللە ی کوڕی عباس کە فەرمووی: ئەبو جەهل ووتی ئەگەر جارێکی تر (محمدﷺ) ببینم نوێژ بکات لای کەعبە ئەوا پێ دەخەمە سەر ملی، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ناتوانی ئەوە بکەیت، ئەبوجەهل ووتی : چ کەسێك دەتپارێزێت لەمن لە کاتێکدا کە بانگ بکەم پڕی ئەو دۆڵە پیاوانی هۆزەکەم بەدەنگمەوە دێنو لەگەڵ منن!!

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:

( لئن فَعَل لأخذته الملائكة) .

واتە: ئەگەر وای بکردایە ئەوا فریشتەی سزا ناوچاوانیان دەگرتو یەك سەر دەیان برد.

وە هەروەها لە دواڕۆژیشدا ئەو کەسانەی کە ڕێگری نوێژ کردنو خواپەرستیو دەرس خوێندنی شەرعین حاڵیان زۆر خراپەو دۆزەخ شوێنیانە، چونکە هەندێك کەس خراپەکەیان تەنها ئەوەیە کە خۆیان دوورن لە نوێژو خواپەرستی، بەڵام کەسانێك هەن لەوان خراپترن کە تەنها بەوە ناوەستن خۆیان نوێژ ناکەن بەڵکو دژایەتی نوێژ خوێنانیش دەکەنو ڕێگاش دەگرن لە بڵاو بوونەوەی دینی خوا وە ڕێگا نادەن خەڵك بە ئازادی خواپەرستی خۆی بکات!!

بەڕاستی سەیرە ناو وناوەڕۆكو قسەو کردەوە دژ بەیەك بن! لە کاتێکدا دەبیستین شیعاری ئازادیو سەربەستیو دیموکراسی بەرز دەکرێتەوە، بەڵام بە کردەوە ئازادی

تەنها بۆ خراپەکاریو بەد ڕەوشتی هەیەو تەنها کەسانی دوور لە خوا وەك مرۆڤـ مافیان هەیە کە جنێو بەخوا بدەن؟! بێ ئابڕوویی بەرامبەر قورئانو پێغەمبەرﷺ بکەن لە ڕێی شیعاری ئازادیو مافی مرۆڤـ!!

بەڵام ئازادی نییە بۆ کەسێك بڵێ من قوتابی یان خوێندکارم و نوێژیش دەکەم لەکاتی خۆیدا، ئازادی نییە بڵێی من جلو بەرگم بە شێوەیەکە خوا پێی ڕازییە! ئازادی نییە بۆ دینەکەی خوا لەسەر زەویەکەی خوا لەناو بەندەکانی خوا! چەندە سەیرە ڕێبگرێ لە فەرمانی خوا، لەدینی خوا، لە قورئانەکەی خوا!!

کاکی کاربەدەست بیر بکەوە تۆ دروستکراوێکی خوایتو لەسەر زەویەکەی ئەو دەژیت بە هەواو نانو ئاوی ئەو، وە بۆلای ئەویش دەگەڕێیتەوە، کەواتە خۆت بناسە کە چەندە لاوازیت، خواش بناسە کە خاوەن هەموو زەویو ئاسمانەکانە، کەوابوو چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت کە دژایەتی ئەو بکەیتو کۆسپ بیت لە ڕێگای خواپەرستیدا.

کەوابوو هەوڵ بدەنو شوێنێکی تایبەت بکەنەوە بۆ نوێژ لە قوتابخانە و پەیمانگاکانو دانیشگاکانو دائیرەکان بۆ ئەوەی خوا لێتان ڕازی بێتو گوناهی ئەم هەموو قوتابییە نەیەتە سەرشانتان بۆ قیامەت.

ئامۆژگاریش بۆ قوتابیانو خوێندکاران ئەوەیە کە هەمووتان هاودەنگ بنو داوا بکەن بەڕێزەوە لە بەڕێوەبەرو مامۆستایانتان ڕێگای نوێژتان پێ بدەنو بۆیان ڕوون بکەنەوە کەمەبەستتان تەنها نوێژە نەك خۆدزینەوە لە وانەکانتان، وە پێویستە هیچ کاتێك وە لە هیچ شوێنێك ڕازی نەبن بە نوێژ نەکردن یان دوا خستنی چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**(من فاتته صلاة العصر فكأنما وتر أهله وماله)**[٤].

واتە: هەر کەسێ نوێژی عەسری بچێت ئەوە وەکو ئەوە وایە هەموو ئەهلو ماڵی لەدەست دابێت.

وە فەرموویەتی:

**(من ترك صلاة العصر فقد حبط عمله)**[٥].

واتە: هەرکەسێ واز بهێنێ لە نوێژی عەسر ئەوا کردەوەکەی هەڵوەشاوەتەوە، وەیەکەم شت کە مرۆڤـ لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت لەڕۆژی دوایی نوێژە. کەوابوو باگشت لایەك لە

---

(٤) (صحيح سنن النسائي: ٤٧٨).

(٥) (صحيح سنن النسائي: ٤٧٤).

خوا بترسین‌و پارێزگاری له نوێژه‌كانمان بكه‌ین.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی به‌هه‌شت**
**www.ba8.org**
1429 كۆچی

# ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾
# ئەو ڕۆژەی کە نهێنییەکان دەردەکەونو ئاشکرا دەکرێن

وەرگێڕانی: م: عبدالغفور عبدالله

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ناونیشانی ئەم بابەتە ئایەتێکی پیرۆزە لە کتێبەکەی خوای پەروەردگار، خوای گەورە بابەتێك باس دەکاتو یادی بەندەکانی دەخاتەوە کە پەیوەندی بە دڵو کردەوەو نهێنییەکانیەوەیەتی، ئەوەی کە خەڵکی لێی بێ ئاگانو خوای گەورە زاناو شارەزایە پێی جا ئەمانە ئاشکرا دەبنو دەخرێنە ڕوو لە ڕۆژی دواییدا، هەرشتێکیش کە تێیدا بێت لە دڵسۆزیو ڕاستگۆییو خۆشەویستی، یان پێچەوانەکەی لە دووڕوویو درۆو ڕیابازی، وە ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت لەو ئایەتەو لە ئایەتەکانی پێشو پاشی خۆی، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ فَمَا لَهُ مِنْ قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ﴾ [الطارق: ٨-١٠] .

واتە: بێ گومان خوای گەورە دروست کردنەوەو وەرگێڕانەوەی ئادەمیزادی زۆر لە لا ئاسانەو بە توانایە، ئەو ڕۆژەی هەموو نهێنیەکان دەردەکەونو دەخرێنە ڕوو ئادەمیزاد هیچ هێزو پشتیوانێکی نییە.

وە هەر دڵە کە خوای پەروەردگار سەیری دەکاتو قبوڵ بوونو قبوڵ نەبوونی کردەوەیش هەر پەیوەندی بەوەوە هەیە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێ:

(إن الله لاينظر إلى أجسامكم ولا إلى صوركم ولكن ينظر الى قلوبكم وأعمالكم)[1]. واتە: بە ڕاستی خوای گەورە سەیری وێنەو لاشەتان ناکات بەڵکو سەیری دڵو کردەوەکانتان دەکات.

وە نهێنیو شاراوەکانی ئەگەر باش بوون ئەوا هەموو کردەوەکانو لایەنەکانی تریش باش دەبن ئەگەر کەمیش بن، وەبە

---

(١) (مسلم: ٢٥٦٤، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٥).

پێــچەوانەشەوە ئەگــەر نهێنــیــیــەکانو شاراوەکان خراپ بوون ئەوا هەموو کردارو گوفتارێکی بەندەکان خـراپ دەبـنو نزیـك دەبێتەوە لە دووڕوویيو ڕیابازی (پەنا بـە خــــوا)، وە پێغەمبـــــەر ﷺ لــــــە فەرموودەیەکـدا ئـەوە ڕوون دەکاتــەوەو دەفەرمێ:

(ألا وإن في الجسد مــضغة إذا صـــلحت صلح الجسد كله، وإذا فـــسدت فـــسد الجسد كله ألا وهي القلب)[٢].

واتــە: لـە لاشـەدا پارچـە گۆشـتێك هەيـە ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە چـاك بـوو ئـەوا لاشـە هـەمووی بـاش دەبێـت، وە ئەگـەر خراپ بوو ئەوا هەموو لاشە خراپ دەبێت، ئەو پارچەیەیش بریتیيە لە دڵ.

پێشەوا (ابن القـيم) لـە تەفـسیری ئـەم ئایەتـەدا(يوم تبلى الـسرائر) دەفـەرمێت: (کردەوەکــــان بەرهــــەمی نهێنــــیو شـــاراوەکانن وەهەرکەســێك نهێنـــیو شاراوەکانی باش بوون ئەوا کردەوەکـانی هــەمووی بــاشو چــاك دەبــن وە ئــەو نهێنیيانەش دەبن بە ڕۆشنایيو ڕونـاکیو شـــەرمو حـــەیا لـــە ڕوخـــساریدا وە هەرکەســـێکیش نهێنیـــەکانی خـــراپو ناشیرین بوون ئەوا کردەوەکانیشی شوێن کــەوتووی نهێنــیــیــەکانی دەبــنو لــە ڕوخساریدا دەبن بە ڕەشیو تـاریکیو بێ شەرمی).

لـەوەی کـە باسمـان کـرد گـەورەی کـارو فرمانـــەکانی دڵو مەترســـیو نهێنـــیو شاراوەکانمان بۆ دەرکەوت لەبـەر ئـەوەی خـوای گـەورە دەڕوانێتـە ئـەویو چـاکیو خراپی ئەوێشە دەبێتە هۆی قبوڵ بـوونو قبـوڵ نـەبوونی کردەوەکـانو هۆکـارە بـۆ ئـاخر خێـریو ئـاخر شـەڕی وە ئەمەشـە هــۆی ســـەرکەوتنو ســـەرفرازی بـــوونی هـــاوەڵانی پێغەمبـــەر ﷺ رضي الله عنهم بەســـەر خەڵکانی دوای خۆیاندا لـە وانـەی کـە لـە هەنـــدێك لـــە هـــاوەڵان رضي الله عنهم زیـــاتریش عیبـادەتو خواپەرستیان کـردووە لەبـەر ئەوەی بنچینەی سەربەرز بوونی لە نێوان بەندەکاندا ئەوەیە کەلە دڵدا جێگیر بـووە لە نهێنیو شاراوەیی باشو چاك.

لـــە عبـــدالله کـــوڕی مـــسعودەوە رضي الله عنه دەفــەرمێت: (ئێــوە نوێــژتان درێــژترو تێکۆشـــانتان زۆرتـــرە لـــە هـــاوەڵانی

(٢) (البخاري: ٥٠، وصحيح الجامع الصغير: ٣١٩٣).

پێغەمبەر ﷺ بەڵام ئەوان لە ئێوە باشتر بوون، پێی ووترا: بەهۆی چیەوە؟ ووتی: لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر لە ئێوە دنیایان بەکەم دەزانیو ئارەزوویان لە دوارۆژ بوو).

وە قاسم کوڕی محمد دەفەرمێت: ئێمە لەگەڵ (ابن مبارك) سەفەرمان کرد زۆر شت خەتەرەی دەکرد لە دڵمداو بە خۆم دەوت: بەچ شتێك ئەم پیاوە ئاوا بەرز بۆتەوە بەسەرمانداو ناوبانگی لەناو خەڵکیدا دەرکردووە: ئەگەر نوێژ دەکات ئێمەیش نوێژ دەکەین! وە ئەگەر بەڕۆژوو دەبێت ئێمەیش بەڕۆژوو دەبین! وە ئەگەر جیهاد دەکات ئێمەیش جیهاد دەکەین! وە ئەگەر حەج دەکات ئێمەش حەج دەکەین! وە پاشان دەڵێت: لە هەندێك لە ڕۆیشتنەکانمدا لە ڕێگای شام شەوێك لە ماڵێك نانمان خوارد کاتێك چراکە کوژایەوە هەندێك هەستان بۆ داگیرساندنی چراکەو کاتێك چراکە هەڵکرایەوە سەیری دەمو چاوی ابن مبارك م کرد فرمێسکی پێوە بوو بە خۆمم ووت: بە هۆی ئەم ترسو لەخوا ترسانەیە ئەم پیاوە فەزڵی دراوە بەسەرماندا لەوانەیە لەکاتی کوژانەوەی چراکە بیری لە تاریکی قیامەت کردبێتەوە).

وە وتەی سەلەفو پێشینمان لەسەر سوربونیان لەسەر کردەوەی دڵو چاکی نهێنییەکانیان زۆرو جۆراو جۆرن بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە خۆشەویستی خوای گەورەوە ترسان لێیو دڵسۆزی لە کردەوەکاندا هەیە لەوانە:.

*عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه دەفەرمێت: (هێزو توانا لە ئەنجامدانی کردەوەدا ئەوەیە کە کاری ئەمڕۆ بۆ بەیانی دوا نەخرێت وە ئەمانەتو سپاردەیش ئەوەیە کە نهێنیو شاراوەکان پێچەوانەی کارە ئاشکراکان نەبن، وە تەقوای خوای گەورە بکەن وە تەقوایش بە خۆ پاراستن دەکرێت وە هەر کەسێکیش تەقوای خوای گەورە بکات دەپارێزرێت)[٣].

*عوسمانی کوڕی عەفان رضي الله عنه دەفەرمێت: هیچ کەسێك نهێنییەك ناشارێتەوە ئیلا خوای گەورە دەری دەخات لە

(٣) (سير أعلام النبلاء: ٢/٥٧٢) .

لاپــــەڕەكانی دەمو چـــاوی‌و هەڵپـــەكانی زمانی.

*وە نعيم بن حماد دەفـەرمێت: گـوێم لـە ابـن مبـارك بـوو دەی ووت: (هـيچ كەسـم نـەديووە وەك مالـك بـەرز بووبێتـەوە لـە كاتێكـدا نوێـژو ڕۆژووی زۆريـشی نـەبوو تـەنها چـاكی‌و سـەلامەتی نهێنـی‌يـەكان نەبێت)[٤].

*وە خاليدی كوڕی صـفوان دەفـەرمێت: (گەيشتم بـە مسلمة ابن عبـــدالملك ووتـی: هەواڵم بدەرێ لە بارەی (حسن البــصري) ووتم: خـوای گـەورە چـاكەت بـۆ بكـات هـــەواڵت دەدەمـــێ بـــە زانيارييـــەك: مـــن جيرانـــی ئـــەوم لـــە تەنيـــشتيەوە وە لـــە مەجليسيدا نزيكی ئـەوم نهێنـی خـەڵك بـا كـــردەوە باشـــەكانی دەچـــوێنم بـــەڵام ووتەكانی ئەو بە كردەوە دەچوێنم ئەگـەر لەسـەر كارێـك دانيـشت هـەر بەوێـشەوە هەڵدەسێت، وە ئەگـەر لەسـەر كـارێكيش هەڵسا هەر لەسەر ئەويش دادەنيـشێت وە ئەگەر ئەمرۆ فەرمان بە شتێك بكـات ئـەوا خەڵكی كاری پێ دەكەن، وە ئەگەر نەهی لە شتێك كرد ئەوا خەڵكی تەركی دەكـەن بينيوومە كـە بـێ پێويـستە لـە خـەڵك وە خەڵك پێويستيان بەو هەيە ووتـی: بەسە! چۆن نەتەوەيەك گومڕا دەبن پياوی ئاوای تێدا بێت)[٥].

*وە حەسـەن دەفـەرمێت: (ئـەی نـەوەی ئادەم! تۆ گوفتـارو كـردەوەت هەيـە، وە كردەوەت باشترە بۆ تـۆ لـە گوفتـارت وە نهێنـی‌و ئاشـكرات هەيـە نهێنـی‌يـەكانت باشترە بۆ تۆ لە ئاشكراكانت)[٦].

*وابـــن عيينـــە دەفـــەرمێت: ئەگـــەر نهێنی‌يەكان هاوتا بوون لەگەڵ ئاشكراكان ئـەوا عـەدل‌و وەك يـەك بوونـە، وە ئەگـەر نهێنی‌يـەكان باشـتر بـوون لـە ئاشـكراكان ئەوە فەزڵە، وە ئەگەر ئاشـكراكان باشـتر بوون لە نهێنی‌يەكان ئەوە ستەمە.

*وە عبــدالله كــوڕی مبــارك دەفــەرمێت: ووتــرا بــە حمــدون كــوری احمــد: بۆچــی قسەی پێشين (سـەلەف) سـودبەخش تـر بوو لە قسەی ئێمە؟ ووتی: لەبـەر ئـەوەی ئەوان قسەيان دەكرد بۆ بـەرزی ئيـسلام‌و ڕزگار بـوونی نـەفس‌و ڕازی بـوونی خـوای گەورە بەڵام ئێمە قسە دەكەين بۆ بـەرزی

(٣) (سير أعلام النبلاء: ٩٧/٨).

(٤) (سير أعلام النبلاء: ٥٧٦/٤).

(٥) (مدارج السالكين: ٤٣٦/١).

نەفسو داوا کردنی دونیاو ڕازی بوونی خەڵك.

## ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەلامەتی دڵو پێچەوانەکانیان

١- چاك کردنی کردەوەکانی دڵ وەك دڵسۆزی لە گوفتارو کردەوەکان بۆ خوای گەورەو هەوڵدان بۆ شاردنەوەیان لە خەڵکیو ڕق بوونەوە لە ناوو ناوبانگ دەرکردنو خۆپاراستن لە باسکردنی خەڵك، وە پێچەوانەی ئەوانەیش ڕیا بازیو داواکردنی دنیا بەهۆی عیبادەت کردنو حەز لە خۆ دەرخستن کردن.

٢- خۆ بەکەم زانینو هەست کردن بە کەم تەرخەمیو خەریك بوون بە چاك کردنی نەفسو عەیبەکانی پێچەوانەی ئەمانەیش خۆ بە گەورە زانینو سەرسام بوون بە خۆتو خەریك بوون بە ڕەخنە گرتن لە خەڵکی.

٣- خۆ ئامادەکردن بۆ دواڕۆژوو پاراستنی کاتو تەمەنو بە فیڕۆ نەدانی، وە پێچەوانەی ئەمانەش پابەند بوون بە دونیاو لە بیرچوونی دواڕۆژوو کەم زیکر کردنی خوای گەورەو بە فیڕۆ دانی کات.

٤- ساغ کردنەوەی دڵ لە حقدو فیڵو حەسادەت وە پێچەوانەکەی خەریك بوونە بەو نەخۆشیانە.

٥- تەسلیم بوون بۆ فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرﷺ بە بێ: بۆچی؟ وە چۆن؟ وە پێچەوانەکەی کەوتنە ناو شوبهەو خەتەرەی خراپ هاتن بە دڵدا.

٦- بایەخ دان بە دینو بانگەوازی بۆ کردن بۆ لای خوای گەورەو هەوڵدان لە پێناویداو خۆش ویستنی بانگەوازی کاران بۆ خێرو چاکەو دوعا بۆ کردنیانو هاوکاری کردنیان لەسەر چاکەو لەخواترسان، وە پێچەوانەی ئەوەش بایەخ نەدان بە دینو بانگەوازی کردن بۆ لای خوای گەورەو ........ هتد.

٧- ترسان لە خوای گەورەو هەست کردن بە چاودێری کردن لە ئاشکراو نهێنییەکانداو هەوڵدان بۆ تەوبە کردنو واز هێنان لە تاوان، وە پێچەوانەکەی نەترسان لە خوای گەورەو بەردەوام بوون لەسەر تاوان.

٨- ڕاستگۆیی لە قسە کردنداو پابەند بوون بە پەیمانو گێڕانەوەی ئامانەت، وە ئەمانەش بەلگەن لەسەر چاکی

نهێنییەکان چونکە پێچەوانەی ئەمانە بەریتین لە سیفەتی مونافیقو دووڕووەکان.

٩- قبولّ کردنی حەق لە هەر کەسێکەوە بێت وە پێچەوانەی ئەمەیش دەمارگیرییە بۆ کەسێك یان مناقەشە کردن لەسەر شتێکی بەتالّ یان شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو.

**بەرهەمەکانی چاکیو سەلامەتی نهێنی یەکان:.**

١- دامەزراندنی ئارامیو هێمنی لە دڵداو جێگیر بوونو وەستان لە بەرامبەر فیتنەو شوبهەو ئارەزووەکانو تاقی کردنەوەکان بە خێرو شەڕییەوە.

٢- خۆشویستنی ئەو کەسانەی کە نهێنی یەکانیان چاکە کە ئەمەیش ڕەنگ دەداتەوە لە قبولّ کردنی ئامۆژگاریو ئەمرو نهێنییەکاندا.

٣- کۆتا باشی (حسن الخاتمة) بە شێوەیەك کە سوپاس بۆ خوا نە بیستراوەو نە بینراوە خاوەنی نهێنی چاكو دڵی ساغ کۆتایی ژیانی بە خراپ هاتبێت (سوء الخاتمة).

٤- قبولّ بوونی لای خوای گەورە لە ڕۆژی دواییداو چەند جارە بوونەوەی چاکەکانیو سڕینەوەی تاوانەکانی خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا﴾ [الطلاق: ٥].

واتە: ئەوەی تەقوای خوای گەورە بکات گوناهەکانی دەسڕێتەوەو پاداشتەکەی بۆ گەورەو بێ سنوور دەکات.

وە دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ [المائدة: ٢٧] .

واتە: خوای گەورە قوربانیو چاکە تەنها لە تەقوا داران قبولّ دەکات.

٥- لابردنی ناڕەحەتیەکانو بەهاناوە هاتنی خوای گەورە بۆ بەندەکانی لە کاتی ڕوودانی بەڵاو تەنگەبەریدا وەك چۆن ئەمە ڕوویدا بۆ(أصحاب الغار).

٥- ڕێنمایی کرانو هیدایەت دان بۆ حەقو صەواب لە کاتی ئەوەی هۆشو بیر هەڵی دەبژێرێت.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

============

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

# دینی خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێت

م/ أبو بكر أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**(عبـــدالله ی کـــوڕی عـــەباس) ﷺ دەفەرمێت: ڕۆژێکیان لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ بـــووم ئامۆژگـــاری کـــردمو پێـــی فـەرمووم: (يا غلام إني أعلمك كلمـــات: احفظ الله يحفظك احفظ الله تجده تجاهـــك إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله واعلم أن الأمة لو اجتمعت علـــى أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك ولو اجتمعوا علـــى أن يـــضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبـــه الله عليك رفعت الأقلام وجفت الصحف)[1].**

**بێگومـان لـەم فەرموودەیـەدا پێغەمبـەری خوا ﷺ ئامۆژگـاری یـەکێك لـە صـەحابە بەڕێزەکانی دەکات کە ئـەویش عبـدالله ی کـــوڕی عەباســـە ﷺ ئاشـــکرایە کـــە ئامۆژگاری کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هەر کەسێك مانـای خـۆش ویـستنێتی بـۆ ئـــەو کەســـە، دەبـا ئێمـــەی بـاوەڕدارو شـوێنکەوتەی پێغەمبــەری خۆشەویــست ﷺ تــێ بگــەین وە بــزانین ئامۆژگــاری پێغەمبــەری خۆشەویــست ﷺ بــۆ ئــەم هاوەڵە بەڕێزەی چییە؟**

١- إني أعلمك كلمات: **واتە: فێری چـەند ووشەیەکت دەکەم.**

٢- إحفـــظ الله يحفظـــك: **واتـە: دینـی پەروەردگارت بپارێزە، واتە: فەرمانەکانی پـــەروەردگارت جێبـــەجێ بکــە وە دوور بکــەوەرەوە لــە قەدەغــە لێکراوەکـــان، ئەگــەر وات کـــرد ئـــەوا پـــەروەردگارت دەتپارێزێت لە هـەموو کێشەکانی دونیـا، بێ گومان یەکێك لە فەرمان پێکراوەکـانی پەروەردگار بریتییە لە نوێژ کە بەڕاسـتی پێویستە هەموو باوەڕدارێك پارێزگـاری لێ بکـاتو لـە کـاتی خۆیـدا ئـەنجامی بـداتو کەمتەرخـــەمی تیـــا نـــەکات، چـــونکە پـــەروەردگار فـــەرمانی پـــێ کـــردووین کـــە پارێزگاری لێ بکەین کە دەفەرمێت:**

---

(١) (رواه الترمذي: ٢٥١٦، وأحمد: ٢٦٦٤، وصـــححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٧٩٥٧).

﴿حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ﴾ [البقرة: ٢٣٨]٠
واتــە: ئـەی بـاوەڕداران پارێزگـاری لـە نوێــژەكان بكــەن وە كەمتەرخــەمی تیـا مەكەن، وە لە ئایەتێكی تردا دەفـەرمێت:
﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ [المؤمنون: ٩] .
واتە: ئەو باوەڕدارانەی كە پارێزگاری لە نوێژەكانیان دەكەن سەكەوتوو سەرفراز دەبن ٠
وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:
(من حافظ عليهن كن له نــورا وبرهانــا ونجاة يوم القيامة) [٢] .
واتــە: هــەر كەســێك پارێزگـــاری لــە نوێــژەكانی بكـات وە لـە كـاتی خۆیـدا ئــەنجامی بـدات، وە كەمتەرخــەمی تیـا نــەكات ئــەوا ئــەو نوێــژە دەبێـت بــە ڕوونـــاكیو ڕزگــــاری دەكـــــات لـــــە نارەحەتیەكانی ڕۆژی دوایی.
٣- إحفظ الله تجده تجاهــك: واتـە: هـەر كەسێك پارێزگاری لە دینی پـەروەردگاری بكـات ئـەوا پـەروەردگاری بـە زانسـتو زانیـاری خـۆی دەیپارێزێـت، وە سـەری دەخـات وە پـارێزراوی دەكـات لەسـەر ئایین، وە ڕێگـای ڕاسـتی نیشان دەدات، (قــەتادە) (ڕەحمــەتی خــوای لێ بێــت) دەفەرمێت: (هـەر كەسێك پارێزگـاری لـە سـنوری خـوای گـەورە بكـات ئـەوا ئـەو كەســە شـایەنی ئەوەیــە پــەروەردگاری ســەری بخــات، وە هـــەر كەســێكیش پەروەردگاری سەری بخات ئەوا بێ گومان ئــەو كەســە پێویـستی بــە هـیچ كەسـێك نابێت كە سەری بخات)٠
هەندێ لە سەلەف ئەگەر نوسراوێكیان بۆ برایــــەكیان بنوســـیایە لـــــە كۆتایــــدا دەیاننوسی: (ئەگـەر پـەروەردگار سـەرت بخـات ئـیتر لـە چـی ئەترسـیت وە گـەر پــەروەردگارت پـشتگیریت لێ نـەكات كـێ ئەتوانێت سەرت بخات).
شێخ (محمد بن صالح العثيمين) (ڕەحمـەتی خوای لێ بێـت) لـە ڕاڤـەی ئـەم ڕستـەیەدا دەفەرمێت: (خوای گەورە ڕێگای ڕاسـتو كردەوەی چاك نیشان بـاوەڕداران ئـەدات وە تووشـی شـتی باشـیان دەكـات خـوای گەورەیش دەفەرمێت:
﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ [الحج: ٣٨]٠

(٢) (رواه أحمد: ٦٥٤٠، وصححه الــشيخ الألبــاني في المشكاة: ٥٧٨) ٠

شـێخ (عبدالرحمن بن ناصر الـسعدي) لـه ڕاڤەی ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا دەفـەرمێت: (ئەمه هەواڵێکـه وه پـەیمانو مژدەیـه بـۆ بـاوەڕداران بـەهۆی باوەڕهێنانیـان وه پەروەردگار دەیانپارێزێت وه پـشتگیریان دەکـات لـه هـەموو ئـاژاوەو ناڕحـەتیو وەسوەسەی شەیتانو خراپەو خراپەکاری دونیا).

وەك له ئایەتێکی تردا دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ [محمد: ٧] .

واته: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوه بـه پـەروەردگار ئەگـەر ئێـوه بەڕاسـتی باوەڕ بهێنن، وه خـەڵکی بـانگ بکـەن بـۆ لای دینی خـوا وه مەبەسـتان ڕەزامەنـدی خوای گەوره بێت ئـەوا خـوای گـەورەیش ئێوه سەر دەخـاتو دامـەزراوتان دەکـات لەسەر ئایین، وه به دڵنیایی خوای گەوره پەیمانی داوه ئەگەر باوەڕداران کردەوەی باش ئەنجام بدەن ئەوا سەریان دەخـاتو دەیانکات بـه جێنیـشینی خـەڵکی لەسـەر زەوی:

﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ [النور: ٥٥].

٤- إذا سألت فاسأل الله: واته ئەگەر داوای پێداویستیت کرد ئەوا تەنها داوا له خـوای گـەوره بکـەو بـه هـیچ شـێوەیەك داوا لـه دروست کراوەکانی مەکه، پەروەردگاریش دەفەرمێت:

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ [غافر: ٦٠] .

واته: ئەی گرۆی ئادەمیزاد داوام لیّ بکەن بـۆ پێداویـستیەکانتان منـیش وەڵامتـان دەدەمـەوه٠ وه لـه ئایـەتێکی تـردا دەفەرمێت:

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾[البقرة: ١٨٦].

واتـه: ئەگـەر بەنـدەکانم داوای پێداویستیەکانیانم لیّ بکەن ئەوا من نزیکم لێیانـەوه(بـه بیـستن وبیـنین وزانیـاری وتوانـا)، وه وەڵامیـان دەدەمـەوه ئەگـەر دوام لیّ بکەن، پێغەمبەر ﷺ دەفـەرمێت: خوای گەوره فەرموویەتی:

(وإن سألني أعطيته)[٣].

واتـە: ئەگـەر بەنـدەكانم داوای یارمـەتیو پێداویـــستیم لێ بکـــەن ئـــەوا پێیـــان دەبەخشم.

شێخ (عثيمين) دەفـەرمێت: (ئەگـەر ئـەو کەسـەی داوای شـتێك لـە پـەروەردگاری بکات بەڵام زیانی خۆی تیادا نـەبێت ئـەوا خـوای گـەورە پێـی دەبەخـشێت، بـەڵام ئەگەر زیانی بۆ خۆی داوا کرد ئەوا خـوای گـــەورە پێـــی نابەخـــشێتو وەڵامـــی ناداتەوە).

لێرەوە دەبێت ئەوەشمان لـەیاد نەچێت کـــە ئەگـــەر داوای یارمـــەتی لـــە پـــەروەردگارمان نەکـــەین ئـــەوا پەروەردگارمان لێمان تووڕە دەبێت:

(من لا يسأل الله يغضب عليه)[٤].

واتـە: هـەر کەسـێك لـە پـەروەردگاری نەپاڕێتـەوەو هانـای بـۆ نـەبات ئـەوا پەروەردگاریش لێی تووڕە دەبێت.

٥- وإذا استعنت فاستعن بالله: واتـە ئەگـەر داوای پـشتگیریو پـشتیوانیت کـرد ئـەوا تـەنها داوا لـە پـەروەردگات بکـە، خـوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْـتَجَابَ لَكُـمْ﴾ [الأنفال: ٩].

واتـە: کاتێـك ئێـوە داوای کۆمـەكو پشتگیری ویارمـەتیتان لـە خـوای گـەورە کرد، خوای گەورەیش وەڵامتانی دایـەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(إحرص على ما ينفعك واستعن بالله)[٥]

واتە: گرنگـی بـدەن بـەوەی کـە سـوودی تێدایـە بۆتـان وە سـوور بـن لەسـەری وە پـشت بــە خــوا ببەســتن لــە هــەموو کارێکتاندا.

هـــەروەها کاتێـــك فیرعـــەون بڕیاریـــدا منداڵەکان بکوژێت پێغەمبـەر موسـی ﷺ فەرموی:

﴿قَالَ مُوسَى لِقَوْمِـهِ اسْـتَعِينُوا بِاللَّـهِ﴾ [الأعراف: ١٢٨].

موسیﷺ بە نەتەوەکـەی فـەرموو: داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکەن.

وە هەندێك لە سەلەف فەرموویانە:

---

(٣) (صحيح البخاري: ٦٥٠٢).

(٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٥٤).

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٦٦٥٠).

(یارب عجبت لمن یعرفك کیف یرجوا غیرك، وعجبت لمن یعرفك کیف یستعین بغیرك).

**واتە: ئەی پەروەردگار سەرسام بوومە لە کەسێك کە تۆ دەناسێت چۆن بە ئومێدی جگە لە تۆیە؟ وەسەرسام بوومە لە کەسێك کە تۆ دەناسێت چۆن داوای یارمەتی لە جگە لە تۆ دەکات؟.**

**٦-** واعلم أن الأمة لو اجتمعوا على أن ینفعوك بشيء لم ینفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك: **واتە: بزانە وە دڵنیابە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی بە جن ومرۆڤەوە کۆبنەوە وە بیانەوێت سودێکت پێ بگەیەنێنن ناتوانن هیچ سودێکت پێ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە تۆماری کرد بێت لەسەرت، خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرمێت:**

﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾ [التوبة: ٥١].

**واتە: ئەی محمد ﷺ بە باوەڕداران بڵێ هیچ شتێکتان توش نابێت مەگەر خوای گەورە لەسەری تۆمار کردبێتن.**

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:**

**(إن لكل شيء حقيقة وما بلغ عبد حقيقة الإيمان حتى يعلم أن ما أصابه لم يكن ليخطئه، وأن ما أخطئه لم يكن ليصيبه)**(٦).

**واتە: هەموو شتێك ڕاستییەکی هەیە، وە بەندە ناگاتە ڕاستێتی باوەڕ تا باوەڕی وا نەبێت کە ئەوەی کە توشی بووە بۆ ئەوە نەبووە کە هەڵە بکات ولەم لادات، وە ئەوەی کە لەمی لاداوە بۆ ئەوە نەبووە کە توشی بێت.**

**٧-** ولو اجتمعوا على أن یضروك بشيء لم یضروك إلا بشيء قد كتبه الله علیك:

**واتە: بزانە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی بە(جن)و مرۆڤەوە کۆببنەوە وە بیانەوێت زیانت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن مەگەر زیانت بە شتێك پێ بگەیەنێن مەگەر پەروەردگارت لەسەرت تۆماری کرد بێت.**

**خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرمێت:**

﴿مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا﴾ [الحديد: ٢٢] .

---

(٦) (رواه أحمد: ٢٦٩٤٤، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة:٢٤٧١)

واته: هیچ ڕووداوێك نییه كه تووشتان دەبێتو یەخەتان دەگرێت لەسەر زەوی یاخود لە خۆتاندا ئەوا بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لەسەرتان نوسیوێتی لە(لوح المحفوظ)دا تۆمار كراوە پێش ئەوەی كە توشتان دەبێت، كەواتە دەبێت باوەڕدار ئەو ڕاستیە بزانێت كە هەر ڕووداوێك ڕوودەدات ئەوا ویستی خوای گەورەی لەسەرە، وە دەبێت ڕازی بێت بەو ڕووداوە، چونكە زۆر ڕووداوو ناخۆشی ژیان هەیە كە تووشمان دەبێت خێری ئێمەی تێدایە بەڵام ئێمە هەستی پێ ناكەین:

﴿وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢١٦].

٨- رفعت الأقلام وجفت الصحف: واتە: بە دڵنیایی ئەوەی پەروەردگار لەسەری تۆمار كردوون كۆتایی پێ هاتووە، وە لە (لوح المحفوظ) دا هەڵگیراوە بە هیچ شێوەیەك ووتەی پەروەردگار گۆڕینی تێدا نییە:

﴿لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ﴾ [يونس: ٦٤]٠

جابری كوڕی عبداللە ﷺ دەفەرمێت: (كابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ پاشان ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایینی ئیسلاممان بۆ ڕوون بكەرەوە ئایا ئێمە چۆن كردەوەی باشو خراپ بكەین لە كاتێكدا كە قەڵەم هەموو شتێكی نووسیوەو مەرەكەبەكەیشی ووشك بۆتەوە وقەڵەمیش هەڵگیراوە، یان لەمەو دوا هەر كەسەو بە ئارەزووی خۆی كردەوەی باشو خراپ دەكات؟ پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵامی دایەوەو فەرمووی: نەخێر بەڵكو لەوەدا كردەوەی باشو خراپ دەكرێت كە قەڵەم تۆماری كردووە وە قەزاو قەدەر بڕیاری لەسەر داوە ٠ كابراكەیش ووتی: كەواتە بۆچی كردەوە بكەین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی كردەوەی باشو چاك بكەن هەر كەسێك بۆچی بەدیهێنرابێت هەر ئەوەی بۆ ئاسان دەكرێت)[٧].

بێگومان فەرموودەی تر زۆرە لەسەر ئەم بابەتە بەڵام لێرەدا ئەم فەرموودەیە بەسە:

(٧) (رواه مسلم: ٢٦٤٨)

﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى﴾ [الليل: ٥-١٠].

واتە: هەر کەسێك ماڵ ببەخشێو لەخوا بترسێتو لەکاری خراپ خۆی بپارێزێتو بڕوای بە پاداشتی ڕۆژی دوایی هەبێت ئەوا ئەو کەسە چاکەی بۆ ئاسان دەکرێت وڕێگای ڕاستی نیشان ئەدرێت، بەڵام ئەو کەسەی ڕەزیلی بکاتو خۆی بێ نیاز بزانێت وە بڕوای بە پاداشتی ڕۆژی دوایی نەبێت ئەوا ئەو کەسە زوو ڕێگای خراپە کردنی نیشان ئەدرێت[٨].

نمونە: خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمێت:

﴿لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾ [القدر: ٣].

واتە: شەوی قەدر باشترو چاکترە لە بەندایەتی هەزار مانگ ٠

بەڕاستی ئەم بەندایەتییە هەموو کەسێك ناتوانێت ئەنجامی بدات مەگەر کەسێك بۆ خوا صولحا بێت، کەواتە هەر کەسێك ئەو شەوە زیندوو نەکاتەوەو بەندایەتی بۆ خوا نەکات ئیتر چۆن ئەو پاداشتە گەورەیەی دەست ئەکەوێت، بەڵام باوەڕداری ڕاستەقینە باوەڕەکەی پاڵی پێوە دەنێتو زیندووی دەکاتەوە، کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ [النساء: ٤٠].

## سەرچاوەکان

القرآن الكريم

شرح أربعين النووي: للشيخ محمد بن صالح العثيمين.

القضاء والقدر: الدكتور سليمان الأشقر.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

---

(٨) بۆ زیاتر شارەزا بوون بڕوانە پەڕتووکی: (القضاء والقدر) الدكتور(سليمان الأشقر).

# تاوانبارکردنی شوێن کەوتوانی حەق بەناحەق

م/ عبدالكريم محمد قادر
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی

## بسم اللّه الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

کاتێك خوای گەورەو میهرەبان بەرنامەی حەقی ناردە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هەرلەو کاتەوە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە موسڵمانان بە ڕاستی شوێنی ئەو بەرنامە پاکو جوانە کەوتبوونو بە ئیختیاری خۆیان وە بە یەقینو قەناعەتەوە ئەو ئیسلامەیان قەبوڵ کردو دەعوەو بانگەوازیان بۆی کرد، هەر لەو کاتەوەو تا ئێستاو تا قیامەتیش کۆمەڵە کەسانێك پەیدا بوون کە بوختانو قسەی ناشیرینو سوکیان بە شوێن کەوتووانی حەق دەووتو درۆو بوختانیان بۆ هەڵدەبەستن، دیارە نمونە گەلێکی زۆر هەن کە ڕاستێتی ئەم بابەتەمان بۆ دەردەخات دیارە دیارترین کەسانێکیش کە زۆر بوختانو قسەیان پێ ووترارەو دەوترێت ئیمامە بەڕێزەکانی ئەهلی سوننەو قوتابیەکانیانن، لەبەر ئەوەی بەردەوام ئیمامە بەڕێزەکانی ئەهلی سوننە بەرنامەی حەقو ڕاستی ئیسلامیان وەکو خۆی گەیاندووە بە قوتابیەکانیان ولەسەر ئیسلامی ڕاستەقینە پەروەردەیان دەکردن ئەمە جگە لەوەی بەرامبەر قوتابیەکانیان بەو شێوەیە بوون بەرامبەر موسڵمانانیش هەمان هەڵوێستو گوفتاریان هەبوو، وە بەردەوام بەرامبەر موخالەفاتەکانی دین

لــــه هــــەمو كـــاتو ســـەردەمێكدا وەسـتاونەتەوەو بـە قورئـانو سـوننەتی ڕاستی پێغەمبەری خـوا ﷺ بـەر پەرچـی ئەو موخالەفاتانەیان داوەتـەوە، هەمیشە پارێزگارییـان لـەو ئیسلامە پـاكو جوانـە كردووە لە هـەر بارێكدا بووبێت، لـەكاتی خۆشـــیو ناخۆشـــیدا لـــە كـــاتی دەوڵەمــەنێتیو هەژاریـدا وە لــە كــاتی گـــرتنو ئـــازارو ئەشـــكەنجەدا هـــەمان هەڵوێستو هـەمان مـەوقیفیان بەرامبـەر قورئانو سوننەت هەبووە (ڕەحمەتی خوا لـە هـەموویان بێـت)، ئیمـای (الـــذهبي) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) لـە كتێبـی: (ســير أعـــلام النـبلاء ) لـە بـەرگی(١٣) لاپەڕە(١٧٤)دا دەفەرمێت بە(عبدالوهابی كـوڕی الوراقيــان) ووت، ئەگــەر هــاتوو كەسـێك قـسەی ووت بـە(أبي طالـــب و مروزي) كە دوو قوتابی ئیمام ئەحمـەدن (ڕەحمەتی خوایان لێ بێـت) وە ئیسلامی ڕاسـتەقینەیان لــە ئیمـامی ئەحمــەدەوە وەرگرتـــووە ئایــا لـــەو كەســـە دوور بكەوینەوە باشتر نییـە؟ فـەرمووی: بـەڵێ دووركەوتنـەوە باشـترە چـونكە ئەوانـەی ئەو قسەیە دەكەن ناوەڕۆكیـان ناڕاسـتەو نیەتیان خراپە، وە كاتێك قسە دەكرێت بـــە قوتابیــــەكانی ئیمـــامی ئەحمــــەد مەبەســـتیان خـــودی ئیمـــام ئەحمــــەدە (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) ئـەم ئسلوبە واتە قسە ووتـن بـە قوتابیـەكانی ئیمـامی ئەحمــەدو مەبەســتیان خــودی ئیمــامی ئەحمەدە ئەوا شتێكی ڕوونو ئاشكرایە، ڕێگەیەكە كەسانی ئەهلی بیدەع دەیگرنـە بەر بۆ تانەدان لە زانایانی ئەهلی سوونەو هــەڵگری سـوننەتی پێغەمبـەرﷺ كـە بـە ڕاستی بـانگی خـەڵكی دەكـەن بـۆ شـوێن كــەتنی ســوننەتی پیغەمبــەر ﷺ وە بــە ڕاسـتی نیـشانەن بـۆ ڕۆشـن كردنـەوەی ڕێگــەی پێغەمبــەری خــوداﷺ بــە حــەق، بەڵام ئەوانەی كە مەنهـەجێكی تێكـەڵ لـە حــەقو بــەتاڵیان هەیــەو گــومڕانو تانــەو قسە ووتـن بـە زانایـانو شـوێن كـەوتوانی حەق بۆتە وویـردی سـەر زمانیـان بیریـان لــەوە كردۆتــەوە لەكــەدار كردنــی شــوێن كــەتوانی حــەق بــەوە باشــە بۆیــان كــە خــەڵكیو موسـڵمانان دووربخەنــەوە لــەو زانایانەی كە بە ڕاستی خزمەتی سوننەتی پێغەمبــەری خوایــان ﷺ كــردووە بــە هەستی خۆیـان گـەر بێـتو ئـەمان تانـەو

قسە بە حەق‌و شوێن کەوتوانی حەق بڵێن ئیتر خەڵکی حەقیان لا سووک دەبێت‌و ئیتر ئەمانیش چۆنیان بوویێت ئاوها لە خەڵکی بکەن، بۆیە (ئەحمەدی کوڕی حسن) یەکێکە لە زانایان بە ئیمامی ئەحمەدی فەرموو: لای (ابن قتيلة) کابرایەك هەبوو لە مەککە دادەنیشت لە زەمانی ئیمامی ئەحمەددا ئەم قسەیەیان ووت: ووتیان ئەو کابرایە باسی شوێن کەوتوانی حەدیس دەکات بە خراپەو دەڵێت شوێنکەوتووانی حەدیسی پێغەمبەرﷺ قەومێکی خراپن کاتێك ئیمامی ئەحمەد گوێی لەم قسەیە بوو هەستایە سەر پێ‌و جلەکانی تەکاندو هەستاو ڕۆیشت‌و فەرمووی: (زنديق زنديق) فەرمووی: هەرکەسێك ئەو قسەیە بکات زەندیقە، پاشان چووەوە بۆ ماڵ (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (مجموع الفتاوى) دا دەفەرمێت: (ئەو قسەیەی ئیمامی ئەحمەد ئەوە دەگەیەنێت کە ئیمام زانیوویەتی ئەهلی اهوء مەبەستیان چییە کاتێك قسە دەڵێن بە شوێن کەتووانی پێغەمبەر ﷺدەڵێ بەڕاستی چاك لێیان تێگەیشتووە ڕەحمەتی خوا لە ئیمامی ئەحمەد بێت جا ئەوەی قسە دەڵێت بە شوێنکەوتوانی حەق بە ڕاستی کەسێکە لای داوە لە کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەرﷺبەڵام زانایانی ئەهلی سوننەو شوێن کەوتوانی بەڕاستی ڕێز دەگرن لە شوێن کەوتوانی حەق‌و خۆشیان دەوێت بۆیە ئەمەیە حەق لای ئەهلی سوننە بۆیە ئیمای (قتيبەی کوڕی سعيد) لە کتابی (الإيمان) دا دەفەرمێت: ئەگەر پیاوێکت بینی خۆشەویستی هەبوو بۆ (سوفیانی ثوري و مالیکی کوڕی ئەنەس‌و ئەوزاعی‌و شافعی) -ئەمانە وەك چەند نمونەیەك- وە بزانە کە ئەو پیاوە ئەهلی سوننەیە، چونکە کەسانێکی خۆش دەوێت ئەهلی سوننەن. هەروەها(خطيب البغدادي) لە کیتابی (الكفاية)دا بۆمان نەقڵ دەکات‌و دەفەرمێت: (ابو ذرعة راضى) دەفەرمێت: ئەگەر دیت کەسێك سوکایەتی دەکات بە یەکێك لە ئەصحابەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بزانە ئەو کەسە زندیقە لەبەر ئەوەی ئێمە پێغەمبەری خوا ﷺبە حەق دەزانین‌و کەللامی خودایش بە حەق دەزانین، وە ووتەکانیشیان بە حەق

دەزانـــین، باشـــە ئەگـــەر ئەصـــحابە بەڕێزەکان ﷺ نەبوونایە کێ ئەم حەقەی بە ئێمە دەگەیاند، ئەگەر ئەوان بۆمانیـان بـاس نەکردایـە کـێ فێـری دەکـردین کـە حەقو ناحەق و باشـەو خراپـە، لێك جیا بکەینـەوە، پاشـان فـەرمووی: ئـەهلی ئـارەزوو ئـەهوا دیانـەوێت شـاهێدەکانی ئوممـەتی محمـدﷺ برینـدار بکـەن واتـە: ئەصحابە ﷺ بەڵام حەقە خۆیان لەکەدار بکـرێن چـونکە ئەوانـە لایـان داوە لـە مەنهەجی پێغەمبەرﷺ کەواتـە برایـان بـا چـاك بـزانین تانـەدانو قـسە ووتـن بـە زانایـانو قوتابیـەکانیان مەبەسـتیان پـێ شەخصی خۆیان نییە، بەڵکو مەبەسـتیان پێی تانە دانە لە مەنهەجیان کە مەنهەجی پێغەمبەرەﷺ مەبەستیان پێ ئەوەیە کە دەعـوەی حـەق وەك خـۆی نەمێنێتـەوەو خـەڵکی لەسـەر ڕێگـای ڕاسـت چەواشـە بکرێت ئەوە مەبەستی سـەرەکیانە، بۆیـە ئیمـامی ئەحمـەد لـە ووتەیـەکی تـردا دەفەرمێت: ئەگەر بێتو پیاوێك تانە بدات لە (حمادی کوڕی سلمة) چاك بزانـە ئـەوە دەسـتێکەو دروسـت کـراوە بـۆ ئـەوەی ئیـسلامی پـێ لەکـەدار بکرێـت، چـونکە (حمادی کوڕی سلمة) زۆر توندو تیژ بـووە بەرامبەر ئەهلی بیدەعو خیانەت کاران لـە مەنهـەجی پێغەمبـەر ﷺ ئـەهلی بیـدەع بەرامبەر زانایانو قوتابیەکانیان لە کۆنـدا ئەوە هەڵوێستیان بووە، شوێن بـە شـوێن ئەوانـــداو بـــەدوای مەنهـــەجی ئەوانـــدا تانەدانو قسە ووتنو بوختـان هەڵبەسـتن بۆ زانایانی ئەهلی سـوننە لـەم ڕۆژگـارەدا بۆتە شتێکی باو لـەناو شـوێن کـەوتووانی ئەهلی بیدەعدا وەکو تانـەدان لـە (شـیخ الإسلام ابن تيمية وابن القيم وبن بازو شيخ الألبـاني وشـيخ العثـيمين)، (ڕەحمـەتی خوایان لێ بێـت) وە لـە وێنـەی ئـەوان وە تانـەدان لـە قوتابیـەکانیان وەکـو ئـەوەی دەڵێن ئەمانە بە کـرێ گـیراوی حکومـەتن یان بێ ئاگـان لـە بـارودۆخی ڕۆژگـار یـان ترسنۆکن لە کاتێکدا ئەم زانا پایە بەرزانە لـــە هـــەوڵی بەردەوامـــدا بـــوون بـــۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری هـەردوو وەحیەکـە (قورئـانو سـوننەت) ئەگـەر ئـەوان پێـی بـزانن ئـــەوە تانەدانـــە لـــە ســـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ وەتانەدانـە لـە سـوننەتو دەعـوەی پێغەمبـەرەﷺ چـونکە زانایـان میراتگـــری پێغەمبـــەرانن، میراتـــی

پێغەمبەرانیش بریتی بووە لە جێ هێشتنی زانستو زانیاری كە ئەمانیش پارێزگاری ئەو زانیاریانەنو دەیگەیەنن بە شێوەیەكی ڕاستو دروست (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) كەواتە ئەو تاریكایەی كە دەیبینین لە لایەن تانەدارانەوە بەرپا كراوە پێویستە پێشی پێ بگرین، وە پێویستە كەسانێكی دڵسۆزو خەمخۆرو ڕاستگۆ لەگەڵ دینی خودا لە موسڵمانان هەبن تا بەردەوام بەرپەرچی قسەو تانەو تەشەرەی ئەهلی بیدەع بدەنەوە، وە هەڵەو كەمو كورتیەكانیان بۆ خەڵكی باس بكەن تا موسڵمانان لێیان دوور بكەنەوەو بە قسەو هەڵسوكەوتیان هەڵنەخەڵەتێن، ئەهلی بیدەع هەموو ڕەێگەیەك دەگرنە بەر بەرامبەر شوێن كەوتوانی حەق بە تایبەتی زانایانو قوتابیەكانیان بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵكی سوكیان بكەن جا بە قسە پێ ووتن بێت یان بە نووسین بێت لەسەریان وەك ئەو نامیلكەیەی لەسەر (شێخ بن باز) نوسراوە كە گەلێك درۆو تانە دراوەتە پاڵی كە ئەو لێی بەرییە، وە هەر لەو نامیلكەیەدا وەعدی ئەوە دراوە كە لەسەر (شێخ ئەلبانی) بنوسرێت (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خوا دەزانێت چەندێ تانەو تەشەرە ئاراستەی دەكرێت لە كاتێكدا (شێخ ئەلبانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو كەڵە پیاوەی ئیسلام كە بۆ ماوەی(٦٠ساڵ) خزمەتی سوننەتی پێغەمبەری خوایﷺ كردووە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم پیاوە لە خزمەت كردن بە ئیسلام بێزار نەبووەو تەوقەی لەگەڵ هیچ تاغوتو ستەمكارێكدا نەكردووەو لەسەر سفرەیان نانی نەخواردووە، كەچی تانەداران ئەم پیاوەو هەموو زانا پایە بەرزەكانی شوێن كەوتەی حەق بە پیاوی سوڵتەو ترسنۆكو باوەش كردوو بە دونیادا ناوزەند دەكەنو لە كەسایەتیو حورمەتو ڕێزیان دادەگرن، یەكێك لە قوتابیەكانی خۆی كە ماوەی بیستو ئەوەندە ساڵ لەگەڵیدا بوو دەڵێت: ڕۆژێكیان لە شێخم پرسی تۆ تاكو ئێستا لەگەڵ هیچ تاغوتێكدا تەوقەت كردووە؟ پێمی فەرموو: نەخێر، ووتم: تا ئێستا لەگەڵ هیچ تاغوتێكدا نانت خواردووە؟ فەرمووی: نەخێر پاشان پەلاماری دەستیم داو ویستم ماچی بكەم بەلام

نەیهێشت، ووتم: بە ڕاستی حەقە ئەو دەستە ماچ بکرێت کە لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا تەوقەی نەکرد بێتو لەسەر سفرەی نانی نەخواردبێتو لەگەڵ هیچ تاغوتێکدا هەنگاوی نەنابێت، بەڕاستی سەیرە کە لەم ڕۆژگارەدا لێرەو لەوێ دەیبیستین کە هەندێ گەنجی نەزانو هیچ نەدیوو جنێو دانو تانە لێدانیان لەم پیاوە بەڕێزەیان کردوە بە پیشە، بێگومان بە تەوجیهاتی سەرەوەیان ئەم ڕەوشتە فێر بوونە ئێمە دوعا بۆ ئەو گەنجە پاكو جوانانە دەکەینو لە خوا داواکارین کە خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ڕێگای ڕاست بەڵام تێ ناگەین بۆ دەبێت جنێو بەم کەڵە پیاوانە بدرێت!؟ لە پێناو چیدا؟! چی زیانێك لەو پیاوە بەڕێزانە دەکەوێت؟ وە پاشان چ زیانێك دەدرێت لە ئیسلامو شوێن کەوتوانی حەق بە ڕاستی کارەکەیان بێ سودە چونکە وەعدی خوایە کە دەبێت ئەوەی حەقو ڕاستە سەربکەوێتو ئەوەی خراپە دەبێت ژێر بکەوێت، جا هەرچەندە دۆستو دوژمنی ئەو بڕیارە ئیلاهیە زۆربن، بەڕاستی تانەدان لەم کەڵە پیاوانە(شیخ ابن بازو، شیخ الألباني، شیخ العثيمين)و وێنەی ئەوانیش لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر کار بەناو ئیسلامەوە دەکرێت لە کاتێکدا ئیسلام لە هەموو ئەو کارانە بەرییە، ئەم پیاوە بەڕێزانەیش هەڵدەستان بە ڕوونکردنەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو بە خەڵکیان ڕادەگەیاندو لە کۆڕو موحازەرەکاندا باسیان دەکردو نامیلکەیان لەسەر دەنووسیو بڵاو کرایەوە بەڕاستی وەك گورزێکی کوشندە زیانی دەگەیاند بە ئیشو چالاکیەکانی ئەهلی بیدەعو لەکاری دەخستن، ئەهلی بیدەعیش بەم کارەی ئەم کەڵە پیاوانە زیانیان لێ دەکەوتو خەڵکیان لێ دوور دەکەوتەوە بۆیە ئەمانیش زۆر بە شێوەیەکی بێ ویژدانانە کەوتنە تانەو توانج دان لەم پیاوانەو هەزارەها بوختانو درۆو قسەی نابەجێیان بۆ هەڵبەستن بۆ ئەوە خەڵکی لێیان دوور بکەوێتەوەو گوێ بۆ قسەیان نەگرن، لەپاش مردنیشیان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) کۆتاییان بەم کارەیان نەهێناوەو بەردەوامیش دەبێت تا ڕۆژی قیامەت، لەگەڵ هەموو ئەم کارە

ناشیاوەیان کە بەرامبەر ئەم کەڵە پیاوانە دەیکەن هێشتا ناتوانن بە شێوەیەکی یەکجارەکی دەست بەرداری قسەو فەتوای ئەم پیاوە بەڕێزانە بن، لە لایەکەوە قسەیان پێ دەڵێن‌و لە لایەکەوە ئیعتیماد دەکەنە سەر قەول‌و قسەو فەتواکانیان‌و قسەکانیان، هەڵبەت ئەو قەول‌و فەتواو کتابانەی کە خزمەتی خۆی‌و کۆمەڵەکەی دەکات، لەم کاتانەدا شێخ‌و عالم‌و زاناو موجتەهیدن‌و لەو لاشەوە ترسنۆک‌و خزمەتکاری سوڵتەو بەکرێ گیراون، سبحان الله لەم ویژدان‌و ئینسانیەت‌و موسڵمانێتییە !.

تاوانبار کردنی شوێن کەوتوانی حەق بە ناحەق لەو کاتەوەی ئیسلام هاتووە دەستی پێ کردوەو تا ڕۆژی قیامەتیش بەردەوام دەبێت، بەڵام هەمیشە ئەوانەی خۆیان بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرﷺ دەزانن لە خوشک‌و برایانی موسڵمانم حەقە چاك شارەزا بن لە هەڵوێستی ئەو زانایانە بەرامبەر ئەو کارانەی کە لە جیهاندا دەکرێت بە ناو دینەوەو موخالەفەی ئیسلامە، هەروەها حەق وایە چاك تێ بگەین بەرامبەر ئەو کارانەی کە ئەهلی بیدەع ئەنجامیان دەدەن بەرامبەر ئەم کەڵە پیاوانە بۆ ئەوەی بەڕاستی زانا پایە بەرزەکانمان خۆش بوێت‌و پشتگیریان بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر ئەهلی بیدەع‌و شوێن کەوتوانیان بناسین‌و خۆمانیان لێ بپارێزین، ئەم سێ پیاوە بەڕێزەو وێنەی ئەمانیش فەتوایان لەسەر کۆچ کردن بۆ وولاتی کافران‌و مانەوە تێیدا بە بێ عوزرێکی شەرعی بە حەرام دەزانن، بەڵام سەیرە ئەوەی قسە بەم کەڵە پیاوانە دەڵێت خۆی لە وولاتی کوفردا ئیقامەی وەرگرتووە لەگەڵ ئەهلی ئەو وولاتەدا دەژێت لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

**(أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين . قالوا يا رسول اللهﷺ ولم؟ قال لا تراءى نارهما)**[1].

واتە: من بەریم لە هەموو موسڵمانێ کە نیشتەجێیی هەڵبژێرێت لە نێوان هاوبەش

---

(١) (رواه أبوداود والترمذي والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٢٦٤٥، وصحيح سنن الترمذي: ١٦٠٤، وصحيح سنن النسائي: ٤٤٤٨، والسلسلة الصحيحة: ٦٣٦) .

پەیداکەران، دەبێت ئەوەندە لە یەکتر دوربن ئاگری یەکتری نەبینن.

زۆر سەیرە لەو لاوە قسە بە ئەوان دەڵێن و لەو لاشەوە ڕازییە لە وڵاتی جولەکەو گاوردا بژیءو ژیانیان لەگەڵدا بەسەر ببات.

ئەرە خوشکان و برایان حەقیتی وادەبێت؟! شوێن کەوتنی حەق وا دەبێت؟! ئیدیعا کردن و بانگەشە کردن بۆ شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەرﷺ وا دەبێت؟!

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم بە چاکی لە حەق تێگەیشتبێتین و کاری پێ بکەین چونکە هاوکێشەی پرسیارەکان ئاڵۆزو دۆزینەوەو جیا کردنەوەی حەق لە ناحەق زۆر ئەستەم بووە، بۆیە داواکارین لە خوای گەورە کە زیاتر هیدایەتمان بدات بۆ سەر حەق و کار کردن پێی، وە بمانکات بە برای ڕاستەقینەی یەکترو وامان لێ بکات لەیەکتر تێ بگەین پێش ئەوەی بڕیار بدەین، وە ئیصلاحمان بکات بۆ کاری چاکەو تەوفیقمان بدات بۆ هەموو قسەو کارێکی خێر.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

# سەلەفییەتی ئەمڕۆ هەڵهێنجراوی بیروڕای پێشەوای مەزهەبەکانە نەک مەزهەبێکی تازە بێت

ئەم بابەتە پوختەو کورت کراوەی پەرتوکی (اعتقاد الأئمة الأربعة)یە.

لە ئامادەکردنی: م/ خالد أحمد مصطفى.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين و الصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

أما بعد:

ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە ئەوەیە جارجار دەبیسترێت و بەرچاو دەکەوێت کە گوایە سەلەفیەتیش دینێکی تازەیە وگروپێکی حیزبیەو هیچ پەیوەندییەکی بە بیروباوەڕو مەنهەجی پێشەوایانی ئیسلامەوە نییە، وە بە تایبەت دەبیستین کە دەگوترێت سەلەفیەت جیایە لە بیرو باوەڕی پێشەوا مەزهەبییەکان .

جابۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ڕاستی ئەم جۆرە قسەوباسە دروست کراوانەی بۆ دەربکەوێت بە پشتیوانی خوا بیروڕای چوار پێشەوا مەزهەبیەکان بەکورتی باس دەکەین لە ڕوانگەی بیروباوەڕو مەنهەجەوە، وەگومانیشی تێدا نییە بیرو باوەڕی ئەوانیش هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بیروباوەڕی پێشەوایانی تابعین و هاوەڵانرضي الله عنهم وەلەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت.

وەزیاتر تیشك دەخەینە سەرلایەنی باوەڕ بەخواو ناوو سیفاتەکانی، وە کرۆکی واتای ئیمانە لای هەر یەکێکیان، وەهەروەها هەڵوێستیان بەرامبەر عیلمی کەلام و ئەهلی کەلام" ئەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی وریچکە کەلامیەکان.

شيخ الإسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(... بەڵام پەروەردگار بەڕەحمی خۆی بەبەندەکانی وای نەکردووە

کەپێشەوایانی ئەم دینە ناکۆك ودژ بەیەك بن لەبنەما سەرەکییەکانی دیندا، بەڵکو هەمویان دژایەتی ئەهلی کەلامیان کردووە (لە جەهمییەکان) لەبارەی بیروباوەڕیان بەرامبەر قورئان وەواتای ئیمان وسیفاتەکانی خودا ٠

هەمویان یەك دەنگن لەسەر ئەو بیروباوەڕەی - کە سەلەفیەتی ئەمڕۆ لەسەریەتی - کە خودا مان لە دوا ڕۆژدا دەبینرێت وقورئان کەلامی خوایەو دروست کراو نییە، وەئیمانیش پێویستی بە تەسدیقی دڵ وزوبان هەیە و.... )[1]

وەپرسیار لە شێخ الإسلام ئیبن تەیمیە کرا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی بیروباوەڕی ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی:

(( بیروباوەڕی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەمان بیروباوەڕی پێشەوایانی سەلەفە لەوێنەی مالك و ثوری و ئەوزاعی وابن مبارك واحمد بن حنبل واسحاق بن راهویە، وە هەمان بیروباوەڕی (فضیل بن عیاض) وأبوسلیمان الدارانی و سهل التستری وهاوەڵانیانن، وەهیچ جیاوازیەك نییە لەنێوانیاندا لەبنەماکانی دین دا، وە ئەو پێشەوایانە هەمان بیروباوەڕی هاوەڵانی پێغەمبەریان ﷺ هەبووە بەگوێرەی قورئان و سوننەت))[2]٠

جا بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست– زیاتر دڵنیا بێت لەووتە بەنرخەکانی شێخ الإسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، گوڵبژێرێك لە فەتواو ووتە گرنگەکانی ئەم پێشەوایانە دەکەین کەئەمانیش پێشەوا مەزهەبیەکانن (ئەبو حنیفە، مالك، شافعی، أحمد) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، بابزانین چ بیروباوەڕێکیان هەبوە؟ وە ئایا سەلەفییەتی ئێمەی ئەمڕۆ جیاوازە لەوەی ئەوان؟ وە بابزانین هەڵوێستیان چۆن بووە بەرامبەر عیلمی کەلام .

وەبۆ ئەوەی بابەتەکە زۆر درێژ نەبێتەوە تەنها تیشك دەخەینە سەر چەند لایەنێك لە بیروباوەڕیان کەئەمانەن:

١. تەوحید.
٢. ناوو سیفاتەکانی پەروەردگار.
٣. مەفهومی ئیمان.

(١) (كتاب الإيمان: ٣٥٠ -٣٥١).

(٢) (مجموع الفتاوى: ٥-٢٥٦).

٤. هەڵوێستیان بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ.

٥. نەهی كردنیان لە عیلمی كەلام و ناكۆكی لە دیندا.

## بیروباوەڕی ئیمام ئەبوحەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

### یەكەم / تەوحید لەڕوانگەی بیروباوەڕی ئەبوحەنیفە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

أ- بیروباوەڕی ئیمام ابو حنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەخوا بەتەنها دانان (توحید اللە) وە جیاكردنەوەی تەوەسولی شەرعی لە تەوەسولی بیدعی:

١- ئیمام ئەبو حەنیفە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دروست نییە بۆ كەس هاوار بكاتە خوا تەنها بەم شێوازە نەبێت كەڕێمان پێدراوەو فەرمانمان پێ كراوە، كەبەناوە پیرۆزەكانی هاواری بكەینێ وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا﴾ [الاعراف: ١٨٠])[٣].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (حەرامە كە نزاكار لەپاڕانەوەكەیدا بڵێت: داوات لێ دەكەم بەهەقی فلانە كەس، یان بۆخاتری پێغەمبەرﷺ، یان بۆخاتری كابەی پیرۆز، یان مانگە پیرۆزەكان یان...)[٤].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (دروست نییە كەهاوار بكرێتە خوا تەنها بەناوە پیرۆزەكانی نەبێت، نابێت بۆخاتری كەسی تێدا بێت، وەدروست نییە بڵێیت بۆخاتری عەرشی گەورە، یان بۆخاتری دروست كراوەكان....)[٥].

### دووەم/ بیروباوەڕی ئەبو حەنیفە لە چەسپاندنی سیفاتی خوای گەورە، وە بەرپەرچ دانەوەی جەهمیەكان:

١- دەفەرموێت: (پەروەردگارمان وەسف ناكرێت بەوەسفی دروستكراوەكان. وەتوڕە بوون و ڕەزامەندی خوای گەورە (الغضب والرضا) دوو سیفەتی پەروەردگارن و بەبێ چۆنێتی، وەئەوەیش ڕای ئەهلی سوننەت و جەماعەتە كە پەروەردگارمان توڕە دەبێت وەڕازیش دەبێت، وەناگوترێت توڕە بوون بریتیە لە سزا، وەڕازی بونیشی

---

(٣) (الدر المختار: ٦/٣٩٦-٣٩٧).

(٤) (شرح العقیدة الطحاویة: ٢٣٤).

(٥) (نصب الرایة: ٤/٢٧٢).

واتا ئەجر و پاداشت، بەڵكو وەسفی دەكەین هەروەكو چۆن خۆی وەسفی خۆی دەكات: (أحد، صمد، لم يلد، ولم يولد، ولم يكن لة كفوا أحد) وەزیندووە وبەتوانایە وبیسەرە وبینەرە وزانایە، وەدەستی هەیەو بەڵام لە دەستی دروست كراوەكانی ناچێت، وەهەروەها ڕووی هەیە بەڵام لە ڕووی دروست كراوەكانی ناچێت)[٦].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (پەروەردگارمان ئەم سیفەتانەی هەیە: (دەست، چاو، نەفس)هەروەكو چۆن لە قورئاندا باس كراوە، بەڵام بەبێ پرسیار كردن لەچۆنێتی (كیف)وەنابێت بڵێین دەست بەمانای دەسەڵات ونیعمەتە، چونكە ئەمە لەناو بردنی سیفەتێكی پەروەردگارەو تاوانێكی گەورەیە وئەمە قسەی ئەهلی قەدەرو موعتەزیلەیە)[٧].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (پەروەردگار لەسەرمانەوەیەو لەدوعاكانماندا ڕوو لەسەرەوە دەكەین نەك لە خوارەوە چونكە خوارو وەسفێكی ناتەواوە بۆ پەروەردگار)[٨].

٤- هەروەها دەفەرموێت: (سیفەتەكانی پەروەردگار جیاوازن لەسیفەتی دروستكراوەكانی، عیلمی هەیە بەڵام جیاوازە لەعیلمی ئێمە، هەروەها تواناو بینین وبیستن وقسەكردنی هەیە بەڵام جیاوازە لەهی ئێمە)[٩].

٥- هەروەها دەفەرموێت: (هەر كەسێك بڵێت: من نازانم خودا لەئاسمانە یان لەزەویە، ئەوا كافر دەبێت، وەهەمان تاوانی هەیە ئەگەر بڵێت: من دەنازانم لەسەر عەرشە بەڵام نازانم عەرش لە ئاسمانە یان لە زەوییە )[١٠].

٦- هەروەها دەفەرموێت: (وە قورئان كەلامی خوایەو لەپەڕاوەكاندا نوسراوەتەوەو لەدڵەكانیشدا پارێزراوە، وە بەزمانیش دەگوترێت، بۆ سەر پێغەمبەریش ﷺ دابەزیوە)[١١].

٧- هەروەها دەفەرموێت:

---

(٦) (الفقه الأبسط: ٥٦).

(٧) (شرح العقيدة الطحاوية: ٢/٤٢٧).

(٨) (الفقه الأبسط: ٥١) .

(٩) (الفقه الأكبر: ٣٠٢) .

(١٠) الفقه الأبسط: ٤٦) .

(١١) (الفقه الأكبر: ٣٠١) .

(قورئان دروست کراو(مخلوق) نییە)[١٢].

سێیەم /بیروباوەڕی ئەبو حەنیفە دەربارەی (ئیمان):

١- هەروەها دەفەرموێت:

( ئیمان بریتیە لەئیقرارو تەصدیق)[١٣].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (ئیمان بریتییە لەئیقرار بە زمان وە تەسدیق بە دڵ...)[١٤]

٣- هەروەها دەفەرموێت:

( ئیمان زیادوکەم ناکات و گۆڕانی بەسەردا نایەت)[١٥].

وە دیارە ئەبوحنیفە لەمەسەلەی بیرو باوەڕدا بەهەڵەدا چووە و ڕەئی جیاوازە لەگەڵ هەموو پێشەوایانی تری هاوچەرخی وەپێش خۆی ودوای خۆی، چونکە ئەم پێی وایە کەئیمان زیادو کەم ناکات وئیمانی هەموو موسڵمانێك وەکو یەکە، وە پێشی وایە کەکردەوەکان ناچنە ناو بازنەی ئیمانەوەو هیچ کاریگەریەکیان بۆ سەر زیاد بوونی ئیمان نییە چونکە ئیمان تەنها بەدڵ ئیقرار کردن و بەزمان تصدیق کردنە.

وە زانایان (ابن عبدالبر وە ابن أبی العز)باسیان کردووە کەگوایە ئەبو حەنیفە لەم ڕایەی پەشیمان بۆتەوە واللە أعلم[١٦].

چوارەم/بیروڕای دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:

١- دەفەرموێت: (نابێت باسی هیچ یەکێکیان بکرێت تەنها بەباشەو خێر نەبێت)[١٧].

٢- هەروەها دەفەرموێت: (بەرائەت لەهیچ یەکێکیان ناکەین، وەخۆشەویستی بۆ هیچیان دەرنابڕین بەدژایەی یەکێکی تر)[١٨].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (وەئیمانمان وایە کەباشترین کەس دوای پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەکرە، ئینجا عومەر، ئینجا عثمان، ئینجا عەلی، رضي الله عنهم)[١٩].

(١٢) (الفقه الأكبر: ٣٠١).
(١٣) (الفقه الأكبر: ٣٠٤).
(١٤) (كتاب الوصية: ٢) .
(١٥) (كتاب الوصية: ٣).
(١٦) (التمهيد لإبن عبد البر: ٢٤٧/٩).
(١٧) (الفقه الأكبر: ٣٠٤) .
(١٨) (الفقه الأبسط: ٤٠) .
(١٩) (الوصية مع شرحها: ١٤) .

**پێنجەم/نەهی کردنی ئەبوحەنیفە لەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا.**

١- دەفەرموێت: (لەعنەتی خوا لە عەمری کوڕی عبید، چونکە ئەوبوو دەرگای عیلمی کەلامی بۆ خەڵکی کردەوە، عیلمی کەلامێك کەهیچ سودێکی نییە)[٢٠] .

٢- پیاوێك پرسیاری لەئەبوحەنیفە کردو پێی گوت: (تۆچی دەڵێیت دەربارەی ئەوانەی عیلمی کەلامیان داهێنا لە(أعراض وأجسام)؟ ئەویش ووتی: (ئەمانە قسەی فەیلەسوفەکانن، لەجیاتی ئەوە شوێن ئەسەر و ڕێچکەی سەلەف بکەوە، خۆت بپارێزە لەهەرچی داهێنراوە، چونکە بیدعەیە[٢١].

٣- وەحەمادی کوڕی ئەبوحەنیفە دەگێڕێتەوە: دەڵێت جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێك باسی عیلمی کەلامان دەکردو دەمانخوێند، لەو کاتەدا باوکم هاتەلامان و وتی: ئەی حماد واز لەعیلمی کەلام بهێنە، حمادیش وتی: بۆ باوکە کاتێك عیلمی کەلامت پێ دەگوتین، وەئێستاش نەهی لێ دەکەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ ئەی کوڕی من، من ئەمڕۆ نەهی لێدەکەم، چونکە ئەهلی کەلام لەسەریەك دین نەماون، وەبووەتە هۆی تێك دانی دین، وە شك وگومان دروست کردن وئیختلاف ودووبەرەکی دروست کرد ....)[٢٢] .

**بیروباوەڕی ئیمام مالکی کوڕی ئەنەس(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):**

**یەکەم: بیروباوەڕی بۆ تەوحید:**

١- پرسیار کرا لە ئیمام مالك دەربارەی تەوحید، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: ( مەحاڵە ئەو گومانە خراپە بە پێغەمبەر ﷺ ببرێت کە ئوممەتەکەی فێری چۆنێتی خۆ پاککردنەوەی سەر پێش ئاو کردبێت، بەڵام فێری تەوحیدی نەکردبن! تەوحید بریتییە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا الــه الا الله)[٢٣] وە ئەوەی کەخوێن ومالی پێ پارێزراو دەبێت تەنها تەوحیدە)[٢٤].

---

(٢٠) (تاريخ بغداد: ٣٣٣/١٣) .

(٢١) (ذم الكلام للهروي: ١٩٤) .

(٢٢) (مناقب أبي حنيفة للمكي: ١٨٣) .

(٢٣) (صحيح البخاري: ٢٦٢/٣، الرقم ١٣٩٩) .

(٢٤) (ذم الكلام: ٢١٠) .

٢- وەلیدی کوڕی موسلیم دەڵێت: ( پرسیارم کرد لە مالك و ثوری و ئەوزاعی و لیث کوڕی سعد دەربارەی ئایات وئەحادیثەکانی دەربارەی سیفاتی پەروەردگار هاتون، ئەوانیش یەکدەنگ بوون لەوەڵامدا کەدەبێت باوەڕمان بەم سیفاتانە هەبێت هەروەکو چۆن هاتووە)(٢٥).

٣- پیاوێك پرسیاری لەئیمام مالیك کردو ووتی: (چۆن(کیف) پەروەردگار ئیستوای کردوە لەسەر عرش؟ ئیمام مالکیش لەوەڵامدا ووتی: چۆنیەتیەکەی نازانین، وەواتای ئیستیواش نادیار نییە، وەباوەڕ پێ بوونیشی واجبە، وەپرسیار کردنیش لەچۆنیەتی بیدعەیە، وە واهەست دەکەم کەتۆ بیدعەچی بیت، وەفەرمانی کرد دەرکرێتە دەرەوە )(٢٦).

٤- وە ئیمام مالیك(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(خودا لەئاسمانەو عیلمی لەهەموو شوێنێکە)(٢٧).

### دووەم/بیروڕای بۆمەفهومی ئیمان:

١- عبدالرزاق کوری همام دەفەرموێت: (گوێم لە ابن جورەیج وسفیانی ثوری ومەعمەرو سفیانی کوڕی عویەینە ومالکی کوڕی ئەنەس بووە کەهەموو دەیانگوت: ئیمان قسەو کردەوەیە، زیادو کەم دەکات)(٢٨).

### سێ یەم/ بیروڕای بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:

پیاوێك دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەلای ئیمام مالیك دانیشتبووین، باسی پیاوێکیان کرد کەبەخراپە باسی هاوەڵانی ﵃ دەکرد، ئیمامیش ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ....﴾ [الفتح: ٢٩](٢٩).

وە ئیمام فەرمووی: (هەر کەسێك ڕق وکینەی لەدڵ دا بێت بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەوا هەڕەشەی ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە)(٣٠).

---

(٢٥) (الشريعة للآجري: ٣١٤) .

(٢٦) (الحلية: ٦/٣٢٥) .

(٢٧) (مسائل الإمام أحمد: ٢٦٣) .

(٢٨) (الإنتقاء: ٣٤) .

(٢٩) (الفتح: ٢٩) .

(٣٠) (الحلية: ٦/٣٢٧) .

## چوارەم/نەهی کردنی لەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا:

١- ئیمام مالیك دەفەرموێت: (قسەوباس لەسەر دین باش نییەو هەر لەزووەوە زانایانی مەدینە نەهیان لێ کردووەو بەتایبەت قسەکردن دەربارەی ڕای جەهمیەکان لەقەزاو قەدەر وەهەر قسەیەکی لەم بارەیەوە......، بەڵام قسە کردن لەدینی خواو، وە دەربارەی خوا (عزوجل)من بێ دەنگ بوونم پێ پەسندترە. ......)[٣١].

٢-عبدالله بن نافع دەڵێت: (گوێم لەمالیك بووە دەیووت: ئەگەر مرۆڤ هەموو تاوانێکی گەورەی ئەنجام دابێت جگە لەشەریك دانان بۆخوا، بەڵام تێکەڵی ئەهلی بیدعەو عیلمی کەلام نەبوو بێت وتۆبە بکات لەو تاوانانە، ئەوا دەچێتە بەهەشت)[٣٢].

٣-عبدالرحمن کوڕی مەهدی دەفەرموێت: (چوومە لای مالیك وپیاوێکی لابوو پرسیاری لێ دەکرد، ئیمام مالکیش فەرمووی: پێ دەچێت تۆش لە سەر ڕێچکەی(عمرو بن عبید)بیت؟ لەعنەتی خوای لێ بێت بیدعەیەکی زۆر خراپی داهێنا کەعیلمی کەلام بوو، ئەگەر عیلمی کەلام عیلمی شیاوو پەسەند بوایە ئەوا سەحابەو تابعیەکانﷺ باسیان لێوە دەکرد، هەروەکو چۆن باسی ئەحکام وشەریعەتیان بۆ کردووین )[٣٣].

٤- ئیمامی شافیعی دەگێڕێتەوە: (هەر کاتێك ئەهلی بیدعەو کەلام هاتبانە لای مالیکی کوری ئەنەس، پێی دەگوتن: من لەسەر ڕێیەکی ڕوون وئاشکرام لەناسینی خواو دینی خوادا، بڕۆ تۆ گومان ودڵەڕاوێکت هەیە، بچۆ بۆ لای کەسێکی وەکو خۆت بەگومان وە باسی عیلمی کەلامی بۆ بکە)[٣٤].

## بیروباوەڕی ئیمامی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

### یەکەم /بیروڕای دەربارەی توحید:

١- لە ئیمامی شافیعی دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ڕام دەربارەی ئەو سوننەتەی کەمن لەسەری دەڕۆم وباوەڕم پێیەتی هەمان ڕای ئەهلی حەدیثە لەوانەی

---

(٣١) (جامع بيان العلم وفضله: ٤١٥) .

(٣٢) (الحلية: ٦/٣٢٥).

(٣٣) (ذم الكلام: ١٧٣) .

(٣٤) (الحلية: ٦/٣٢٤) .

کە من بینیومن وە دەرسم لـێوەرگرتون وەکـو سـفیان ومالیـك گـەلێکی تـریش، کـەدەبێت ئیقـرار بکـەین بەشـەهادەتی لا إلـه إلا اللـه وه محمـد رسـول اللـه، وەهەروەها ئیقرار بکەین کە خوای گـەورە لەسـەر عەرشـە لـەئاسمان، وەنزیـك دەبێتـەوە لەبەنـدەکانی هـەر چـۆنێك بیـەوێت، وەپـەروەردگارمان دادەبەزێتـە ئاسمانی دونیا چۆن ویستی لـێیەتی[٣٥].

٢- وە لـەکتابی رسـالەدا دەفـەرموێت: (سوپاس بۆ ئەو خوایە ... پەروەردگارێك کـەباوەڕمان پـێ یـەتی بـەم جـۆرەی کەوەسفی خـۆی کـردوە نـەك وەکـو ئـەو وەسـفانەی کـە دروسـتکراوەکانی بـۆی دیاری دەکەن[٣٦].

٣- هـەروەها دەگێڕنـەوە لـە شـافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەفەرمویـەتی: (باوەڕمان بەهەموو ئەو سیفاتانە هەیە کە قورئان یـاخود سـوننەت باسـی کـردوون، وەکـو خـۆی، وەخۆمـان بـەدوور دەگـرین لەوێـچواندن (التـشبیه) کەهەنـدێك کـەس تێی کەوتون، وەباوەڕمـان لـەم بارەیـەوە وەکو قورئانە کە دەفەرموێت:

﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ [الشورى: ١١][٣٧].

٤- ئیمـامی لالکـائی لـەڕەبیعی کـوڕی سلێمان دەگێڕێتـەوە کـەئیمامی شـافیعی وتویـەتی: (هـەر کەسـێك بـاوەڕی وابێـت وبڵێـت قورئـان دروسـت کـراوە (مخلـوق) ئەوا کافر دەبێت )[٣٨].

٥- وەپرسـیار کـرا لـە ئیمـامی شـافیعی دەربارەی سیفاتی پـەروەردگار، ئیمانـدار چۆن دەبێـت بـاوەڕی پـێ بێـت؟ ئـەویش لەوەڵامـدا فـەرمووی : (پـەروەردگارمان چـەند نـاوو سـیفاتێکی پـیرۆزی هەیـە هـەروەکو چـۆن لـەقورئان وسـوننەت دا هـاتووە کـەس بـۆی نییـە کـەباوەڕی پـێ نـەبێت، مەگـەر کەسـێك کـەبۆی ڕوون نەکرابێتەوە، ئەگینا دوای ڕوون کردنـەوە باوەڕ پێ نەبوونی دەبێتە هۆی کـافربون، وەبـزانن کـەباوەڕ بـەناوو سـیفەتەکانی زانستێك نییە لە ڕێگـەی فیکـرو عەقڵـەوە بێتەدی، بەڵکو دەبێت باوەڕمان بەزاهیری

(٣٥) (إجتماع الجيوش الإسلامية: ١٦٥).
(٣٦) (الرسالة: ٧،٨) .
(٣٧) (السير: ٢٠/٣٤١) .
(٣٨) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة: ١/٢٥٢).

ئايات و حەدیسی سیفات هەبێت وەكو خۆی، بۆ نمونە كەدەفەرموێت:

﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ [المائدە: ٦٤].

ئەوە ئەگەیەنێت كەپەروەردگار دوو دەستی هەیە، وەكە دەفەرموێت:

﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ﴾ [القصص: ٨٨].

ئەوە ئەگەیەنێت كەپەروەردگار رووی هەیە، وەكە پێغەمبەر دەفەرموێت:

(حتى يضرب الله عزوجل فيها قدمه)[٣٩].

ئەوە ئەگەیەنێت كەپەروەردگار پێی هەیە، كەدەفەرموێت:

(لقي الله عز وجل وهو يضحك إليه)[٤٠].

واتە: پەروەردگارمان پێ دەكەنێت، وەچەندین سیفاتی تر وەكو هاتنە خوارەوەی بۆ ئاسمانی یەكەم هەموو شەوێك، وەپەروەردگارمان دوو چاوی هەیە، وە ئیمانداران لە دوا ڕۆژدا بەچاوی خۆیان پەروەردگار دەبینن، وە پەروەردگارمان پەنجەی هەیە بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ:

( ما من قلب إلا هو بين إصبعين من اصابع الرحمن عزوجل )[٤١]... وەئێمەش باوەڕمان بە هەموو ئەو سیفاتانە هەیە هەر وەكو چۆن هاتووە، بەبێ ئەوەی تووشی وێچواندن(التشبية) ببین، ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ [الشورى: ١١][٤٢].

دووەم: بیروڕای دەربارەی مەفهومی ئیمان:

١ــ لە شافیعیەوە دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی: (ئیمان قسەو كردەوەیە، وە باوەڕی دڵیشە، ئەوەتا پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ﴾

[البقرة: ١٤٣].

واتە: پەروەردگار نوێژەكانتان بەزایە نادات، كاتێك كەڕووتان دەكردە(بيت المقدس)، جا لێرەدا نوێژی بە ئیمان ناوبرد، كە نوێژیش هەرسێ بەشەكەی ئیمانی تێدایە قسەو كردەوەو باوەڕی دڵ ( قول وعمل وعقد)[٤٣].

٢ـ ربیعی كوڕی سلیمان دەڵێت : گوێم لە شافیعی بوو دەیگوت: ئیمان قسەو

(٣٩) (صحيح البخاري: ٥٩٤/٨، الرقم: ٤٨٤٨) .
(٤٠) (صحيح البخاري: ٣٩/٦، الرقم: ٢٨٢٦) .
(٤١) (مسند أحمد: ١٨٢/٤) .
(٤٢) (الإعتقاد للشافعي): (مخطوطة).
(٤٣) (الإنتقاء: ٨١) .

کردەوەیـــە، وەزیـــاد دەکـــات وکـــەم دەکات[٤٤].

## سـێ یـەم: بـیروڕای دەربـارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:

١-محمـــدی کـــوڕی عبداللـــەی کـــوڕی عبدالحکیم کە هاوەڵێکی ئیمامی شافیعی بوو دەرسی لای دەخوێند دەگێڕێتەوە لـە ئیمامی شافیعی کەدەفەرموێت:

(باشـــترین(أفـــــــضل)کـــەس لـــەدوای پێغەمبەرﷺ أبوبەکرە، ئینجا عمر، ئینجا عثمان، ئینجا علی ﷺ)[٤٥].

٢-یوسفی کوری یحـی البلـــوطي دەڵێت: (پرسیارم کرد لـە ئیمامی شافیعی ئایا نوێـژ لـەدوای شـیعە(رافـــضي)وە بکـەم؟ ئەویش لەوەڵامدا فـەرموی: نـەخێر، نویـژ لــەدوای شـیعەو قــەدەری و مورجیئــەوە مەکـە، منـیش ووتم : ئەمانـە کـێن بـۆم وەسف بکـە؟ ئـەویش فـەرمووی: ئـەوەی ووتـی ئەبوبـەکرو عمـر ئیمـام نـین ئـەوە شـیعەیە، وەئـەوەی وتـی مرۆڤـ خـالقی ویـــستی خۆیـــەتی وە هـــیچ پەیوەنـــدی بەویستی خواوە نییە ئەوە قەدەریە)[٤٦].

## چـوارەم/نـەهی کردنـی لـەعیلمی کەلام وناکۆکی لەدین دا:

١- رەبیعی کوری سلیمان دەڵێت: گـوێم لەشافیعی بوو دەیگـوت: (ئەگـەر کەسـێك وەسیەت بکات هەموو کتێبـەکانی عیلمـی بۆ کەسێك بن دوای مردنـی، وەلـەناو ئـەو کتێبانەدا کتێبی عیلمی کەلامی تێدا بێت، ئەوا کتێبە کەلامیەکان ناچنە نـاو بازنـەی وەسـیەتەکەوە، چـونکە کتێبـی کـەلام بەعیلم دانانرێت)[٤٧].

٢- ئیمـــامی شـــافیعی دەفـــەرموێت: (هـەرگیز گفتوگـۆ (مناقـشە)م لـە عیلمـی کەلام دا نەکردووە تەنها جارێك نەبێت، وەداوا لە خوا دەکەم کەلەم جارەش لـێم خۆش بێت)[٤٨].

٣- هەروەها دەفەرموێت: (ئەگەر بمەوێت لەسـەر هـەر دژ ڕایـەکم کتبێـك بنوسـم دەتـوانم، بـەڵام دژ ڕایـانی ئـەهلی کـەلام

---

(٤٤) (مناقب الشافعي: ١/٣٨٧) .

(٤٥) (مناقب الإمام الشافعي: ١/٤٣٣) .

(٤٦) (ذم الكلام: ٢١٥) .

(٤٧) (ذم الكلام: ٢١٣) .

(٤٨) (ذم الكلام: ٢١٣) .

بابــەتی مــن نــین وە نامــەوێت وشــەیەك لەمنەوە ببیسترێت لەعیلمی کەلامدا)[٤٩].

٤- هەروەها دەفەرموێت: ( پەروەردگار بەهەرچی تاوانێك جگە لەشەریك دانان تاقیت بکاتەوە، باشترە لەوەی بە چوونە ناو عیلمی کەلام تاقیت بکاتەوە)[٥٠].

## بیروباوەڕی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

**یەکەم/بیروڕای دەربارەی تەوحید:**

١- ئیمـــامی ئەحمـــەد فەرموویـــەتی: (وەسفی خوا بکەن بەو جۆرەی کە وەسفی خۆی کردووە، وەپەروەردگار بەدوور بگرن لەهەموو سیفەتێك کە خۆی لێ بەدوور گرتووە)[٥١].

٢- ئەبوبـــەکری مـــەروەزی دەڵێـــت: (پرســـیارم کـــرد لـــەئیمامی ئەحمـــەد دەربـــارەی ئـــەو حەدیـــسانەی ســـیفات کەجەهمیـەکان ڕەتـی دەکەنـەوە" وەکـو بیـنین و ئیـسراو عـەرش و ... لەوەڵامـدا ووتی: ئەم حەدیسانە هەمووی صەحیحن، وەزانایانی ئوممەت پەسـەندیان کـردوون، بۆیە دەبێت چۆن هـاتوون ئـاوا باوەڕمـان پێیان هەبێت)[٥٢].

**دووەم/بـــیروڕای دەربـــارەی مەفهوومی ئیمان:**

١- ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی: (ئیمـان زیـادو کـەم دەکـات، هـەروەکو چـۆن لـە حەدیسدا هاتووە:

(أكمـــل المـــؤمنين إيمانـــاً أحـــسنهم خلقاً)[٥٣])[٥٤].

٢- عبدالله کوڕی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (گـوێم لـەباوکم بـوو پرسـیاری لـێ کـرا دەربـــارەی بـــیرو ڕای مورجیئـــەکان (الإرجاء)، ئەویش لەوەڵامدا ووتـی: ئێمـە دەڵێین ئیمان قسە و کردەوەیە، وەزیـادو کـەم دەکـات، ئەگـەر مرۆڤـ زینـای کـرد یـاخود ئـارەقی خـواردەوە بـێ گومـان ئیمانەکەی دادەبەزێت و کەم دەکات)[٥٥].

**ســێ یــەم/بــیروڕای دەربــارەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ:**

(٤٩) (ذم الكلام: ٢١٥) .

(٥٠) (مناقب الإمام الشافعي: ١٨٢) .

(٥١) (مناقب الإمام أحمد: ٢٢١) .

(٥٢) (طبقات الحنابلة: ٥٦/١) .

(٥٣) (مسند أحمد: ٢٥٠/٢) .

(٥٤) (مناقب الإمام أحمد: ١٧٣) .

(٥٥) (السنة لعبدالله بن أحمد: ٣٠٧/١) .

١- ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (لەسەر سوننەت بوون ئەوەیە کە بەچاکە باسی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکەیت، وەهەمویان بێجیاوازی، وەبەهیچ جۆرێك باسی کەم و کوڕی هیچیان نەکەیت، وەباسی ئەو ناکۆکیانە نەکەیت کە ڕوی داوە لە نێوانیاندا، وەهەر کەسێك جنێو بە هاوەڵان رضي الله عنهم بدات ئەوە بیدعەچی‌یە، شیعەیەکی بەد وخراپە، خوای گەورە لێی خۆش نابێت ...بەڵکو خۆش ویستنی هاوەڵان رضي الله عنهم نیشانەی دەست گرتنە بە سوننەت، وەدوعا بۆکردنیان لەخوا نزیکت دەکاتەوە، وەشوێن کەوتنیان وەسیلەیە، وەکارکردن بەقسەو کردەوەکانیان مایەی سەرفرازی و سەربەرزی‌یە)(٥٦).

٢- عبدالله کوڕی ئیمام ئەحمەد دەڵێت: (پرسیارم کرد لە باوکم دەربارەی باشترینی ئیمامەکان؟ ئەویش لەوەڵام دا وتی: باشترینیان ئەبوبەکرە ئینجا عمر ئینجا عوسمان ئینجا علی رضي الله عنهم)(٥٧).

## چوارەم /نەهی کردن لەعیلمی کەلام و ناکۆکی لە دین دا:

١- موسی کوڕی عبدالله الطرسوسي دەڵێت: گوێم لەئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو دەیگوت: (لەگەڵ ئەهلی کەلام دامەنیشن، ئەگەر ئەوان دیفاعیش لەسوننەت بکەن )(٥٨).

٢- هەروەها ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (گوێم لە باوکی عبدالله بوو دەیگوت: تکایە دەست بگرن بەحەدیس و سوننەتەوە تا پەروەردگار بەختەوەرتان بکات پێی، وەتکایە دوور بکەونەوە لە جیدال و قسەو باس لەسەر دین، چونکە ئەو کەسە سەرفراز وڕزگار بوو نابێت کە ئەم ڕەفتارانەی هەبێت، وەعیلمی کەلامی هەبێت، وەهەر کەسێك هەر جۆرە قسەو کەلامێك دابهێنێ، ئەوا کۆتا ئەنجامەکەی بەرەو بیدعەتە، چونکە قسە و باس خێری پێوە نییە، بۆیە من عیلمی کەلامم پێ پەسند نییەو جیدالێکی خراپە، وەلەجیاتی ئەوە ڕوو بکە فێربوونی

(٥٦) (كتاب السنة: ٧٧، ٧٨) .
(٥٧) (السنة: ٢٣٥) .
(٥٨) (مناقب الإمام أحمد: ٢٠٥) .

سوننەت وفیقە، چونکە ئەمە سودی هەیە)[٥٩].

٣- وە ئیمامی ئەحمەد فەرمویەتی: (ئەگەر کەسێکت بینی عیلمی کەلام وقسە و باس و جیدالی حەز لێ بوو، لێی دوور بکەوە)[٦٠].

لەکۆتایی دا:

ئەی خوێنەری خۆشەویست: لەم گەشتە خێرایەدا بۆمان دەرکەوت کە چوار پێشەوا مەزهەبیەکانمان کۆدەنگن لەبنەما بنەڕەتیەکانی عەقیدە و بیرو باوەڕ، تەنها خیلافێکی بچوك نەبێت کەئیمام ئەبو حەنیفە لەمەسەلەی مەفهومی ئیمانـدا هەیەتی، وەلەگەڵ ئەوەشدا ڕای چەند زانایەکمان باس کرد گوایە پێ دەچێت ئیمام ئەبو حەنیفە پەشیمان بو بێتەوە لەم ڕایەی خۆی.

کەواتە ئەم عەقیدە پیرۆزە شایستەی ئەوەیە کە موسڵمانان کۆببنەوە لەسەری، هەروەك چۆن ئیمامەکان کۆبوون تیایدا، وەواز لەپەرتەوازەیی و حیزبایەتی بهێنن.

وە إنشاء الله ئەم شك وگومانە لەدڵی موسڵماناندا جێی نابێتەوە کەوا بزانن مەسەلەی عەقیدە تەنها سەلەفییەکانی ئەمڕۆ باسی لێوە دەکەن و دایان هێناوە، وە یاخود وابزانن کە عەقیدەی پێشەوا مەزهەبیەکان جیاوازە لەوەی کەزانا سەلەفییەکانی ئەم سەردەمە پیادەی دەکەن و بانگەوازی بۆدەکەن .

بەو هیوایەی کە ئەم بیروباوەڕە پیرۆزە زیاتر لەدڵەکانمان دا دابمەزرێ و ببێتە هۆی گەڕانەوەمان بۆکار کردن بەقورئان و سوننەت، وە وازهێنان لە هەموو کارێکی حیزبایەتی و تەفرەقەو بیدعەت .

وصلى الله على سيدنا محمد و على آله وصحبه وسلم.

===================

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

---

(٥٩) (الإبانة: ٢/٥٣٩) .

(٦٠) (الإبانة: ٢/٥٤٠) .

# دەمارگیری نەتەوایەتی

✍:د. محمد أحمد گەزنەیی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی
ئیسلامی کوردستان

**بەشی یەکەم**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين،

أما بعد:

هەموو کۆمەڵو نەتەوەو تاکەکەس لافی هۆشیاریو ماف پەروەریو ئازادی لێ دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەڕاستی ئەو ڕەوشتانەیان هەیە کەمینەن، بۆیە زۆربەی خەڵکی داوای هۆشیاری دەکەن بەڵام فێڵی لێ دەکرێتو داوای مافپەروەری دەکاتو تاوان ئەنجام دەداتو داوای ئازادی دەکاتو کردەوەی وەکو کۆیلەیەو داوای ئازادی دەکاتو بەڵام تەمبەڵەو چاوی لە نانی خەڵکە.

بۆیە هەوڵ دەدەم بە گوێرەی توانا چەند نیشانەو ڕێسای بەردەستو ئاسان دەست نیشان بکەم بۆ ئەو کەسو کۆمەڵگایانەی کە ئەم خوڕەوشتە جوانانەیان هەیە.

ئەو ڕێسایانەش دوو جۆرن:

جۆرێکیان بۆ ئەوەیە کە تاکە کەس خۆی پێ تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ خوڕەوشتی جوانە یان ناشیرینە، جۆری دووەم بۆ ئەوەیە کۆمەڵگا خۆی پێ تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ کۆمەڵگایەکی باشو هۆشیارە یان کۆمەڵگەیەکی بەدڕەوشتو نەزانە.

١- ئەو ڕێسایانەی کە تاکە کەسی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە ئەوانەن:

**ڕێسای یەکەم: ئەوەیە حەز دەکەی خەڵك چۆن هەڵسو کەوت بکەن خۆت وابکەی دەبیت بە پیاوێکی ڕەوشت بەرز.**

چونكه هەموو كەس حەز دەكات خەڵكانى دى دەستپاكو دەم پاك بنو يارمەتى خزمو جيران بدەنو ستەم نەكەن تا.....، بەلام بۆ خۆى حەز دەكات لەسەرووى هەموو ياساو ڕێسا بێت ستەم بكاتو كەس نەڵێت ستەمت كرديیە، جا ئەگەر هاتوو خۆى وەك خەڵك حساب كردو ئەو كارانەى كرد كە بۆ خەڵكى پێى خۆشەو لەو ئيشانە دوور كەوتەوە كە بۆ خەڵكى پێى ناخۆشە ئەوە دەبێتە پياوێكى ڕەوشت بەرز، هەروەها خراپتريت ڕەوشت ئەوەيە كە ئادەميزاد ئەنجامى ئەو خەياڵە خراپانە بدات كە جار جارە بەدڵو مێشكيدا دێت، هەر بۆيە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)**(1).

كەس لە ئێوە نابێت لە ئيماندارى تەواو تاواى لێ دێت چى بۆ خۆى خۆش دەوێت ئەوەيشى بۆ براى ئايينى خۆش بوێت. كەواتە پێويستە چيت بۆ خۆت خۆش دەوێت ئەوەشت بۆ براى ئاينيت خۆش بووێت، وە چيت بۆ خەڵكى دى خۆش دەوێ ئەوەشت بۆ خۆت خۆش بوێت.

**ڕێساى دووەم: ئەوەيە: (بەشى خۆت لەبەشى خەڵك پتر دامەنێ لە سوودو خۆشى، وەبەشى خۆت لەبەشى خەڵكى كەمتر دامەنێ لە زيانو ناخۆشى).**

ڕێساى سێيەم: ئەوەيە: (ئەو ئەركو مافانەى پێويستە لەسەرت ئەگەر بەباشى ئەنجامتدا ئەوا چاوەڕوانى پاداشتو سوپاس لەكەس مەكە).

**ڕێساى چوارەم: ئەوەيە: (ئەگەر كەسێكت زۆر خۆش ويست چاوى خۆت مەنوقێنە لە ئاست كردەوە خراپەكانى، وە ئەگەر كەسێكت زۆر ڕق لێ دەبوو چاوى خۆت كوێرە مەكە لەئاست كردەوە باشەكانى).**

٢- ئەو ڕێسايانەى كە كۆمەڵگە خۆى پێ تاقى دەكاتەوە ئەوانەن:

**ڕێساى يەكەم: (ئەو كۆمەڵگايەى پابەندە بە شەريعەت كۆمەڵگايەكى بەرزە).**

**ڕێسايى دووەم: (ئەو كۆمەڵگايەى ڕاستو درۆ لەيەكترى جيا بكاتەوەو مومكينو موستەحيل لەيەكتر هەرباوێرێ كۆمەڵگايەكى هۆشيارە).**

---

(1) (البخاري في هامش فتح الباري: ٥٤/١، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٨٣) .

**ڕێسایی سێیەم: (ئەو کۆمەڵگایەی بتوانێ بەرژەوەنـــدی گـــشتیو بەرژەوەنـــدی تایبـەتی لەیـەکتری جیـا بکاتـەوەو پـتر گرنگـی بـە بەرژەوەنـدی گـشتی بـدات کۆمەڵگایەکی سەرکەوتووە).**

**ڕێـسای چـوارەم: (کۆمـەڵگای تونـدڕەو خـۆی خـۆی دەخـواتو کۆمـەڵگای بـێ دەمار خەڵك دەیخواتو کۆمەڵگای دەمـار مام ناوەندی نە خۆی خۆی دەخواتو نـە خەڵکیش دەتوانێ بیخوات).**

**ڕێسای پێنجەم: (هەر کۆمەڵگایەك سـودو زیانی دابو نەریتی خۆی بزانـێ دەتوانـێ دابو نەریت بەگوێرەی پێویـست بگـۆڕێ بـەرەو باشـتر، هـەر کۆمەڵگایـەك سـودو زیانی خۆی نەزانێتو بە کۆرانە دووبـارەو سێ بارەی بکاتەوە کۆمەڵگایەکی سەرلێ شێواوە).**

لە پاش ئەو پێشەکییە باسـەکە دەکـەین بە دووبەش:

## بەشی یەکەم

### دەمارگیری عەشرەتگەری و سۆفی گەری و دەروێشی گەری:

### باسـی یەکـەم: دەمـارگیری عەشرەتگەری:

عەشیرەتگەری چەند لایەنی سودو باشـی هەیەو چەند لایەنی زیان بـەخشو خراپـی هەیە:

لایەنە باشەکانی عەشیرەتگەری ئەوانەن:

ڕاهاتن لەسەر ژیانی بە کۆمەڵو هاوکاریو هاریکـاری یـەکتر کـردنو بـەهانای یـەکتر چـوون پابەنـد بـوون بـە ڕاو وبۆچـوونی پیـــاوانی پـــیری دونیـــا دیتـــە، وە خۆبـەختکردن لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی عەشـــیرەت، وەپابەنـــد بـــوون بـــە داب ونەریتی عەشـیرەت، ئەمانـە خوڕەوشـتی باشن، چونکە پابەند بوونە بە جۆرێك لـە جۆرەکـانی یاسـاو دەرنەچـون لـە ڕێـساو ڕاهاتنە لەسەر ژیان لە کۆمـەڵگا، ئـەوەش جۆرێکە لە شارستانیو پێشکەوتن.

### لایەنە خراپەکانی عەشیرەتگەری:

عەشیرەتگەری زیانی هەیـە بـۆ دوو شـت: ڕەوشی ئایینی،و ڕەوشی ڕامیاری.

زیانــەکانی بــۆ ڕەوشــتی ئــایینی لــەو خاڵانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێ:

١- پیادە کردنـی (حدود وقــصاص) زۆر گرنگە لە ئایینی ئیسلام بەڵام لە کۆمـەڵی عەشیرەتگەری پشت گوێ دەخرێتو هیچ ئیشی پێ ناکرێت، لێرە دەتـوانین چـەند نمونەیەك بهێنینەوە بۆ چەسپاندنی ئـەم قسەیە:

١- مەسەلەی (قــصاص) ئەگـەر کەسێك یەکێك بکوژێ لەناو عەشیرەتی خۆی نـای کوژنـــەوە بـــەڵکو دەڵـــێن: پیاوێـــك لـــە عەشیرەت چـوو بـا نـەبێت بـە دوو، بۆیـە کـەسو کـاری کـوژراو ناچـار دەکـەن کـە سـوڵح بکـاتو بـە خـوێن وەرگـرتن ڕازی بێت، کەواتە ئایەتی:

﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٧٩] ٠

بـە تـەواوی ڕەش کراوەتـەوە لـە نیزامـی عەشیرەتگەری.

هەروەها سوڵحەکەیشیان بـەپێی شـەرع نییـە، چـونکە دەگـۆڕێ بـە گـوێرەی بەهێزیو بێ هێزی بنەماڵەی کوژراو، ئـەو بنەماڵانــەی بــەهێزن خــوێنی زیاتریــان دەدەنێ، بەڵام ئەو بنەماڵانـەی بـێ هێـزن خــوێنی کوژراویــان کــەمترە، ئــەوەش پێــچەوانەی ڕێــسای شــەرعە، چــونکە لەشەرع خوێنی منداڵێکی فەقیری بێ هێز وەکــو خــوێنی پیــاوێکی دەوڵەمەنــدی بەهێزە.

هــەروەها زۆر جــار بنەماڵــەی بکــوژ ژن دەدەن بــە بنەماڵــەی کــوژراو لــە جیــاتی خوێن ئەوەش پێچەوانەی شەرعە، چونکە خوای گەورە دەفەرمێ:

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الإســراء: ١٥، وفاطر: ١٨، والزمر: ٧].

واتە: کەس تاوان و گوناهی کەسێکی دی هەڵناگرێ٠

جـا ئــەو کەســەی زەلامێــك بکــوژێو خوشکەکەی ناچار بکەین مێرد(شـوو) بـە خزمی کوژراو بکـات یـانی براکـەی تـاوانی کـردو سـزامان لـە خوشـکەکەی وەرگـرت ئەمەش پێچەوانەی ئەو ئایەتە پیرۆزەیە.

هەروەها لە کاتی سوڵح حیساب بۆ منداڵە بـچکۆلەکانی کـوژراو ناکـەن، زۆر جـار وا دەبــێ ســەرۆکی بنەماڵــەی کــوژراو بــە پیــاوەتی ســوڵح دەکــاتو هەمووشــت دەکاتــە خــاتری ئــەو پیــاو ماقووڵانــەی هاتوونــە بــۆ مــسرەتی -لەبــەر هۆیــەکی

خۆی حیسابی بۆ کردووە– ئەوەیش پێچەوانەی شەرعە، چونکە بە پێی شەرع خوێنی کوژراو میراتە بۆ منداڵەکانی پێویستە بە گوێرەی شەرع بەسەریاندا دابەش بکرێو کەس مافی ئەوەی نییە لەجیاتی ئەوان لێی خۆش بێت، هەروەها خۆیشیان مافی بەخشینیان نییە تا نەگەن بەتەمەنی هەژدە ساڵ.

بۆیە حەز دەکەم ئاگاداری هەموو لایان بکەمەوە هەرکاتێ ئامادەی مەجلیسی سوڵح بن هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەن وپێ لەسەر ئەوە دابگرن کە نرخی خوێن دانەکە بە گوێرەی دیەی شەرعیو بەسەر منداڵو دایكو باوکی کوژراو دابەش بکەن، جا ئەگەر دایكو باوكو ژنو منداڵە گەورەکان لەبەشەکەی خۆیان خۆش بن دەتوانن بەڵام بە هیچ جۆر بەشی منداڵە بچوکەکان لێخۆشبوونی لێ دروست نییە.

٢– مەسەلەی (حد الزنا) لەم مەسەلەیەدا عەشیرەتەکات دابو نەریتی جیا جیایان هەیە، بەڵام هەموویان ڕێکن لەسەر چارەسەر کردنی مەسەلەکە بە پێچەوانەی شەرع، بۆ نمونە هەندێك لە عەشیرەتەکان ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکەن بە سزای پارەو ژن، واتە پارە لە زیناکار دەسێننو دەیدەن بەکەسو کاری ژنە زیناکەرەکە، یان ژن لە بنەماڵەی زیناکەرەکە دەسێننو دەیدەن بە کەس وکاری ژنەکەو ئیشەکە دەبڕیننەوە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو سزایەی کە شەرع دایناوە، هەروەها هەندێ عەشیرەت دابو نەریتی وایە کە ژنەکان دەکوژنو سوڵح لەگەڵ پیاوە زیناکەرەکان دەکەن، ئەوەش هەر پێچەوانەی شەرعە، چونکە لە شەرع کچ لەسەر زینا کردن ناکوژرێ، هەروەها سوڵح لەگەڵ پیاوی زیناکار دروست نییە، چونکە مەسەلەی سزای زیناکاران مافی خوایە بەتەنهاو هیچ مافی ئادەمیزادی تێدا نیە، بۆیە نە سوڵح کردن لەسەری دروستە نە شەفاعەتو واسیتە بۆکردنی دروستە.

٣– لەسەریەکتر کردنەوە: بەگوێرەی دابو نەریتی عەشیرەتگەری پێویستە لەسەر یەکتری بکەنەوەو یارمەتی یەکتر بدەن بە حەقو ناحەق، هەرکاتێ سەرۆك هۆز بڕیار بدات شەڕ بکەن لەگەڵ

عەشـیرەتێکی دی هـەموویان بـە قـسەی دەکـەن لەسـەر حـەق بێـت یـان لەسـەر ناحـەق بـێ، هـەتا ئەگـەر یـەکێك لـە عەشیرەتی خۆیان لەسەر ئیشی خراپ لێ درابێـت هـەموو دەچـن یارمـەتی دەکـەن، ئەمـەش پێـچەوانەی شـەرعە، چـونکە دروست نییە کەسێك یارمـەتی زاڵم بکـات هـەتا ئەگـەر براشـی بێـت، هـەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێ:

(العصبية أن تعين قومك على الظلم)[٢].

یانی جاهیلیـەتو کـوفر ئەوەیـە یارمـەتی عەشرەتەکەت بکەی لەسـەر ستەمکاری.

لەو بارەیەوە فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ گـەلێك زۆرە هـەروەها هـەموو ئـەو فەرمودانـەی باسـی خراپـی قەومییـەت دەکـەن هـەمووی مەبەسـت عەشـیرەت گەرییـە، چـونکە لەسـەردەمی پێغەمبـەر ﷺ هـەر نەتەوەیـەك عـەرەب ئیـسلام بـوونو هێـشتا فـرە نەتـەوە لـە ئیـسلام دروست نـەبوو بـوو، بۆیـە هـەر لـەو کاتـە قەوم بە مانای عەشیرەت بەکار دەهات.

٤- ئەگەر یەکێك لە عەشیرەتێك کەسێك بکـوژێ لـە عەشـیرەتێکی دی ئـەوا عەشـیرەتی کـوژراو هـەمووی دەبێـت بـە دوژمـن لەگـەڵ هـەموو عەشـیرەتی بکـوژ، هەرچی بکەوێتە بەردەست دەیکوژن زۆر جار وادەبێ لەوناوە پێنج شـەش کەسـی بێ تاوان دەکوژرێو تاوانباریش بۆ خـۆی بـە ئـازادی دەسـوڕێتەوە ئـەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئایەتی:

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الإسـراء: ١٥، وفاطر: ١٨، والزمر: ٧] .

**زیانەکانی بۆ ڕەوشتی ڕامیاری کۆمەڵ لەو خاڵانەی خوارەوە دەردەکەون:**

١- ئـەو گەلانـەی عەشـیرەتگەریان لـەناو بەهێز بێت ناتوانن دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی دروست بکەن، بۆیە یان نابن بە دەوڵـەت یان دەوڵـەتێکی تاکە عەشرەت دروست دەبێـتو عەشـرەتەکانی تـر دەچەوسێنەوە، هۆیەکەیشی ئەوەیە: ئەو کەسـانەی پابەنـدن بـە دابو نـەریتی عەشـیرەت تـەنها بـیر لـە بەرژەوەنـدی خۆیـانو عەشـیرەتەکەیان دەکەنـەوەو بەهیچ جۆر بیر لە بەرژەوەندی نەتەوە بە گشتی ناکەنـەوە، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە

---

(2) (سنن ابن ماجة: ١٣٠٢/٢، رقم: ٣٩٤٩، وسنن أبي داود: ٣٣١/٤، رقم: ٥١١٩، وضعفه الألباني في: ضعيف الجامع الصغير: ٣٨٦٣) .

لەگەڵ عەشیرەتەکانی تری نەتەوەی خۆیان هەر لە ململانێ و شەڕن زۆربەی کات، چونکە هەر عەشیرەتێك لەسەر قەوارەیەك عەرز دەژیو ساڵ بە ساڵ نەوەکانی زیاد دەبێت بەهۆی زاوزێ، و قەوارەی عەرزەکەیشی هەر وەك خۆی دەمێنێ و زیاد ناکات، کەواتە ساڵ بەساڵ پێویستیان بەوە هەیە کە قەوارەی عەرزی خۆیان گەورەتر بکەن لەسەر حیسابی جیرانەکانیان، هەروەها جیرانەکانیشیان وەکو ئەوان پێویستیان بە عەرز زیاد کردن هەیە، بۆیە هەر لایەك لە خۆی ڕاببینێت گێچەڵ بەوی تر دەکات بۆ داگیر کردنی پارچە زەوییەك یان گوندێك، بۆیە هەر عەشیرەتێك حەز دەکات عەشیرەتەکانی جیرانی بێ هێز بێت، جا ئەگەر حکومەتێکی بیانی لە عەشیرەتێك بدات زۆر کەیف خۆش دەبن، چونکە بێ هێزی دەکاتو ئەوانیش دەتوانن چەند پارچە زەوی بۆ خۆیان داگیر بکەن، بەڵکو ئەگەر بتوانن لەگەڵ حکومەتە بیانییەکە تەعاون دەکەن لەبەرامبەر ئەوەی کە عەرزی عەشیرەتە لێقەوماوەکە بۆ ئەوان بێت، ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ بیری نەتەوایەتی، چونکە بەڕێسای نەتەوایەتی واجبە لەسەری یارمەتی عەشیرەتەکەی جیرانی بدات، چونکە نەتەوەی خۆیەتی لەو حاڵەتە دژایەتی دەکەوێتە نێوان بەرژەوەندی عەشیرەتگەریو نێوان بەرژەوەندی نەتەوەپەروەری، جا دابو نەریتی عەشیرەتگەری فەرزی دەکات لەسەری بەرژەوەندی نەتەوە بکاتە قوربانی بەرژەوەندی عەشیرەت.

بەو جۆرە هەرچەندە زۆرو بەهێز بن نابنە دەوڵەت، چونکە ئەو دەوڵەتانەی هەر چەندە لاوازو بێ هێز بن لە عەشیرەتێك بەهێز ترن بۆیە دەتوانن عەشیرەت لەدوای عەشیرەت سەرکوت بکەن و داگیر بکەن تا هەموویان داگیر دەکەن.

هەروەها ئەگەر هاتو لە هەلو مەرجێك ڕێککەوت عەشیرەتێك توانی دەوڵەت دروست بکات، نابێت سنوری ئەو دەوڵەتە لە سنوری عەشیرەت بپەڕێتەوە بۆ عەشیرەتێکی دی، چونکە ئەگەر بیەوێت سنوری عەشیرەتەکەی دی ببەزێنێت عەشیرەتەکە بەرگری لەخۆی دەکات بە هەموو هێزو توانا هەتا لەوانەیە بچێت

داوای هێز بکات له دەوڵـەتێکی بیـانی بـۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی نەتەوەی خـۆی، چـونکه دەوڵـەتی عەشـیرەتەکەی تـرە جـا ئـەو کـارە هەرچـەندە بەڕێسای نەتەوەپـــەروەریی خیانـــەتی گەورەیـــە، بەڵام بەڕێسای عەشیرەتگەری بـەرگرییـە لــە ســەروەری عەشــیرەتو کــارێکی زۆر شێرانەیە، جـا ئەگـەر هـاتو بـەرگری پـێ نەکرا بە هیچ جۆر وناچار بوو تەسلیم بـە ئەمری واقیع بێت ئەوە لەسەرەوە لەگـەڵ دەوڵەتەکەیە، بەڵام تا بتوانێت زیـانی لـێ دەداتو تەمـــەنای ڕووخـــانی دەکـــات و بەچـاوی سـتەم کـارو داگیرکـار تەماشـای دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئـەوەی کـە عەشـیرەتی سـەرۆك خۆیـان بـە خـاوەن هــەموو شــت بـزانن، بـە چـاوی گومـان تەماشـای ئەنـدامانی عەشـیرەتەکانی تـر بکـەن جـار جـارەش سـتەمو زوڵمیـان لێ بکـەنو دەوڵـەتیش چـاو لـە زوڵمـەکانیان بپۆشــێ، چــونکه عەشـیرەتی خــۆی بــە پاســەوانو قــەڵغانی دەوڵــەت دادەنــێ و عەشــیرەتەکانی دی بــە نیمــچە خــائین دادەنێ، بۆیە بە هیچ جۆر عەدالەت ناکات لە نێوان پاسەوانو قەڵغانی دەوڵـەتو لـە نێوان نیمچە خائینان، کەواتە دەوڵەتێکی ناعەدلی لێ دەردەچێت هـەروەها سـەرۆك دەبێــت بــە دیکتــاتۆرێکی زۆر خــراپ، چـــونکه عەشـــیرەتەکەی هـــەر پـــشتی دەگرێــت لەســەر حــەقو ناحــەق بۆیــە دەبێتە نمونەی دەوڵەتی پڕ ئاژاوەو پـاش کەوتوو زوڵمو ستەم.

بۆیـە ئەوکەسـانەی بـیری عەشـیرەتگەری بەســـــەریان زاڵ بێــــت ئەگـــــەر عەشیرەتەکەیان ببێتە نۆکەری بێگانەو لە دژی بەرژەوەنـــدی نەتـــەوەی خۆیـــان بجـەنگن بـە خیانـەتی نـازانن، بـەڵکو بـە پاراســتنی بەرژەوەنــدی عەشــیرەتی خۆیانی دەزانن.

## پێشنیار:

بــۆ گەشــە پێــدانی لایەنــە باشــەکانی عەشـــیرەتگەری وکـــەم کردنـــەوەی زیانـەکانی لایەنـە خراپـەکانی پێویـستە پەیڕەوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- هـەوڵ بـدەین لایـەنی پێکـەوە ژیـانو یارمەتی یەکتر دانەکە گەشە پێ بدەین بۆ ئــەوەی لــە چــوار چــێوەی عەشــیرەت بپەڕێتــەوەو هــەموو نەتــەوە بگرێتــەوە، هەروەها هەوڵ بدرێت خۆبەخت کـردن بـۆ

بەرژەوەندی عەشیرەت پەرە بسێنێت و ببێت بە خۆبەخت کردن بۆ بەرژەوەندی نەتەوە، ئەوەش بەوە دەکرێت ڕێسای نەتەوە پەروەرییان بۆ دابڕێژرێت بە گوێرەی بیروبۆچونی ئەوان، بۆ نمونە دەتوانین پێیان بڵێین: نەتەوەپەروەر ئەو کەسەیە هەرچی بەلاوە خراپە دەرحەق بە عەشیرەتی خۆی پێویستە بە خراپی بزانێ دەرحەق بە نەتەوەی خۆی.

٢- پێویستە ئەو خەڵکانەی تا ئێستا پابەند بوون بە دابو نەریتی عەشیرەتگەری لە بارەی سزای (قصاص وحدود) تێبگەیەنرێن کە سزای یاسایی عادیل ترە لە سزاکەی ئەوان، ئەوەش پێویست دەکات بە هۆشیاری یاساییو عەدالەتیو بێ لایەنی دەزگای لێکۆڵەرەوە و بڕیاردان(التحقیق وقرار المحكمة) چونکە ئەگەر گومانی هەبێت لە دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانی(التحقیق الجنائي) وەکو ئەوە: وا بزانێ بەرتیل خۆرنو بەهۆی بەرتیل تاوانبار بە بێ تاوان دەنوسن، یان گومانی هەبێت لە ویژدانی دادوەر وەکو ئەوە: وابزانێ کەسەر بە لایەنێکەو هەر بۆ لای ئەو ڕای دەکێشێ، یان گومانی هەبێت لە خودی یاسا، وەکو ئەوە: وابزانێ کە یاساکە یاسایەکی ناعەدلە لەو حاڵەتانە دابو نەریتەکەی خۆی پێ باشترە، چونکە نیمچە عەدالەتێکی تێدایە، بەڵام ئەگەر بڕوای هات بەوەی کە یاساکە پتر عەدالەتی تێدایە لە دابو نەریتەکەی خۆیو دەستەی لێکۆڵەرەوە پاکو بێ گەردەو دادوەر زاناو بە ویژدانو بێ لایەنە ئەو کاتە تاوان لێکراو حەز دەکات ئیشەکە لە دادگا یەکلا بکرێتەوە، چونکە عەدالەتەکەی پترە.

٣- پێویستە بە ڕەهایی بوار بۆ سەرۆك هۆزەکان والا نەبێت: چونکە لەوانەیە سودو بەرژەوەندیان هەبێت لە خۆ هاویشتنە ناو ئەو کێشانەو حەز بکەن خۆیان وانیشان بدەن کە ئەوان حکومەتی هۆزنو هەموو حەلو فەسڵ هەر لە دەست ئەوانە، بۆیە لەوانەیە هەر حەلی لە دادگا بکرێت، ئەوان هەوڵی تێکدانی بدەن بۆیە پێویستە پەڕو باڵیان بکرێت بە جۆرێ کە نەوێرنو نەتوانن هەوڵی تێکدانی بدەن.

٤- هەڵمەتێكی ئایینی ڕێكوپێكو هۆشیار كەرەوە بكەینە سەر ئەو دابو نەریتانەی نـاكۆكن لەگـەڵ ڕەوشـتی ئـایینیو زیانبەخـشن بـۆ بەرژەوەنـدی گـشتی كۆمەڵگا، ئەویش كاریگەرێتی خۆی هەیە لەسـەر ئەوكەسـانەی لایـەنی ئـایین پەروەرێتیان بەهێزە.

## باسی دووەم: دەمارگیری دەروێشی و سۆفیاتی:

دەروێشیو سۆفیاتی گەری لە مێژە لە كوردسـتان هەیـەو پـەرەی سـتاندیە، چونكە لە سەرەتای وولات گێری (فەتحی ئیسلامی) بۆ كوردستان لەشكری ئیسلام هـەوڵی ئـەوەی نـەدا بـە تـۆبزی خـەڵكی بكـات بـە ئیـسلام، بـەڵكو ئـەو لەشـكرە تەنها هجومی دەكردە سەر هێزە ڕۆمانیو ئێرانییەكانی ئەو ناوچـەیەی لـە ئەستۆی خـۆی گرتبـوو، پـاش پاككردنـەوەی ناوچەكە لەو هێزانەو دروست كردنی دامو دەزگای تازە، كاربەدەستان هەستان بە دانانی (جزیەو خراج) لەسەر خەڵكەكە بە بێ جیاوازی لە نێوان جو و دیان(الیهـود والمسیحي) وە ئاگر پەرستو بت پەرستو هەر ئایینێكی تر[٣] پـاش دروسـت بـوونی دامو دەزگـای حكومـەتی ئیـسلام لـە ناوچەكە، هەندێ لە خەڵكەكە هەوڵیاندا لـەو ئایینـە تازەیـە شـارەزا بـن، پاشـان ڕێبـازی سۆفیایەتی دەورێكی كاریگـەری هەبوو لە پەرە پێدانو لـەبڵاو كردنـەوەی ئەو ئایینە تازەیە لەناو خەڵكەكە.

بـە گـوێرەی زانینـی مـن: یەكـەم شـێخی تەریقـەت لـە ئێـران هـات بـۆ كوردسـتان ئەویش ناوی (باپیر بووە كوڕی بایەزیدی بۆسـتامیە) لـە سـاڵی٣٨٠هـ لـە بۆسـتام هـاتووەو تەریقەتیـشی (تـەیفوری بـووە) چونكە بایەزید ناوی تـەیفور بـووە، بـەڵام لـە كوردسـتان نـاوی بـە (بـستامی) دەركردووە كوردەواری خۆمـان جـار جـار باستامی پێ دەڵێن.

ئەو زاتە كوڕێكی هەبووە بە ناوی بایەزید بووە بە ناوی باوكی خۆی كردۆتەوە، ئەو بایەزیـدە زۆر دەوری هـەبووە لـە بـڵاو

---

(3) أبو يوسف، كتاب الخراج: ص٤١و١٢٨، حيث قال: (وجميع أهل الشرك من المجوس وعبدة الأوثان وعبدة النيران والحجارة والصابئين والسامرة، تؤخذ منهم الجزية، ما خلا أهل الردة من أهل الإسلام).

کردنـــەوەی ئیـــسلام، تەریقەتەکەیـــشی بەناوی خۆی ناوبانگی دەرکردووە.

پاش ئەو زاتە شێخ (عدی کوڕی موسافر) دەکەوت ئـەو زاتـە عـەرەب بـوو لـە شـام هــاتبوو بــۆ کوردســتان، پاشــان شــێخ عبـــدالعزیزی کـــوڕی شـــێخ عبـــدالقادری گەیلانی هاتە ناوچەکە، ئـەوان هـەموو لـە ناوچـــەی هـــەولێرو بادینـــان بـــوون لـــە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش زۆر بوون، لەوانە شێخ خالدی کـوڕی حەسـەن کـوڕی علـی کوڕی شێخ حسن الـــشاذلی هاتـە دەوری مــەریوان، پاشــان بــە بنەماڵــەی کــاکۆ زەکەریا ناوبانگیان دەرکردو شێخ عیساو شێخ موسا بەرزنجی ئەوانـە هەرکـەس لـە ئاستی خۆی دەورێکی کاریگەریان هـەبوو لـە بـڵاو کردنـەوەی ئیـسلام، بـە تایبـەت لەناو ئەو کۆمەڵانەی کە ئاگر پەرستو بت پەرســت بــوون، بــەڵام ئەوانــەی پــێش ئیسلام ببون بە دیان یان ببون بـە جـو وا بە ئاسانی ئیسلام نەدەبوون.

پاشــان شــێخ زۆر بــوون لەبــەر ئــەوەی هــەموو منداڵــە شــێخەکان بــە ویراســی دەبوون بە شێخ و خەلیفـەکانیش هەنـدێ جـار ڕەگـو ڕیـشەیان لـەناو دڵـی کۆمـەڵی مەریدانـدا دەکوتــاو ســەربەخۆی خۆیــان ڕاگەیاند، ئەوانیش هەر دەبـوون بـە شـێخ هەروەها گـەلی دەروێـشی هنـدیش کـە بـە ڕێگای ئێران دەهاتنە بەغـدا بـۆ زیـارەتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە گەڕانـەوەیان لە کوردستان دەمانەوە، هەندێکیان ژنیان دەهێنا لە کوردستان کۆمەڵێ شێخیان لـە پاش بە جێ دەما.

ئەو زۆربوونەی شێخان لە کوردستان بـوو بە هۆی ململانـێ لەسـەر (مناطق ونفـــوذ) ئەو ململانێیەش لەزۆر شت ڕەنگدانـەوەی هەبوو هەموویشی زیـان بـەخش بـوون بـۆ ئـایین و بـۆ نەتـەوە، بـۆ نموونـە هەنـدێ لایەنی ڕەنگدانەوەکە خۆیان لەو خاڵانـەی خوارەوە دەنوێنن:

١- گرنگیدان بە ڕەگەزی ویراسـی شـێخە ئەسڵەکان ئەوانەی بە ڕەگەز لـە باپیریـان عەرەب بوون یان فارس بوون یان هینـدی بوون، کەوتنە دیعایە لە شێخەکانی کە لە ئەسڵ کورد بوون، بابو باپیریان خەلیفـە بـــــوو ســـــەربەخۆی ڕاگەیانـــــدبوو، دیعایەکەیشی بەو جۆرە بـوو: کـە شـێخی ڕاستەقینە ئەوەیـە کـە کـوڕی شـێخ بـێو نورەکـەی لـە پـشتی بـاوکی بـۆ هاتبـێو

ڕووحی باپیری هەردەم بەسەر خۆییو مەریدەکانی بسوڕێتەوە، چونکە ئەو جۆرە شێخە ئەسڵییە ڕوحی باپیری بۆی دەبێت بە سوپەرو قەڵغان، شەیتان ناتوانێت زەفەری پێ ببات.

ئەو قسەیە ئەگەر چی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام پوچەڵە، چونکە باوکی ابراهیمﷺ کافرێکی بت پەرست بوو هیچ لە مەرتەبەی کەم نەکردەوە، کوڕی نوح ﷺ بە کافری لەناو ئاو خنکا هیچ سوودی لە پێغەمبەرایەتی باوکی نەدیت، هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(يا فاطمة بنت محمد سليني ما شئتي من مالي، لا أغني عنك من الله شيئاً)[٤].

یانی: ئەی فاتیمەی کچی محمد ﷺچیت دەوێ لە ماڵی من داوام لێ بکە دەتدەمێ، بەڵام لای خوا لە قیامەت هیچ سودم بۆت نابێت.

بەڵام بە گوێرەی عەقڵی کوردەواری ئەو سەردەمە ئەو قسەیە زۆر کاریگەری هەبوو، چونکە زۆربەی ئەو کوردانەی موسڵمان ببوون لە ئەسڵ بت پەرستو ئاگر پەرست بوون، زۆر خورافیاتی بێ سەرو پێیان لەناو باوبوو، خورافیاتێك لە خورافیاتەکانیان ئەوە بوو کە ڕووحی مردوو زۆر بەهێزە دەتوانێت لە جۆرەها شێوە خۆی پیشانی ئادەمیزاد بدات، ئادەمیزادی زیندوو هەرچەندە بەتوانا بێت ناتوانێت لەبەرامبەر ڕوحی مردوو ڕاوەستێت یان دەست هەڵێنێ، بۆیە دەبێت قەبرستان لە خۆشترو باشترین جێگا بێ، هەروەها شتیان ئامانەتی قەبرستان دەدا هەرشتێ ئامانەتی قەبرستان بدرابایە کەس نەیدەوێرا دەستی بۆ ببات بەمەبەستی دزی یان خراپە، هەروەها ئەگەر تووشی بەڵایەك بهاتنایە هاوارییان بۆ مردووی قەبرستان دەبرد بۆ ئەوەی ڕوحی مردووەکان یارمەتییان بدەن، بۆیە ئەو مەسەلەیەی کە شێخ ڕوحی باوکی یارمەتی دەدات تێرو پڕ بوو لەگەڵ عەقیدەکەیانو زۆر چاکیان وەرگرت هەرچەندە پێچەوانەشە لەگەڵ ئایینی ئیسلام.

---

(4) (البخاري، فتح الباري: ٣٨٦/٨، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٩٨٢) .

## سودو زیانی ئەو جۆرە بیرو بڕوایە:

بە نیسبەت شێخە ئەسڵەکان بەو دیعایە زیانێکی زۆریان بەڕەوشتی ئایینیو کۆمەڵایەتی گەیاند خۆشیان هیچ سوودیان لێ نەدیت.

ئەو زیانەی لە ئایین کەوت بریتییە: لەوەی کە ئەو بڕوایە لە لایەك جۆشدانەوەیە بۆ عەقیدە کۆنەکەی پێش ئیسلام، لە لایەکی دی پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێ:

(من أبطأ به عمله لم يسرع به نسبه)[5].

واتە: هەرکەسێك لە ڕۆژی قیامەت کردەوەی خراپ بێت ودوای بخات نەسەبی سودی بۆی نابێت وپێشی ناخات ونایکاتە بەهەشتەوە٠

وەخوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣] .

واتە: بەڕێزترین وباشترنتان لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لە هەمووتان بەتەقواترە٠

هەروەها دەفەرمێ:

﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ﴾ [البقرة: ١٣٤، و١٤١] .

تا بلێی ئایەتو حەدیس زۆرە لەبەرپەرچدانەوەی ئەو خورافیاتانە.

ئەو زیانەی بە کۆمەڵایەتییان گەیاند بریتییە: لەوەی کە لە مێشکی خەڵکەکە چەسپا کە شێخە ئەسڵەکان ئەوانەن کە لە بابو باپیریان کورد نینە، بەڵام شێخەکانی بابو باپیریان کوردە فەنتازینەو بەکەڵك هیچ نایێن، چونکە شێخی بەڕەگەز کورد لەخەڵك کەمترە، کەواتە سەرشۆڕ کردنی کورد بۆ نەتەوەکانی دی شتێکی سروشتییە، تا ئێستایش ئەو هەستە کاریگەرایەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە زۆر کەس لە ئێمە کە دەگاتە پلەو پایەیەکی باش هەوڵ دەدات بنەچەکی خێزانەکەی بکات بە عەرەب یان تورك یان فارس یان هیندی، چونکە هەست بەوە دەکات کە پیاوی گەورە نابێت بەڕەچەڵەك کورد بێ، ئەو هەستە

---

(5) (جزء من حديث أخرجه الترمذي، عارضة الأحوذي: ١١/٦٤، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٧١٥)٠

هەرچەندە لەبارەی ئایین شتێکی خراپە، چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ:
﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾
[الحجرات: ١٣] .

بەڵام لە ناخی زۆر کەسی کورد هەیە لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمان کرد، هەروەها هیچ سودیان لە دیعایە نەکرد، چونکە شێخەکان بە ئەسڵ کورد بوون زۆربەیان توانیان سەرجەلەی ناکوردایەتی بەدەست بهێنن، کەواتە نەیانتوانی لەساحەکە وەدەریان بنێن، بۆنمونە کە شێخە بەرزنجییەکان ویستیان (مەولانا خالید) سوك بکەن بەهۆی ئەوەی نەسەبی سێدایەتی نییە، موریدەکانی مەولانا گوتیان: مەولاناکە چی جافە، بەڵام تیرەی ئەوان نەسەبی دەگاتەوە ئیمامی عوسمان ﵁ کەواتە بەنەسەب ئەمەوییەو حەزرەتی عوسمانیش﵁ سێیەم خەلیفەی ڕاشیدە، بەو قسەیە توانییان بەرپەچی بەرزنجییەکان بدەنەوە[٦] .

٢- گرنگی دان بە مەدحی شێخەکان ئەو مونافەسەی شێخان وای کرد لە موریدەکان موبالەغە بکەن لەوەسفی شێخ، هەرکەس مەدحی شێخەکەی خۆی دەکرد بۆ کەسب کردنی خەڵك ئەو مەدح کردنەش بوو بەهۆی زیان لەسەر ئایین، چونکە بەنەزانی دەکەوتنە ناوی‌و حودودی مومکین‌و موستەحیلیان نەدەزانی، هەروەها حودودی دروست‌و نادروستیان دەبەزاند وە حودودی مەعقوڵ‌و نامەعقوڵیان تێکەڵاو دەکرد، وەکو ئەم نمونانە: شێخ دەتوانێت بچێتە مەکەو نوێژ بە جەماعەت بکات‌و هەمان ڕۆژ بێتەوە ماڵی.

---

(6) لێرە حەز دەکەم ئاماژە بە شتێکی زۆر گرنگ بکەم ئەوەیش ئەوەیە کە هەندێك لە مێژوونووس دەڵێن: کورد ئەسڵی عەرەبە، لێرە حەز دەکەم هەموومان ئەو ڕاستییە بزانین کە سەرچاوەی ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانەی نێوان شێخی ئەسڵی وشێخی فەنتازی، چونکە ئەوانەی ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە وبرەویان پێ داوە کوردن، بۆ نمونە: (ابن خلكان) ئەو قسەی برەو پێداوە ئەویش کوردە، هەروەها(شێخ ابراهیم الگورانی) ئەو قسەی دووبارە کردۆتەوە ئەویش هەر کوردە، هەروەها ئەو زانا عەرەبانەی ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە ئەوانیش برادەرو دۆستی شێخە کوردەکان بووینە، ولەبەر خاتری ئەوان ئەو قسەیان بڵاوکردۆتەوە، چونکە لەو کاتە بیری تەعریب کردنی کورد لە ئارا نەبوو.

ئەو قسە زۆر نامەعقوڵە بە پێی شەرع، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەیتوانی لە مەکە بچێتە مەدینە لەسەفەری هیجرەت بەو جۆرە، چونکە ئەگەر بەو جۆرە بیتوانیبایە خۆی توشی ئەو ماندووبونو برسیبوونو خۆشاردنەوە لە غاری حیرا نەدەکرد.

یان دەیانگوت: شێخ چاو بچوقێنێ هەموو شت دەزانێ ئەوەش ڕاست نییە، چونکە خوا دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ﴾ [الأعراف: ١٨٨].

واتە: ئەگەر من (پێغەمبەرﷺ) غەیبم بزانیبایە ئەوا چاکەم زۆر دەکرد هەرگیز توشی خراپە نەدەبوم.

وەدەفەرمێ:

﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾ [الأحقاف: ٩] .

واتە: من(پێغەمبەرﷺ) تەنها پێغەمبەر نیم کە نێردرابێتم ولەپێش من هیچ پێغەمبەری تر نەنێردرابێت، وە من نازانم خوای گەورە من وئێوە توشی چی دەکات وچیمان لێ دەکات، بەڵکو من تەنها شوێنی ئەو سروشە دەکەوم کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆم دێت.

وە دەفەرمێ:

﴿قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ [الأنعام: ٥٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوای گەورە لای منە، وەپێیشتان ناڵێم کەمن غەیب دەزانم.

وە لەکاتی بە پێغەمبەریاندا ﷺهەڵگوت: (وفينا نبي يعلم ما في غد).

واتە: پێغەمبەرێکمان هەیەﷺ دەزانێت بەیانی چی ڕوودەدات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(لا تقولي هكذا)**[7].

واتە: وامەڵێ.

یان دەیانگوت: شێخ جارێك تەوەجوهی کرد لە ڕەوسەی گەنم گەنمەکە بە خۆی لە کایەکە جیا بوەوە ئەتگوت شەنەبا کراوە، یا دەیانگوت: کابرایەك تووشی نەخۆشی گەڕی هاتبوو هەموو دکتۆری دونیایان کرد هیچیان پێ نەکرا هاتە خزمەت شێخی بە فوو چاکی کردەوە، یا

(7) (البخاري، فتح الباري: ٢٤٤/٧، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣١٤٠) .

دەیانگووت: هەموو ساڵێك لەو شەوەی ئەرزاقو باران دابەش دەكرێت شێخیش لەو لیژنەیە ئەندامە كە دابەشی دەكەن، كەچی خوا دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ﴾ [الأنعام: ١٧] .

واتە: ئەگەر خوای گەورە توشی زیانێكت بكات ئەوا كەس ناتوانێت لەسەرتی لابات تەنها خۆی نەبێت.

یا دەیانگوت: هەرچی لە فەرمانی شێخ سەرپێچی بكات شێخ لەقەی لێ دەدات، كەچی خوای گەورە دەرحەق پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

﴿قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا﴾ [الجن: ٢١] .

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان بڵێ من موڵكی زیان وسود پێگەیاندنی ئێوەم نییە.

زۆری دی لەو قسە بێ سەرو بەرانە.

ئەو جۆرە مەدح كردنە زیانبەخشە بۆ ڕەوشتی ئایینی ئیسلام، چونكە پێغەمبەر ﷺ ئەو پلەو پایەیەی نەبووە، كەواتە لە مێشكی خەڵك دەچەسپێ كە ئەو شێخانە پلەو پایەیان لە پێغەمبەرﷺ گەورەترە كە ئەوەیش موسیبەتە.

زیانێكی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە ئایینی پیرۆز ئایینێكی ڕوحییە ئامانجەكەی بەرز كردنەوەی ڕەوشتی موسڵمانەو نزیك بوونەوەیە بۆ لای خوای پەروەردگارو ڕووكردنە بەرەو قیامەتو نەترسانە لە دونیا، كەچی ئەو قسانەی ئەوان ئامانجەكە دەگۆڕێ بۆ ئایینێكی ماددی، چونكە داوا لە موریدان دەكات خۆیان تەسلیمی شێخ بكەن نەوەك شێخ لەقەیان لێ بداتو توشی ناخۆشیان بكات، كەواتە لەترسا یان بۆ ئەوەی شێخ بەشی باشیان بۆ داوا بكات لە رزق لەكاتی دابەش كردنی كەواتە بۆ قازانج، یان بۆ ئەوەی نەخۆش بوون شێخ داوای شیفایان بۆ بكات تا دوایی.

هەروەها فێری واسیتەو واسیتەكارییان دەكات، چونكە هەر ئیشێكی پێویستیان هەبێت شێخ دەكەن بە واسیتە بۆ لای خوا، هەمووشمان دەزانین هەر دەوڵەتێك واستەو واسیتەكاری لەناودا بڵاو بێتەوە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە حوكمڕانەكانی ناعادلنو بێ ئاگانە لە

پێویستی گەلەکەیان، چونکە ئەگەر عەدالەتیان بکردبایە خەڵك ناچار نابوو ڕیشوەت بدات یا واسیتە بکات.

جا نازانم ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن وا تێ دەگەن خوا ناعادلە هەتا واسیتە بە شێخ بکەن، یان واتێدەگەن دەنگیان بە خوا ناگاتو خوا ئاگادار نییە لە حاڵو باڵیان جا واستە بە شێخ دەکەن تا سکاڵاکەیان بگەیەنێت بەخوا، ئەوەش پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامە چونکە خوا ئاگادارە بە هەموو شتو عادیلە.

٣- ململانەو پاوان خوازی: هەرشێخێك ڕەگو ڕیشەی داکوتا لە ناوچەیەك ئەوە ئەو ناوچەیە بە موڵکی خۆی حیساب دەکات لە شێخایەتی کردنی، ئەوە پشت بە پشت بە میرات ئەو شێخایەتی لە باوك بۆ کوڕ بەجێ دەمێنێ، جار جارە ئەگەر شێخ کوڕی نەبێت کچەکەی دەبێت بە شێخ، وکەس مافی شێخایەتی کردنی نییە لەو ناوچەیە یان لەناو ئەو عەشیرەتە، ئەو پاوان خوازییە جار جار شەڕی نێوان دوو عەشیرەتی لێ دروست دەبوو، نمونە: هەندێ جار دوو عەشیرەت یان خەڵکی دوو ناوچە نێوانیان ناخۆش دەبوو بەهۆی نێوان ناخۆشی شێخی هەردوو ناوچەکە.

**بۆ ئاگاداری:**

١- لێرە من حەز دەکەم ئەمە ڕوون بکەمەوە کە تەسەوفی ڕاستەقینە ڕاستەو ئەویش بریتی‌یە لە چەند ڕەوشتی جوانو بەسود بۆ کۆمەڵ، وەکو ڕاستگۆیی‌و یاریدەدانی حەق هەتا ئەگەر ئەوکەسە توشی زیانیش ببێت بەگژدا چوونەوەی ستەم هەتا ئەگەر تووشی زیان ببێ، وبەگژداچونەوەی ستەم هەتا ئەگەر توشی زیان ببێ وژێریش کەوێ، ڕازی بوون بە فەقیری‌و نەداری و دوور کەوتنەوە لە هەواو هەوەس‌و زۆر شتی خراپی دی.

٢- ئەو شێخە پایەدارانەی وەك شێخ عبدالقادری گەیلانی‌و شێخ عبدالعزیزی کوڕی‌و شێخ عەدی کوڕی موسافیرو شێخ بایەزیدی بۆستامی‌و مەولانا خالید، ئەوانە پیاوی عالم بوون، وئیسلامی ڕاستەقینەیان بە خەڵك نیشان دەدا و بەربەرەکانی‌و خورافیاتیان دەکرد، ئەبو یەزیدی بۆستامی دەفەرمێت: (ئەگەر تەماشای پیاوێکتان کردو دیتان زۆر شتی

عەنتیکەی بۆ دەکرێ‌و هەتا دەتوانێ بشفرێ لە هەوا پێ هەڵمەفرێوێن تا تەماشای کردەوەی دەکەن‌و دەبینن چۆنە لە بەرامبەر فەرمانەکانی خوا)[٨].

ئیمامی جەعفەری سادق دەفەرمێ: (ئێمە بەندەی خوداین خودا ئێمەی دروست کردووەو هەڵیبژاردووین واللە ئێمە هیچ ماف‌و بەڵگەمان لەسەر خودا نییەو هیچ بەڵێنمان نییە لە خوا کەئێمە مەعفوینە، ئێمە دەمرین‌و ڕادەگیرێین‌و لێمان دەپرسرێتەوە)[٩].

یانی ئەگەر کردارێك بە پێی شەرع بوو ئەوا شتەکەی کەرامەتە بەڵام ئەگەر کرداری بە پێی شەرع نەبوو ئەوە سیحرەو لە شەیتانەوەیە.

(8) (ريسان حسن البسطامي، بايزيد البسطامي الإختيار عند اليزيدية، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل سنة٢٠٠٠ ص١٣).

(9) د. السيد علاء الدين القزويني، مسائل عقائدية، مطبعة الشهيد، (قم) سنة ١٩٩٧، ص٢٨ ونصه: قال الإمام الصادق: (ما نحن إلا عبيدالله الذي خلقنا واصطفانا، والله ما لنا على الله حجة وما معنا من الله براءة، وإنا لميتون وموقوفون ومسؤولون)

ئەو خواناسانە بە موریدانیان نە دەگووت: مەدحمان بکەن بەڵکو بە مەدح کردن دڵ گران‌و عاجز دەبوون.

ئەو پیاوە چاکانە بە کەسیان نەدەگووت: کوڕەکان‌و نەوەکانمان هەردەبێ شێخ بن ئەگەر نوێژ نەکەریش بن‌و هەردەبێ دەستیان ماچ کەن.

ئەو پیاوچاکانە نەیانگوتییە: ئەو ناوچەیە یان ئەو عەشیرەتە پاوانە بۆ نەوەکانم‌و نابێ کەسی دی ئیرشادی تێدا بکات.

ئەو پیاو چاکانە قەت نەیاندەگووت: شیفای نەخۆش بە دەستی ئێمەیە یا ڕزق دابەشکردن بە دەستی ئێمەیە، چونکە هەرکەسێ بڕوای وابێ خوا ئیش‌و کاری خەڵکی داوەتە دەست مەلائیکەتەکان یان پێغەمبەران یان پیاوچاکان، ئەوان ڕزق بەش دەکەن یان باران دەبارێنن یا دەتوانن خەڵك بمرێنن ئەوانەی کردووە بە هاوتای خوا[١٠].

(10) د.السيد علاء الدين القزويني، المصدر السابق: ص٣٢، ونصه: (فلو اعتقد أحد بأن الله فوض أمور العالم وتدبيرها من الخلق والرزق والأمانة ونزول الثلج والمطر، وغير ذلك من حوادث العالم الى ملائكته أو صالحي عباده، فقد جعلهم أندادا له سبحانه.

بۆیــێ شــێخە خواناســەکانی کوردســتان لەگەڵ ئەوە نەبوونە کە شێخایەتی ببێت بە ویراسی هەروەها لەگەڵ ئەو مەدحو خۆهەڵکێشانە بێ سەرو بەرە نەبوونە لەگەڵ ئەو ململانێو پاوان خوازییە نەبوینە چونکە پیاوی باش حەز لە مەدحو خۆهەڵکێشان ناکات.

لێرەدا لەوانەیە یەکێك بپرسێو بڵێ: ئەگەر ئەو پیاوچاکانە مەحسوبو موریدی خۆیان هان نەدابێ بۆ ئەو جۆرە بیروبڕوا خراپانە ئەو موریدانە ئەو قسانەیان لە کوێ هێناوە؟

وەڵام: بە بۆچوونی من ئەو توندڕەوی‌یەی ئەو سۆفیو دەروێشانە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی نەفسیو دەروونی خۆیان، چونکە پێویستە ئێمە ئەوە بزانین کە ئەو میللەتە پێش ئیسلام بوونی چەندەها ئایینی هەبووە زۆربەی ئایینەکانیش پڕبوونە لە خورافیات، بۆ نمونە: زۆر بایەخیان بە مەسەلەی جنۆکە داوەو وای لێ حاڵی بوونە کە جنۆکە هەموو شتی پێ دەکرێ بۆیە بەڕێزەوە ناویان هێناون ونازناوی گەورەیان بۆ داناون وەکو: لە ئێمە چێترو دێوو پەری.

ئەگەر بێت ئێمە لێکۆڵینەوە لەو سێ نازناوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە جنۆکە زۆر گرنگ بووە لە بیروباوەڕی ئەو نەتەوەیە، چونکە وشەی لە ئێمە چێتر ئیعتیرافە بە بێ نرخی ئادەمیزادو پڕ بایەخی جنۆکە، بۆیە بە زمانی خۆی ئیعتیراف دەکات کە جنۆکە لەو چاترە هەروەها دێو تا ئێستایش باسی کەسێکی ئازاو بەهێز دەکەن دەڵێن: دەڵێی دێوە هەروەها مەدحی ژنێك بکەن دەڵێن: دەڵێی پەرییە.

هەروەها کێوەکانی کوردستان هەردەم پڕ بووە لە شتی سامناك وەکو بەفرو زریانو دەعباو دڕندەو ڕێگای سامناك لەقەد چیا هەرەبەزەحمەت هەر خلیسکێیگییان لەدەست دەدیو زۆر شتی دی.

کەواتە ترسناکی دەڤەرەکەو کاریگەری کۆنە ئایینە خورافیەکان سەرچاوەی ئەو بۆچونە خراپانەی ئەو موریدانەن، ئەگەر نا چۆن دەتوانین تەفسیری هەندێ کردەوەی سۆفیو دەروێشان بکەین بەرامبەر شێخ، بۆنمونە: هەندێك لەسەر لەپ دەڕۆن بۆ خزمەت شێخو دەستی ماچ دەکەنو هەندێك لە خزمەت شێخ

ڕادەوەستن دەست لەسەر دەست، جارێ یەکێ بە دەروێشێکی گووت: کوڕی شێخ عارەق دەخواتەوە دەروێش بە تووڕەیی گووتی: درۆ دەکەی، کابرا گووتی: دەروێش لەگەڵم وەرە بۆ نادی تا بە چاوی خۆت ببینی، دەروێش گووتی: بە چاوی خۆیشم ببینم هەر درۆیە.

لێرە مەسەلە بێ عەقڵیو شێتی نییە، بەڵکو دەروێش لەو بڕوایەدایە ئەگەر کوڕی شێخ نوێژ نەکەریش بێو عارەق خۆریش بێت هەر لە هەموو خەڵك باشترە، چونکە باوکی واسیتەی بۆ دەکات لە لای خوا، کەواتە مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوڕی شێخ بە هەموو عەیبێکەوە لە ئێمە چێترە چونکە کوڕی شێخە.

بڕوا بکە هەندێ دەورێشو سۆفی گێلو وێل کە باسی شەڕە ئەولیا دەکەن بە ئەسراڕو کەرامەت دەڵێی ئەفسانەی دێوی ڕەشو دێوی سپیت بۆ دەخوێنێتەوە، جا ئەو شەڕە شێخە لەسەر دەسەلات چۆن دەگونجێت لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کەدەفەرمێت:

(لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه)[11].

واتە: باوەڕی کەستان تەواو نییە تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای موسڵمانیشی پێی خۆش نەبێت.

خۆ شێخ برای یەکترن لە ئایین بۆیێ بە گوێرەی ئەو حەدیسە دەبێت یەکێکیان بۆ خۆی چی پێ خۆشە ئەوەشی بۆ برا وەلیەکەی پێ خۆش بێت، جا ئەوانەی پەیڕەوی ئەو فەرموودەیە بکەن چۆن دەتوانن ئەو شەڕە ئەسرارو کەرامەتە دڕندەییانە بکەن.

پێشنیار:

من بڕوام وایە ئەو حاڵەتە بەو جۆرە بڕوات زیانێکی زۆر بە ئایینو نەتەوەو میسداقیەتی شێخەکان دەکەوێ، چونکە ئەو جۆرە قسانە هەڵدەڕەخسێنرێن بۆ ئەو کەسانەی دژ بە دینن تانە لە شێخە ڕاستەکان بدەنو هەوڵی سووك کردنی پیاو چاکان بدەنو میسداقیەتیان نەهێڵن، ولە پەنای ئەوانیش تانە لە ئایین بدەن بەگشتی، میللەتەکەیش بەو گێرەو

---

(11) (البخاري في هامش فتح الباري: ١/٥٤، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٨٣) .

کێشەیە خەریك بکەن بە جۆرێك بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی لەبیر بەرنەوە.

بۆیێ من بە پێویستی دەزانم بۆ ڕاگرتنی ئەو تەدەهورە ئەو خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکرێ:

١- جۆرە یەکتر گرتنو هەماهەنگی دروست بێت لە نێوان شێخەکانی ئایین پەروەر، لیژنەیەك دروست بکرێ لە پیاوچاکان بۆ دانانی هەندێ مەرج بۆ ئەو کەسانەی نازناوی شێخیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی ئەو فەوزایەی ئێستا هەیە نەمێنێ، چونکە پێچەوانەی شەرعو عەقڵە تۆ زەلامێ لە مەی خانە بێنیو بیکەیتە شێخو لە جێگای باوکی دایبنێی چونکە کوڕی شێخە.

یان زەلامێکی ناسراو بە نوێژ نەکەری یا ناسراو بە حەرام خۆری یا ناسراو بە دامێن پیسی بکەی بە شێخ.

٢- ئەو کوڕە شێخانەی ناسراون بە نوێژنەکەری یا حەرام خۆری یا عارەق خۆری یا دامێن پیسی دەبێ نازناوی شێخایەتییان لێ قەدەغە بکرێت.

٣- ئەبێ ئەو خەونو خەیاڵانەی سۆفیو دەروێشان کە ناگونجێ لەگەڵ شەرعو دەبێتە هۆی دەم درێژی لەسەر مقامی پێغەمبەری ئیسلامﷺ قەدەغە بکرێ، چونکە هیچ کەس نابێ پلەو پایەی گەورەتر بێت لە پێغەمبەرﷺ یا وەکو پێغەمبەر ﷺ بێت چونکە خوا دەفەرمێ: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّـهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ [الأحزاب: ٢١] .

یانی: بەڕاستی بۆ ئێوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرمەشقی چاك هەیە. هەمووشمان دەزانین پێغەمبەرﷺ لافی ئەوەی لێنەداوە کە ئەسرار دەزانێ بەڵکو لە کاتی سەفەری مەدینە پیاوێکی بەکرێ گرت تا شارەزایی ڕێگای بۆ بکاتو پرسیاری هەواڵو دەنگو باسی دونیای لە خەڵکی دەکردو خەڵکی دەنارد تا هەواڵی دوژمنی بۆ بێنن.

٤- دەبێت گرنگی بە کردارو گوفتارە جوانو پڕ سوودەکانی شێخە پیاو چاکەکان بدرێ نەك باسی کەرامەتو خەواریق چونکە کردەوە تەرازووی شەرعە نەك خەواریقات بۆیە پیاو چاکان دەڵێن: ئەگەر کەسێك هەرچەند خەواریقی

لەدەست دەهات هیچ حیسابی بۆ نەکەن تــا تەماشــای کردەوەکــانی دەکــەن لــە بارەی پابەند بوونی بەشەرع.

٥- شــێخایەتی بــە ویراســی نــەمێنێت چونکە ساڵحی‌و فاسقی بە ویراسەت نییـە بۆیێ زۆرجار لـە فاسقان سـاڵح دەبـێ وە گـەلێ جـار لـە سـاڵحانیش فاسـق دەبـێ، هەروەها پێویستە بۆ سـۆفی‌و دەروێشان روونکرێتەوە کـە گوناهێکی زۆر گەورەیـە دەسـتی پیـاوی نوێژنەکـەرو ئـارەق خـۆر ماچ بکەن، چونکە خوا لەو جۆرە کەسانە ناڕازییـە کـە گونـاح دەکـەن، کەواتـە لـەو کەسەش توورە دەبێ کـە پـشتی دەگـرێ یا دەستی ماچ دەکات.

٦- ڕقابەیەکی شەرعی دابنرێ بۆ هۆشیار کردنــەوەی ســۆفی‌و دەروێــشەکان کــە لـــەکاتی مـــەدح‌و ســـەنای شـــێخان‌و پیاداهــەڵگوتنیان یــان لــەکاتی چــونە لایـان‌و ڕێزیـان لێ دەگـرن مـەدح‌و سـەناو ڕێزەکەیان لە سنوری شەرع تێنەپەڕێ.

**وصلى اللّه على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين**

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
1429 کۆچی

# مافەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەسەر باوەڕدارانەوە

م/ عبيد محمد امين
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی(مجمع) لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ٠

مافی یەکەم: پێغەمبەری خوامان ﷺ خۆشتر بوێت لە خۆمانو دایكو باوكو ماڵو منداڵمانو هەموو خەڵكی.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(لايؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين)[1].

واتە: هیچ كەسێك لە ئێوە باوەڕی تەواو دامەزراو نییەو باوەڕدای راستەقینە نییە تا من خۆشەویستر نەبم لای لە دایكو باوكو ماڵو منداڵیو هەموو خەڵكی بەگشتی.

هاوەڵی خۆشەویست(عومەری كوڕی خطاب) رضي الله عنه بە پێغەمبەری خودای ﷺ فەرموو: (لأنت أحب إلي من كل شيء إلا من نفسي، فقال النبي ﷺ: لا، والذي نفسي بيده حتى أكون أحب إليك من نفسك، فقال له عمر رضي الله عنه: والله لأنت أحب إلي من نفسي، فقال ﷺ: الآن ياعمر)[2].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاستی تۆ لای من لە هەموو كەس خۆشەویست تری جگە لە نەفسی خۆم، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرمووی: نەخێر سوێند

(١) (رواه البخاري: ١٥، ومسلم: ٤٤) ٠

(٢) رواه البخاري: ٦٢٥٧) ٠

بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە باوەڕت تەواو دامەزراو نییە هەتا من خۆشەویست تر نەبم لات لە نەفسی خۆیشت زیاتر، پێشەوا (عمر بن الخطاب) رضي الله عنه فەرمووی: سوێند بە خوا ئێستا تۆ خۆشەویست تری لام لە نەفسی خۆم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئا ئێستا باوەڕت تەواوە ئەی عومەر.

ئەم دوو فەرموودەیە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرایە لەسەر ئەوەی خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ بنچینەیەکی زۆر گەورەو گرنگەو باوەڕداری ڕاستەقینە دەبێت پێغەمبەری خوای ﷺ لە خۆیو هەموو خەڵکی سەر زەوی خۆشتر بوێت ئەو کاتە باوەڕداری ڕاستەقینەیە وەك پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرمێت: (ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: أن يكون الله ورسوله ﷺ أحب إليه مما سواهما...)[3].

واتە: سێ شت هەیە هەرکەسێك ئەم سێ شتەی تێدا بێت ئەوە شیرینی باوەڕی چەشتووە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆشەویست تر بێت بەلایەوە لە هەموو خەڵکی زیاترو هیچ کەسی بە ئەندازەی ئەوان خۆش نەوێت.

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی باوەڕداری ڕاستەقینە بوون بۆیە پێغەمبەری خوایان ﷺ زۆر خۆش دەویست، ئێمەش بە یارمەتی خوا چەند نمونەیەك دەهێنینەوە تا بە تەواوی بۆمان دەبکەوێت کە ئەوان باوەڕداری ڕاستەقینە بوونو شیرینیو چێژی باوەڕیان کردبوو، خوای گەورە لێیان ڕازی بێو لە بەهەشتدا لەگەڵ پێغەمبەرانو ئەو هاوەڵە بەڕێزانەدا کۆمان بکاتەوە.

**نمونەی یەکەم:** کاتێك پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لەسەر مینبەرەوە فەرمووی: ﴿(إن الله خيَّر عبداً بين أن يخلد في الدنيا، وبين ما عند الله، فاختار ما عند الله) فبكى أبو بكر بكاءً شديداً، وقال: نفديك بآبائنا وأمهاتنا يارسول الله ﷺ﴾[4].

---

[3] (رواه البخاري: ١٦، ومسلم: ٤٣).

[4] (رواه البخاري: ٤٥٤).

واتە: بێگومان خوای گەورە بەندەیەکی سەرپشك کرد لە نێوان ئەوەی کە هەتا هەتایە لە دونیادا بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لای خوای پەروەردگارە، واتە: بەبەهەشتی پەروەردگار، ئەو بەندەیەیش ئەوەی لای خوای پەروەردگاری هەڵبژارد. پێشەوای خۆشەویست ابو بکر الصدیق رضي الله عنه دەستی کرد بە گریانو زۆر بە کوڵ گریاو فەرمووی: دایكو باوكمان بە فیدات بێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

**نمونەی دووەم:** لە(صلح الحديبية)دا نێردراوی کافرەکان(عروة بن مسعود) وویستی دەست بدات بە ڕیشی پیرۆزی پێغەمبەری خواوە ﷺ لە کاتێکدا قسەی لەگەڵدا دەکرد.

هاوەڵی خۆشەویست(المغيرة بن شعبة) رضي الله عنه نوکی شمشێرەکەی دا بەدەست (عروة بن مسعود)داو پێی فەرموو: دەستت دوور بخەرەوەو لە ڕیشی پێغەمبەری خوای ﷺ نزیك مەخەرەوە ئەگینا دەستت دەبڕمو نایەڵم جارێکی تر بەسەلامەتی دەستت بگەڕێتەوە لات، واتە: دەستت دەبڕم.

کاتێك(عروة بن مسعود)ی بێ باوەڕ گەڕایەوە بۆ لای بێ باوەڕەکانی شاری مەککە پێیانی ووت: (سوێند بە خوا نازانم ئەمانە چ کۆمەڵێکن چەندەها جار بە وەفدی چوومە بۆ لای پاشاکانو بە وەفدی چوومە بۆ لای قەیسەری پاشای ڕۆمو کیسرای پاشای فارسو نەجاشی پاشای حەبەشە سوێند بە خوا هیچ پاشایەکم نەبینیووە کە هاوەڵو هاوڕێکانی بە گەورەی بزانن‌و ڕێزی بۆ دابنێن بە ئەندازەی ئەو ڕێزو گەورەییەی کە هاوەڵانی(محمد)ﷺ لە موحەمەدی دەگرن.

سوێند بێت بە خوا ئەگەر محمد تفو هاوشێوەی تف فڕێ بدات ئەوا بێگومان دەکەوێتە لەپی یەکێك لە هاوەڵانیەوە، ئەو هاوەڵەیش ئەو تفە دەهێنێتە دەمو چاوو پێستیدا.

هەر کاتێك فەرمانیان پێ بکات یەکسەر هاوەڵەکانی فەرمانەکەی جێ بەجێ دەکەن.

کاتێك دەست نوێژ بگرێت دوور نییە لەسەر ئاوی دەست نوێژەکەی بکەنە شەڕ لەناو خۆیاندا، کاتێك لە خزمەتیدا قسە

بکەن دەنگیان نـزم دەکەنـەوە، ئەوەنـدە گەورە بەڕێزە لای هاوەڵەکانی ناتوانن پڕ بە چاو تەماشای بکەن لەبەر ئەوەی زۆر بەڕێزە لایانو شەرمی لێ دەکەن خوای گەورە لەو هاوەڵە خۆشەویستانە ڕازی بێت)[٥].

**نمونەی سێیەم: هاوەڵی خۆشەویست** (عبدالرحمن بن عوف)ﷺ دەفەرمێت:

لە جەنگی بەدردا وەستابووم لەناو ڕیزدا تەماشای لای ڕاستو چەپی خۆمم دەکرد، تەماشام کرد من لەنێوان دوو مێرد منداڵی پشتیواناندام، تازە پێدەگەیشتن، یەکێکیان دەستی دایە کەلەکەمەوەو ووتی: ئەی مامە(ابو جهل) دەناسی؟ عبدالرحمن ﷺ دەفەرمێت: ووتم بەڵێ چ کارت بە (ابو جهل)هەیە؟ مێرد منداڵەکە فەرمووی: هەواڵم پێدراوە کە(ابو جهل) جوێنی بە پێغەمبەری خوا ﷺ داوە سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر بیبینم نابێت لاشەم لە لاشەی جیا بێتەوە هەتاوەکو ئەوەمان کە کۆتایی بە ژیانی هاتووە بمرێت، واتە: یان دەبێت بمکوژێ یان دەیکوژم.

پێشەوا(عبدالرحمن) ﷺ دەفەرمێت: زۆر سەرم سوڕما لە قسەی ئەو مێرد منداڵە ئەو مێرد منداڵەی تریش هەمان قسەی مێرد منداڵەکەی تری کرد، منیش چاوم گێڕا (ابو جهل)م بینی لەناو خەڵکیدا دەگەڕا.

ووتم: ئایا نابینن ئەوە ئەو پیاوەیە کە ئێوە هەواڵی دەپرسن.

هەردووکیان پەلاماریان دا بە شیمشێرەکەیان لەگەڵیدا جەنگان هەتا(ابو جهل)یان کوشت، پاشان هەریەکێك لەوان دەیووت من کوشتم)[٦].

**نمونەی چوارەم: هاوەڵی خۆشەویست** (زید بن دثنة) ﷺ کاتێك بێ باوەڕەکانی شاری مەککە بەدیل گرتبوویان سزایەکی زۆر توندو تیژیان دەدا (ابو سفیان) ﷺ ئەو کاتە باوەڕی نەهێنا بوو ووتی: سوێندت دەدەم بە خوا ئەی زەید ئایا پێت خۆشە کە موحەمەدﷺ لای ئێمە بێتو بدەین لە ملی تۆش لەناو ماڵو منداڵی خۆتا بیت؟

زەیدی خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینە فەرمووی: سوێند بە خوا پێم خۆش نییە

(٥) (رواه البخاري: ٢٥٨١) .

(٦) (رواه البخاري: ٢٩٧٢).

كە محمد ﷺ ئێستا لە جێی من بێ‌و دڕكێك بچێت بە جێگایەكیداو منیش لە نێو ماڵ‌و منداڵی خۆمدا دانیشتبم)(٧).

نمونە زۆرە بەڵام ناتوانین لێرەدا باسی بكەین ئەوەندەی كە باسمان كرد بەسە بۆ كەسێك كە بە ڕاستی پێغەمبەری خوای ﷺ خۆش بووێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(المرء مع من أحب)(٨).

واتە: ئادەمیزا لە دونیادا كێی خۆش بوێت لە پاشەڕۆژدا لەگەڵ ئەودایە.

دە تۆش ئەی موسڵمانی شوێنكەوتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە دڵ‌و بەگیان پێغەمبەری خۆشەویستت ﷺ خۆش بوێت بە ئومێدی ئەوەی(إن شاء الله) لە پاشەڕۆژدا لەگەڵ ئەودا بیت‌و لەگەڵ ئەودا حەشر بكرێیت.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
1429 كۆچی

---

(٧) (أخرجه الطبراني في المعجم الكبير: ٥/ ٢٥٩، وأبو نعيم في الحلية: ١/ ٢٤٦).

(٨) (رواه البخاري: ٥٨١٨).

# هەندێ لە سیفاتی بڕواداران لە قورئانی پیرۆزدا

نوسینی: اشرف عبدالمقصود
وەرگێڕانی: ئەندازیار: صلاح فائق

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

خوێنەرە بەڕێزەکان ئەم باسەی کە پێشکەشت دەکرێت بریتیە لە هەندێ سیفاتی ئیماندار کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆی باسکردوین تا ببێتە نمونە بۆ ئێمەی ئیماندار کە هیوامان گەیشتنە بە خوای گەورەو بەهەشتی بەرین، کە ئیماندار ئەو کەسەیە کە خوای گەورە ڕێزی لێناوە لە کاتی ژیان و مردنیدا جنێو پێدانی بە فیسق و شەڕ کردن لەگەڵیدا بە کوفر داناوە، ئەو کەسەیە کە خوای گەورە دەموچاوی بە ڕۆشنایی باوەڕ ڕازاندۆتەوە وئیمانی لە دڵدا جێگر کردوە و هەموو کاتێ یارمەتی دەدات، هیوادارم ئێمەش بەم سیفەتانە خۆمان بڕازێنینەوە هەر وەك چۆن پێشینانی ئێمە خۆیانیان پێ ڕازاندبووەوە، هەندێك لەو سیفەتانەش کە خوای گەورە وەسفی ئیماندارانی پێ دەکات:-

**١- ئیماندار گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ پێش هەموو شتێ دەخات:**

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [الأنفال: ١].

واتە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن ئەگەر ئێوە ئیماندارن، هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾

[النور: ٥١].

واتە: قسەی ئیماندار کاتێك بانگ دەکرێن بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ کەحوکم وبڕیار لەنێوانیاندا بدەن تەنها ئەوەیە کەدەڵێن بیستمان و گوێڕایەڵی دەکەین هەر ئەوانەش سەرفرازن.

ئیمامی (عطا)لە تەفسیری ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ دەفەرموێت: ( گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بریتیە لە شوێنکەوتنی قورئان و سونەت)[1].

**٢-ئیماندار ڕازی بوونی خوای گەورە پێش ڕازی بوونی هەموو شتێ دەخات:**

خودای گەورە دەفەرمویت:

﴿وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ [توبة: ٦٢].

واتە: خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ شیاوترن بەوەی کە ڕازیان بکەن لە چاو خەڵکیدا ئەگەر ئێوە ئیماندرن.

پیغەمبەریش ﷺ لە فەرمودەیەکدا دەفەرمویت:

(من أرضى الناس بسخط الله وكله الله الى الناس، ومن أسخط الناس برضا الله كفاه الله مؤنة الناس)[2].

واتە: هەرکەسێك بە ڕەنجادنی پەروەردگار خەڵکی ڕازی کرد ئەوا خوا لە ڕۆژی دوایدا ڕەوانەی خەڵکی دەکات، هەر کەسێکیش خەڵکی ڕەنجاند بە ڕازی کردنی خوا لە خۆی ئەوا خوا خەڵکیشی لێ ڕازی دەکات .

کەواتە ئیماندار بەردەوام کارو پیشەی بەو شێوەیەیە لە هەموو کارو فرمانێکیدا کە دەیکات سەیری ڕازی بوونی خوای گەورە دەکات، هیچ کارێك ناکات هەتاکو دەزانێ لەگەڵ شەرعدا دەگونجێ یان نا، هەموو ئامانجی هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستەیە ئەویش بۆ تەواو ڕێز لێگرتنی خوای گەورە لە ئیمانداران و خستنە بەهەشت و دوور خستنەوەیان لە سزاو تورە بوونی خۆی.

**٣- ئیماندار تەنها لە خودا دەترسێ جگە لەو لە کەسی تر ناترسێ:**

خودای گەورە دەفەرموێ:

(١) (جامع بيان العلم: ص٣١٨) .

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٦٠١٠، وتخريج الطحاوية: ٣٠٤).

﴿أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَوْهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [التوبة:١٣].

واتە: ئایا لە خەڵكی دەترسن لە كاتێكدا خودای گەورە شیاوترە لێی بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن .

هەروەها دەفەرمێت:

﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٧٥].

واتە: لە ئەوان مەترسن لە من بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

(فضیل بن عیاض) دەفەرموێ:

( هەر كەسێك لە خودا بترسێت هیچ زیانی پێناگەیەنێت، وە هەر یەكێك جگە لە خوا بترسێت هیچ سودی پێناگەیەنێت)[٣]، (ابن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ترس لە دروست كراوێك بریتییە لە نەخۆشییەك تیایدا وەكو نەخۆشی شیرك و تاوان)[٤] .

بەڵام ئیمانداران جگە لە خوا لەهیچی تر ناترسن.

## ٤–ئیماندار لەژیانی دونیادا لەنیوان ترس و ئومێد دایە:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَةَ اللَّهِ﴾ [ البقرة: ٢١٨] .

واتە: ئەوانەی ئیماندارن و كۆچ و جیهاد دەكەن لە پێناوی خوادا ئەوانە ئومێدی میهرەبانی خوا دەكەن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ﴾ [المؤمنين: ٥٧ – ٥٨ ].

واتە: ئەوانە لە ترسی خوادا لە ترسدان و باوەڕیشیان بە ئایات و بەڵگەكانی خوای گەورە هەیە .

ترس و ئومێد لە ڕاستیدا وەكو دوو باڵ پێویستن بۆ لاشەیەك، چونكە سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەكە ئەگەر ترس یان ئومێدی شتێكی نەبێت ناچێتە ژێر ڕكێفی خواوە، بۆیە پێویستە ئیماندار لە كاتی خۆشی وئارامیدا ترسی بەسەر ئۆمیدی دا زاڵ بێت، وە لە كاتی تەنگانەو ناخۆشیدا ئومێدی بەسەر ترسیدا زاڵ بیت .

## ٥– ئیماندار رقی لە برا ئیماندارەكەی نییە، بەڵكو داوای خێری بۆ دەكات:

(٣) (الحلية ٨/ ٨٨ ).

(٤) (أمراض القلوب وشفائها ابن تيمية: ٨/ ٧).

خودای گەورە لەسەر زمانی ئیمانداریك دەفەرموێت:

﴿رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ [نوح: ٢٨] .

واتە: خودایە لە من ودایك وباوكم وهەر یەكێك لە ئیمانداران كە ئافرەت بێت یان پیاو كە هاتوەتە ماڵەكەم لێی خۆش بە .

وە لەسەر زمانی كۆمەڵێ ئیماندار كە لە براكانیان دوا كەوتن دەفەرمێت:

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ [الحشر: ١٠].

واتە: پەروەردگارمان لێمان خۆش بە، وە لەو برایانەشمان كە لە پێش ئێمەوە ئیمانیان هێناوە، وەهیچ كینەیەك لە دڵماندا مەهێڵە بەرامبەر بەو كەسانەی كە باوەڕیان بە تۆ هێناوە، خوایە هەر تۆ خاوەنی بەزەیی و میهرەبانیت .

بەو شێوەیە خودای گەورە داوای كردوە كە دڵی ئیماندار بەرامبەر برا ئیماندارەكەی پاك بێت و ڕقی لێهەڵنەگرێ بەڵكو تكای خێری بۆ بكات بە پەنهایی، وە ئیماندار بۆ براكەی خێری پێخۆشە وەك چۆن بۆ خۆی پێیی خۆشە .

## ٦ – ئیماندار یارمەتی ئیماندار دەدات و خۆشی دەوێت وەدژایەتی بێ باوەڕان دەكات:

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ [التوبة: ٧١] .

واتە: ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان هەندێكیان خۆشەویست و یارمەتی دەری هەندێكی تریانن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ [المجادلة: ٢٢] .

واتە: تۆ نابینیت كە قەومێك ئیمانیان بە خواو ڕۆژی دوای هەبێت یارمەتی كەسانێك بدەن كە دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكەن، هەرچەندە ئەگەر باوكیان یان كوڕیان یان برایان یان كەس و كاریان بن ئائەوانە ئیمان لە دڵیاندا نوسراوە .

ئەوە ئەو ئیماندارەیە كە خودای گەورە ئیمانی لە دڵدا جێگیر كردوە وەبەرچاو

ڕۆشـــنی کـــردوە و ڕێنمـــونی دەکـــات، بەردەوامە لـە ڕێـی ڕاست، یارمـەتی هـەر کەسێك دەدات کەئیماندار بێت وەدژایەتی هــەر کەسـێك دەکـات کـە پێـچەوانەی فــەرمانی خــواو پێغەمبەرەکەیــەتی ﷺ ئەمە زۆر گرنگە ئیمانـدر پێـی برازێتـەوە، وە ببێتــە سـیفەتێك بـۆی، (ابـن جریـر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێـت) لـە تـەفسیری ئایـەتی: ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُـونَ الْكَـافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِـكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ [آل عمـران: ٢٨]. دەفــەرموێت: ( ئیمانــداران بــێ بـاوەڕان ناکەنە پشت و پەنا بۆ دژایەتی ئیمانداران و یارمەتیان نادەن بۆ دەرخستنی عـەیبی ئیمانـداران چـونکە هــەر یـەکێك وابکـات بەشی لای خودا نامێنێـت بـەهۆی ئـەوەی پــشتی لــە خــوا کــردووە و چــۆتە نــاو کوفر)(٥).

**٧ _ ئیماندار خاوەنی هەیبەت و سامێکی گەورەیە:**

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْـأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩].

واتە: خۆتان بـە کـەم مـەزانن و خەفـەت بــار مــەبن، ئێــوە ســەرکەوتون ئەگــەر ئیماندارن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [المنافقون: ٨] .

واتە: سەربەرزی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئیماندرانە .

وەئیمانـــدار خـــاوەنی هەیبەتێکـــە کـــە خەڵکی لێی دەترسن، ئیمان کار دەکاتـە ســـەر خاوەنەکـــەی وەخـــەڵکی تـــرس و شەرمیان هەیە لە ئەهلی ئیمان .

**٨ – ئیماندار ئەگەر یادی خودا بکات دڵی ڕادەچەڵەکێ وەئەگـەر ئایاتـەکانی خـوای بــە ســەردا بخوێنرێتــەوە ئیمــانی زیــاد دەکات:**

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُـهُ زَادَتْهُـمْ إِيمَانًا﴾[الأنفال: ٢] .

(٥) (تفسير الطبري: ٦/٣١٣٠) .

واتـە: بەڕاسـتی ئەوانـە ئیمانـدارن ئەگـەر یـادی خـوا بکـەن دڵیـان ڕادەچـەڵەکێ وەئەگـەر ئایاتـەکانی خـوای بـە سـەردا بخوێنرێ ئیمانی زیاد دەکات .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾ [السجدة: ١٥] .

واتـە: بەتـەنها ئـەو کەسـانە بـاوەڕ بـە بەڵگـەکانمان دێـنن کـە کاتێـك یادیـان دەکەوێتـەوە یـان گوێیـان لـێ دەبێـت قورئـان دەخوێنـدرێ یەکـسەر کڕنـوش دەبەن و پـاك و بێگـەردی خـوا دەکـەن و سوپاسی دەکەن لەسەر نیعمەتەکانی، وە خۆیان بە گەورە ناگارن و لوت بەرز نابن.

(ابن القيم الجوزية) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت﴾ کـە باسـی سودەکانی یـادی خـوا دەکات دەفەرموێت: ( یادی خـوا لـە دڵـی خاوەنەکەی دا هەیبەتێك دروست دەکـات کە ئەویش لە خـوای گـەورەی وەرگرتـوە بـەهۆی زۆر یـاد کردنیـەوە بەپێـچەوانەی کەسـێکی بـێ ئاگـا کـە پـەردەی ئـەو هەیبەتەی زۆر تەنکە)[٦].

ئیماندار هەمیشە بە یاد کردنی خوای گـەورە ئیمـانی زیـاد دەکـات وە حـاڵی پێـشینانیش بـەو جـۆرە بـوە، ئـەوەتا موعازی کوڕی جەبـەل ﷺبـە یـەکێك لـە هاوەڵـەکانی دەفـەرموێت: (بـا دانیـشین سەعاتێك ئیمانمان تازە بکەینەوە)[٧] .

**٩- ئیماندار تێدەکۆشـێ بـۆ سـەرکەوتنی دینی خوا و ڕاست گۆیە لەو پەیمانەدا.**

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا﴾ [الأنفال: ٧٤] .

واتـە: ئـەو کەسـانەی جێگـای ئیمانـدارە کـۆچ کـەرەکانیان کـردەوە و سـەریان خـستن بەڕاسـتی ئەوانـە ئیمانـداری ڕاستەقینەن.

هەروەها دەفەموێت:

﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ [الأحزاب: ٢٣] .

---

(٦) (الوابل الصيب: ص٤٤).

(٧) (فتح البارى: ٦٣/١).

واتــە: لـەناو ئیماندارانـدا کۆمەڵـە پیاوێـك هــەبوون بــە ڕاســتی ڕاســتگۆ بــوون لــە پەیمانەکەیانــدا لەگـــەڵ پـــەروەردگاردا، هەندێکیان شەهید بـوون و هەندێکـیشیان چاوەڕێی شەهید بوونن هیچ نەیگۆڕیون.

ڕاســتگۆ بریتییــە لـــەوەی کــە لەســـەر پەیمانێك بەردەوام بێت وجێگیر بێت

هــەروەها خـــوای گـــەورە دەفـــەرمویت: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُـبُلَنَا﴾ [العنكبوت: ٦٩] .

واتە: ئـەو کەسـانەی لـە پێنـاوی ئێمـە دا تێدەکۆشن ئێمە هیدایـەتیان دەدەیـن بـۆ ڕێگای ڕاست .

ئەوەتا خوای گەورە ڕێنمونی و هیدایـەتی بەســتۆتەوە بــە تێکۆشـــانەوە، کەواتـــە بــەتواناترین کــەس لــە تێکۆشــاندا زیـاتر لـــەوانی تـــر هیدایـــەت وەردەگرێـــت، وە گەورەترین تێکۆشان بریتییە لە تێکۆشان بەرامبەر بە (نـەفس وئـارەزوو شـەیتان و خۆشەویستی دونیا.

کەواتــە هــەر کەسـێك تێکۆشـان بەرامبـەر بەم چوار شـتە بکـات ئـەوا خـوای گـەورە ڕێنمونی دەکات بـۆ سـەر ڕێگـای خـۆی و ڕازی بوونی خۆی، وەهەر کەسێکیش تـێ نەکۆشێت ڕێنمونیش ناکرێت .

کەواتە ڕێنمونی بە پێی پلەی تێکۆشـانە. لەم بارەیەوە (شێخ جونەیـدی بەغـدادی) دەفەرمویت: (ئەوانـەی جیهـادی ئـارەزوو نەفــسیان دەکــەن بەتەوبــە کــردن ئــەوا ڕێنمــونی دەکــرێن بــۆ (ئــیخلاص)، وە هەرگیز دوژمنێکی دەرەکی بەلەشی مرۆڤ زاڵ نابێــت ئەگــەر لــەجیهادی دەرونیــدا ســەرکەوتوو بێــت، وەبەپێـچەوانەوە هــەر کەســێ لەدەرونیــدا ســەرنەکەوێ ئـــەوا بەرامبــەر دوژمنـــی دەرەکـــی زوو چـــۆك دادەدات)[٨] .

## ١٠–ئیمانـدار لـەکاتی ناکۆکیـدا فـەرمان دەباتەوە بـۆ لای خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ

: خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْـتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْـآخِرِ ذَلِـكَ خَيْـرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ [النساء: ٥٩] .

---

(٨) (الفوائد:٥٩).

واتــە: ئــەی بــاوەڕداران گوێڕایــەڵی خــواو پێغەمبــەری خــوا ﷺ وفــەرانڕەوایانتان بکەن، وە ئەگـەر لەهـەر شـتێکدا نـاکۆکی ڕووی تـێ کـردن ئـەوا بیگێڕنـەوە بـۆ لای خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر ئیـوە ئیمانتان هەیە بە خـوای گـەورەو ڕشـۆژی دوایـی، ئەمـە باشـترین کـارو باشـترین گەڕانەوەیە .

هەروەها دەفەرمویت:

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥].

واتـە: سـوێند بـە پـەروەدگارت ئیمانیـان تەواو نـیـە هـەتاوەکو حـوکم بـە قورئـان نەکەن وبـە عەدالـەتی تـۆ ڕازی نـەبن کـە ناوبـژیان دەکـەیت لـە کـاتی ناکۆکیـداو پاشـــان نابێـــت لـــە نەفـــسیاندا هـــیچ ناخۆشییەك هەبێت بـەو بڕیـارەی کـە تـۆ داوتە، وەدەبێت بەتەواوی تەسلیم بن بەو حوکمەی کە تۆ داوتە.

(ابن القيم الجوزيــة) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هەر کاتێك بەندەیـەك حوکمێکی درا بەسـەرداو زانـی کەلەلایـەن پێغەمبەرەوەیـە ﷺ پێـی تەسـلیم بـوو هەموو گومانـەکان لەدەرونیـدا ڕەویـەوەو زانی هیچ حوکمێکی تر لەوە باشتر نـیـە خوشـی و بەختـەوەری ئیمـان دەچـێژێت لەوکاتەدا.

**وآخر دعوانا أن الحمد للّه رب العالمين**
**وصلى اللّه وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی بەهەشت**
**www.ba8.org**
1429 کۆچی

# فەزڵ و گەورەیی پاداشتی به خێوکردنی کچان و خوشکان له ئیسلامدا

م: **محمد عبد الرحمن**
وتارخوێن له مزگەوتی حاجی لەر له کەلار

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**چەندین فەرموودەی زۆر ڕوون و ئاشکرا هاتووە له پێغەمبەری خواوە ﷺ که باس لە گەورەیی و فەزڵ و چاکەی بەخێوکردنی کچان و خوشکان دەکات و هەموویان پاڵنەر و هاندەرن بۆ گرنگی دان بە (کچان و خوشکان) لە ڕووی بە خێوکردن و سەرپەرشتی کردن و سۆز و بەزەیی دەربڕین و خۆپارێزی کردن و له خوا ترسان و چاکه کردن له ئاستیاندا:**

**زانای بەناوبانگ و شێخی ئیسلام و پێشەوای ئەهلی سوننه لەم سەردەمدا (ئیمامی ئەلبانی) له کتێبی:**

(سلسلة الأحاديث الصحيحة **زنجیرەی فەرموودە صەحیحەکان)دا فەرموویەتی:**

**( باب فضلُ تربيةُ البنات )**

**(بابەتی گەورەیی و فەزڵی بەخێوکردنی کچان)**

**پاشان (ئیمامی ئەلبانی) لە کتێبی ناوبراودا و هەروەها له چەندین کتێبی تردا ئەم فەرموودانەی خوارەوەی باس کردووه لەم بابەتەدا:**

عن عقبة بن عامر رضي الله عنه قال: سمعتُ رسول الله ﷺ يقول:

**(من كان له ثلاث بنات، فصبر عليهنَّ وأطعمهُنَّ وسقاهُنَّ وكساهُنَّ من جدته كُنَّ له حجاباً من النار يوم القيامة)**[1].

---

(١) صحيح الجامع الصغير رقم: (٦٤٨٨) وصحيح سنن ابن ماجه رقم: (٣٦٦٩) وصحيح الأدب المفرد رقم: (٧٦) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٩٤) .

**واته : هەر کەسێك سێ کچی هەبێت، وە ئارامیان لە سەر بگرێت و خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگیان بۆ دابین بکات بە هەوڵ و توانای خۆی: ئەوا ئەو سێ کچە دەبنە بەربەستێك بۆی و دەیپارێزن لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا .**

وقال الإمام الألباني عقب هذا الحديث: (ولفظ أحمد:

**(لا يكون لأحد ثلاث بنات أو ثلاث أخوات أو بنتان أو أختان فيتقي الله فيهنَّ ويُحسن إليهنَّ إلاَّ دخل الجنة)[2].**

**واته : هیچ کەسێك نییە سێ کچی هەبێت یان سێ خوشکی هەبێت یان دوو کچی هەبێت یان دوو خوشکی هەبێت و لە ئاستیاندا لە خوا بترسێت و چاکەیان لە گەڵدا بکات ئیللا دەچێتە بەهەشتەوە .**

وعن جابر بن عبد الله رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

**(من عال ثلاثاً من بناتٍ يَكفيهِنَّ ويَرحَمْهُنَّ ويَرْفِقُ بِهنَّ فهو في الجنة)[3].**

**واته: هەر کەسێك سێ کچ بەخێو بکات و ئەوەندە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات کەوا بەسیان بێت و بە بەزیی بێت بەرامبەریان و نەرم و نیان بێت لە گەڵیاندا ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە .**

وعن عائشة (رضي اللهُ عنها) قالت: قال رسول الله ﷺ:

**(ليس أحد من أمتي يعول ثلاث بنات أو ثلاث أخوات فيُحسن إليهنَّ إلاَّ كُنَّ له سِتراً من النار)[4].**

**واته: هیچ کەسێك نییە لە ئوممەتەکەم سێ کچ یان سێ خوشك بەخێو بکات و چاکەکارییان لە گەڵدا بکات ئیللا دەبنە بەربەستێك بۆی و دەیپارێزن لە ئاگری دۆزەخ .**

وعن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: أنَّ رسول الله ﷺ قال:

**(لا يكون لأحدٍ ثلاثُ بَناتٍ أو ثلاثُ أخواتٍ فيُحسن إليهنَّ إلاَّ دخل الجنة)[5].**

**واته : هیچ کەسێك نییە سێ کچی هەبێت یان سێ خوشکی هەبێت و چاکەکاریان لە گەڵدا بکات ئیللا دەچێتە بەهەشتەوە .**

---

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة: (١/ ٥٩٠ ــ ٥٩١) وصحيح الأدب المفرد رقم: (٧٩).

(٣) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٤٩٢) .

* قال ابن الأثير: (يُقال: عالَ الرجل عياله يعولهم إذا قام بما يحتاجون إليه من قُوت وكسوة وغيرهما...) النهاية في غريب الحديث: (٣ / ٣٢١) .

(٤) صحيح الجامع الصغير رقم: (٥٣٧٢) .

(٥) صحيح الأدب المفرد رقم: (٧٩) .

وعن جابر رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

**(من كان له ثلاث بنات يؤويهنَّ ويرحمهنَّ ويكفلهُنَّ [ويُزَوِجهُنَّ]** [٦] **فقد وجبت له الجنة ألبتة**، قيل: يا رسول الله فإنْ كانتا اثنتين؟ قال: **وإنْ كانتا اثنتين**، قال: فرأى بعضُ القوم أنْ لو قال واحدة لقال واحدة) [٧].

**واتە: هەر کەسێك سێ کچی هەبێت و بیانگرێتە خۆی و بەخێویان بکات و بەزیی بێت بەرامبەریان و کەفالەتی دابین کردنی پێداویستییەکانیان بۆ بکات و سەرپەرشتیان بکات و بیاندات بە شوو ئەوا بەهەشتی مسۆگەر کردووە بە هاتاهەتایی، ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دوو کچیش بێت؟ فەرمووی: ئەگەر دوو کچیش بێت، ووتی: هەندێك لە خەڵکەکە گومانیان وابوو ئەگەر بیانگووتایە یەك کچیش ئەوا دەیفەرموو: یەکێکیش .**

وعن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

**(من كان له ثلاث بنات أو ثلاث أخوات أو بنتان أو أختان فأحسن صُحبتهُنَّ واتقى الله فيهنَّ فلهُ الجنة)** [٨].

**واتە: هیچ کەسێك نییە سێ کچی هەبێت یان سێ خوشکی هەبێت، یان دوو کچی هەبێت یان دوو خوشکی هەبێت و بە چاکی هاوەڵێتیان بکات و لە ئاستیاندا لە خوا بترسێت ئەوا بەهەشت بۆ ئەوە .**

وفي رواية: (**فأدَّبهُنَّ، وأحسنَ إليهنَّ، وزَوَّجهُنَّ، فلهُ الجنة**) [٩].

**واتە : پەروەردەیان بکات و چاکەیان لە گەڵدا بکات و بیاندات بە شوو ئەوا بەهەشت بۆ ئەوە .**

وعن عوف بن مالك رضي الله عنه أنَّ رسول الله ﷺ قال:

**(ما مِنْ مسلم يكون له ثلاث بنات فيُنفِق عليهن حتى يَبِنَّ أو يَمُتْنَ إلاَّ كُنَّ له**

---

(٦) قال الإمامُ المنذري في تَخريج هذا الحديث: (رواه أحمد بإسناد جيد والبزار والطبراني في "الأوسط" وزاد: "ويزوجهن" )، قلت: أقر الشيخ الألباني قول المنذري هذا ونقلهُ في " الصحيحة" مقراً لهُ أيضاً فقال: (والحديث أوردهُ المنذري في "الترغيب": (٣ / ٨٤ ــ ٨٥)، وقال: ((رواه أحمد بإسناد جيد والبزار والطبراني في "الأوسط" وزاد: "ويزوجهن")) ) سلسلة الأحاديث الصحيحة: (٣ / ٢٤ ــ ٢٥) الحديث رقم: (١٠٢٧) .

(٧) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (١٩٧٥) وصحيح الأدب المفرد رقم: (٧٨) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (١٠٢٧) و رقم: (٢٦٧٩) .

(٨) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (١٩٧٣) .

(٩) صحيح لغيره قالهُ الألباني في "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: (١٩٧٣) .

**حجاباً من النار، فقالت له أمرأة: أو ابنتان؟ قال: أو ابنتان**(١٠).

**واته : هیچ موسڵمانێك نییه سێ كچی هەبێت و نەفەقەیان بۆ بدات و بەخێویان بكات تاوەكو شوو دەكەن یان تاوەكو دەمرن ئیللا دەبنە بەربەستێك بۆی و دەیپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، ئافرەتێك ووتی: ئەگەر دوو كچیش بێت؟ فەرمووی: ئەگەر دوو كچیش بێت .**

وقال ابن الأثير في "النهاية" في (مادة بَيَنَ): "من عال ثلاث بنات حتى يبن أو يمتن"، يَبِنَّ: بفتح الياء أي يتزوجنَ، يُقال: أبان فلانٌ بنتَه وبينها إذا زوَّجها، وبانتْ هي إذا تزوجت، وكأنه من البين: البعد أي بَعُدَتْ عن بيت أبيها، ومنه الحديث الآخر: "حتى بانوا أو ماتوا")(١١).

**به كورتی واته: ووشەی: (يَبِنَّ) مانای ئەوەیە: شوو بكات، چونكە لە بنەوادا ووشەی: (يَبِنَّ) لە ووشەی (البين)ەوە وەرگیراوە، ووشەی (البين)ش بەرامبەرەكەی: (البعد)ە واتا دووری، چونكە كچ بە شووكردنی لە ماڵی باوكی دوور دەكەوێتەوە .**

وقال صاحب العون المعبود: (حتى بانوا أي إلى أنْ كبروا وحصلت لهم الإبانة أو وصلوا إلى مرتبة كمالهم ...

**واته: بەخێویان بكات تاوەكو گەورە دەبن و دەگەنە ئاستێك شتیان لە لا ڕوون بێت یان تاوەكو پێ دەگەن و دەگەنە ئاستی كامڵ بوون ...**

وقال الشارح: أي حتى فضلوا وزادوا قوةً وعقلاً واستقلوا بأمرهم، من البون وهو الفضل والمزية كذا قال القاري، وقال في "النهاية" [ثُمَّ نقل قول ابن الأثير]، انتهى)(١٢).

**واته: تاوەكو چاك پێدەگەن و هێز و توانا و عەقڵ و ژیریان گەشە و زیاد دەكات و بتوانن سەربەخۆ بن لە ئیش و كاری خۆیاندا، چونكە ووشەی (بَيَنَ) لە ووشەی (البون)ەوە وەرگیراوە كە بریتییە لە چاكێتی و هەڵكەوتوویەتی ...**

**كورتەی مەبەست لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە: ئەگەر كچان بەخێوبكرێن تاوەكو**

---

(١٠) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (١٩٧٢) .

(١١) النهاية في غريب الحديث: (١ / ١٧٥)، وقال ابن منظور في "لسان العرب": (يقال للجارية إذا تزوجت قد بانت وهُنَّ قد بِن إذا تزوجنَ، وبَيَّنَ فلانٌ بنته وأبانها إذا زوَّجها وصارت إلى زوجها، وبانتْ هي إذا تزوجت، وكأنه من البئر البعيدة أي بعدت عن بيت أبيها، وفي الحديث: "من عال ثلاث بنات حتى يبن أو يمتن" يَبنَ بفتح الياء أي يتزوجن، وفي الحديث الآخر: "حتى بانوا أو ماتوا") (١٣ / ٦٤) .

(١٢) عون المعبود شرح سنن أبي داود: (٤١/١٤) .

گەورە دەبن و دەگەنە ئاستێك شتیان لە لا ڕوون بێت یان تاوەکو پێ دەگەن و دەگەنە ئاستی کامڵ بوون ... یان تاوەکو چاك پێدەگەن و هێز و توانا و عەقڵ و ژیریان گەشە و زیاد دەکات و بتوانن سەربەخۆ بن لە ئیش و کاری خۆیاندا و ئەنجا بدرێن بە شوو، یان بەخێوبکرێن تاوەکو دەمرن ئەوا دەبنە بەربەست و پارێزەر لە ئاگری دۆزەخ .

وعن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

(من كُنَّ له ثلاث بنات أو ثلاث أخوات، فاتقى الله، وأقام عليهنَّ كان معي في الجنة هكذا، وأومأ بالسَّبابة والوُسطى)(١٣).

واتە: هەر کەسێك سێ کچی هەبێت یان سێ خوشکی هەبێت و لە خوا بترسێت لە ئاستیاندا و خۆپارێزی بکات لە ستەم لێکردنیان و سەرپەرشتیان بکات و بەخێویان بکات ئەوا ئەو کەسە لەگەڵ مندایە لە بەهەشتدا وەکو ئەمە و ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی شایەتمان و پەنجەی ناوەڕاستی .

وعن أنس بن مالك رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

(من عال ابنتين أو ثلاث بنات أو أختين أو ثلاث أخوات حتى يَـمُتْنَ (وفي رواية: يَبِنَّ، وفي أخرى: يَبْلُغْنَ) أو يَموتَ عنهنَّ، كنتُ أنا وهو كهاتين، وأشار بأصبعيه السَّبابة والوُسطى)(١٤).

واتە: هەر کەسێك دوو کچ یان سێ کچ یان دوو خوشك یان سێ خوشکی بەخێو بکات تاوەکو دەمرن (لە ریوایەتێکی تردا: تاوەکو شوو دەکەن، وە لە یەکێکی تردا: تاوەکو پێدەکەن و بالغ دەبن) یان تاوەکو ئەو کەسە خۆی دەمرێت و بە جێیان دەهێڵێت ، ئەوا من و ئەو لە بەهەشتدا پێکەوە ئاوەهاین و ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی شایەتمان و پەنجەی ناوەڕاستی .

هەروەها زانای بەناوبانگ و پێشەوا و فەرموودەناسی ئەهلی سوننە (ئیمامی مُسلِم) لە کتێبی (صحيح مسلم)دا فەرموویەتی:

## (باب فضل الإحسان إلى البنات)

## (فەزڵ و گەورەیی چاکەکاری لەگەڵ کچاندا)

(١٣) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٩٥) .

(١٤) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٩٦) .

وعن عائشة زوج النبي ﷺ قالت: (جاءتني امرأة ومعها ابنتان لها، فسألتني فلم تجد عندي غير تمرةٍ واحدةٍ، فأعطيتها إياها فأخذتها فقسمتها بين ابنتيها، ولم تأكل منها شيئاً، ثُمَّ قامتْ فخرجتْ وابنتاها، فدخل عليَّ النبي ﷺ فحدثته حديثها، فقال النبي ﷺ:

**من ابتُلِيَ من البنات بشيءٍ فأحسنَ إليهنَّ كُنَّ له سِتراً من النار)[١٥].**

**واته: عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئافرەتێك هات بۆلام و دوو كچی خۆیشی لە گەڵدا بوو، ئەنجا داوای لێم كرد و هیچی لە لام دەست نەكەوت جگە لە یەك دەنكە خورما نەبێت، منیش ئەو دەنكە خورمایەم پێدا و ئەویش وەریگرت و ئەنجا بەشی كرد لە نێوان هەردووكیاندا، و خۆی هیچ شتێكی لێ نەخوارد، پاشان هەستا و خۆی و دوو كچەكەی دەرچوون و ڕۆیشتن، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لام و منیش باسی ئەو ئافرەتەم بۆ گێڕایەوە، ئەنجا لە بەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر كەسێك تاقیكرایەوە بە شتێك لە كچان و چاكەكار بوو لە گەڵیانا ئەوا دەبنە بەربەست و پارێزەر بووی لە ئاگر.**

قال الإمام النووي: (قوله ﷺ : "مَنْ ابتُلِيَ من البنات بشيءٍ" إنَّما سمَّاهُ ابتلاءً لأنَّ الناسَ يكرهونهنَّ في العادة، قال الله تعالى:

**﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ )[١٦].**

**واته: مەبەست بە فەرموودەكەی پێغەمبەر ﷺ: "هەر كەسێك تاقیكرایەوە بە شتێك لە كچان" لەبەر ئەوە بە تاقیكردنەوە ناوی بردووە چونكە داب و نەریتی ـ نەفامی – خەڵك وایە حەزیان لە كچ نییە و كچیان پێ ناخۆشە، خوای پایە بەرز فەرموویەتی: ئەگەر موژدەی لە دایك بوونی كچ بدرایە بە یەكێك لە بێباوەڕەكان ئەوا ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕا لە غەمباری و شەرمەزاریدا و ڕق و قینی خۆیی بەرامبەر بە ژنەكەی دەخواردەوە .**

وعن عائشة (رضي الله عنها) أنَّها قالت: (جاءتني مسكينة تَحمِلُ ابنتين لها، فأطعمتها ثلاثُ تمراتٍ، فأعطتْ كُلَّ واحدةٍ منهما تمرةً، ورفعتْ إلى فِيها تمرةً لتأكلها، فاستطعمتها ابنتاها، فشقَّتْ التمرةَ التي كانت تُريدُ أنْ تأكلها بينهما، فأعجبني شأنها، فذكرتُ الذي صنعتْ لرسول الله

---

(١٥) صحيح مسلم رقم: (٢٦٢٩) .

(١٦) شرح صحيح مسلم: (٨ / ٢٢٨) .

ﷺ فقال: **إنَّ اللهَ قد أوجبَ لــــها بــــها الــجنة أو أعتقها بــها من النار)**[١٧].

**واتە: عائیشە فەرمووی: ئافرەتێکی هەژار هـات بـۆلام و دوو کـچی هـەڵگرتبوو، منـیش سێ دەنکە خورمام پێدا، ئەویش هەر کچێك و دەنکــە خورمایــەکی پێــدا، و دەنکــە خورماکەی تری بەرز کردەوە بۆ دەمی بۆ ئەوەی بیخوات، جا دوو کچەکەی داوای ئـەو خورمایەشیان کرد، ئـەویش ئـەو خورمایـەی کە خۆی ویستی بیخوات لـەت کرد و بەشـی کرد لە نێوانیاندا، منیش سـەرم سوڕما لـەم هەڵوێـستەی، و ئــەنجا ئــەو کــارەی ئــەو ئافرەتەم باس کرد بۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئــەویش فــەرمووی: خــوای پــەروەردگار بــەو کــارەی بەهەشــتی بــۆ مــسۆگەر کــرد یــان فــەرمووی: خــوای پــەروەردگار بــەو کــارەی ڕزگار و ئازادی کرد لە ئاگر.**

وعن أنس بن مالك ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ: **(من عالَ جــاريتين حــتى تُــدركا دخلتُ الــجنة أنا وهو كهاتين وأشار بإصبعه السبابة والوسطى)**[١٨].

وفــي روايةٍ: **(من عال جاريتين حتــى تبلغــا، دخلتُ أنا وهو الــجــنة كهــاتين وأشار بأصبعيه السبابة والتي تليها)**[١٩].

**واتە: هـەر کەسـێك دوو کـچ بـەخێو بکات تاوەکو پێدەگەن و باڵغ دەبن ئەوا من و ئەو پێکەوە دەچینە بەهەشتەوە وەکو ئەمـە، و ئامــاژەی کــرد بــۆ پەنجــەی شــایەتمان و پەنجەی ناوەڕاستی.**

قال الإمام النووي: (فــي هذه الأحاديث فضل الإحسان إلــى البنات والنفقة علــيهنَّ والصبر عليهنَّ وعلى سائر أمورهنَّ)[٢٠].

**واتە: ئەم فەرموودانە بەڵگەن بۆ: فـەزڵ و گەورەیی چاکەکاری لەگـەڵ کچان و نەفەقـە کردنیـان و ئـارامگرتن بەرامبـەریان لـە سـەر هەموو پێداویستی و ئیش و کارەکانیان.**

**ئــا ئەمەیــە هەڵویــستی ئیــسلام و پێغەمبەری ئیسلام ﷺ بەرامبەر بـە کـچان و خوشکان.**

**بــەڵام ئەوانــەی کــە بانگەشــەی (مافــی ئافرەت) دەکەن تاوەکو ئێستا نـەیانتوانیوە تــەنها دانەیــەك لــەم مافانــەش بــۆ کـچان و خوشکان دابین بکەن!**

---

(١٧) صحيح مسلم رقم: (٢٦٣٠).

(١٨) صحيح الــجامع الصغير رقم: (٣٦٩١) وصــحيح الأدب الــمفرد رقــم: (٨٩٤) وسلــسلة الأحاديــث الصحيحة رقم: (١١٢٠).

(١٩) صحيح مسلم رقم: (٢٦٣١) وسلسلة الأحاديــث الصحيحة رقم: (٢٩٧).

(٢٠) شرح صحيح مسلم: (٨ / ٢٢٨).

بەڵكو ئەوان دەیانەوێت كچان و خوشكان ببن بە ئامێر و كەرەستەی پارە و پووڵ پەیدا كردن بۆ خۆڕازاندەوەی خۆیان بە مەبەست لە دەست دانی كەسایەتی و شەرەف و ناموسی ئافرەتان و لە هەمان كاتیشدا سەرلێشێوان و رووخانی توانا و ویستی كوڕان بە هۆی ئەوانەوە ! ! !

*** ناڕەزایی دەربڕین بە لەدایك بوونی كچان خەصڵەتێكی جاهیلانەیە و دیاردەیەكی سەردەمی نەفامی كۆن و ئێستایشە :**

جا لە بەر ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاشكاوی دیاردەی (حەز نەكردن لە كچان)ی قەدەغە كردووە ! نەك هەر ئەوەندە بەڵكو (كچان)ی بە دڵخۆشكار و سەنگین و خاوەن بەها ناساندووە:

عن عقبة بن عامر وعائشة (رضي الله عنهما) عن النبي ﷺ قال:

**(لا تَكْرَهُوا البناتِ، فإنَّهُنَّ المُؤنساتُ الغاليات)**[٢١].

واتە: ناحەز و بێزار مەبن لە كچان، چونكە كچان دڵخۆشكار و سەنگین و خاوەن بەهان .

وە ئەو دیاردە ستەمكارانەیە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ناوزەند كراوە و بە ڕاشكاوی باس لەوە دەكات كە ئەمە سیفەتێكی كافر و بێباوەڕەكانە .

جا بۆ ڕاوەستان لە سەر ئەو ئایەتانە بگەڕێرەوە بۆ كتێبی: (**لە دایك بوونی كچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێكی سەردەمی نەفامی و جاهلی**) ...

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 كۆچی

(٢١) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٣٢٠٦) .

# ڕێگای ئافرەتی موسڵمان بەرەو بەختەوەری

✍: **الشیخ: عبدالعزیز المقبل**

بەشی یەکەم          وەرگێڕانی: دایکی ئالاء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى خلق الانسان في أحسن تقويم والصلاة والسلام على محمد النبي الأمي الكريم.. وبعد:

### خوشکی موسڵمانم:

گرنگترین شت کە مرۆڤی موسڵمانی پێ بناسرێتەوە کە دڵی پەیوەستە بە خوای گەورەوەو شەریعەتەکەی جێ بەجێ کردووە لە ژیانیدا و فەرمانەکانی بەجێ هێناوە بریتیە لە پشووی دەروونیو ئارامی دڵ، بۆیە نابینرێت بە خەندەوە نەبێت هەرچەندە لە ناخۆشترین کاتو ناهەموارترین بارودۆخدا بێت، چونکە دەزانن ئەو قەدەرەی ڕوویان تێ دەکات بۆ ئەوەیە کە توشیان بێت، وە ئەوەی کە ڕوویان تێ ناکات بۆ ئەوەیە کە توشیان نەبێت، وە دڵ گران نابن بە لەناوچوونی خۆشی، وە ڕووگرژ نابن بە هاتنی ناخۆشی.

لەوانەیە لەدوای خۆشی ناخۆشی بێتو لە دوای ناخۆشیش خۆشی بێت:

﴿وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢١٦] .

واتە: لەوانەیە شتێکتان پێ ناخۆش بێت کە توشتان بێت بەڵام بۆ ئێوە خێری تێدا بێت، وە لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کە توشتان دەبێت بەڵام بۆ ئێوە خراپ بێت، خوای گەورە خۆی باشتر دەزانێتو ئێوە نازانن.

جوانیو ڕازاوەیی دونیا فریویان نادات هەرچەندە ئەگەر واز لە بەشی خۆیشیان بێنن: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾ [القصص: ٧٧] .

واته: چەندێك دەتوانیت هەوڵ بدە بۆ دوا ڕۆژت، وە بەشی خۆت لە دونیا لەبیر مەکە، چونکە دەزانن دونیا تەمەنی کورتەو هەر دەبڕێتەوە، وە پڕە لە ناخۆشیو نەهامەتی وشایەنی ئەوە نییە کە مرۆڤ خۆی بۆ تورە بکات، وە دڵگران نابێت کە شتێکی تیا لەدەست بچێت چونکە یەکسان نییە بەوەی کە لە ڕۆژی دوایی مانەوەی هەمیشەییەو بەردەوامە، وە بەخششی وای تێدایە کە هیچ چاوێك نەیبینیووەو هیچ گوێیەك نەیبیستووەو بەدڵی هیچ کەسێکیشدا نەهاتووە، بۆ باوەڕدارە ڕاستگۆکانە.

## خوشکی موسڵمانم:

ئەگەر دونیا پاڵێوراو بێت لە لێڵیو ناخۆشی، وە خاڵی بێت لەبەڵا کە ئەمەش مەحاڵە، تەنها بەناوهێنانی مردن هەموو شیرینییەکانی تاڵ دەبێتو هەموو زۆرەکانی کەم دەکاتو هەموو درێژییەکانی کورت دەبێتەوە وە پاکییەکانی لێڵ دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر مرۆڤ تەمەنێکی درێژیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئیتر چۆن مرۆڤ لە کاتێکدایە کە ڕۆژ بکاتەوە لەوە دەترسێت کە نەگاتە ئێوارە وە ئەگەر ئێوارە بێ لەوە دەترسێت نەگاتە بەیانی، وە ئەگەر هەوری بەڵاو ناخۆشی یەکەم نەمێنێت یەکێکی تر بەڕێوەیەو دێت، لەناوچوونی خزمەکانی دەیترسێنێت ومردنی هاوڕێکانی دڵ تەنگی دەکات، وە کاتێك هەست بە ئازاری ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشی دەکات یاخود وا هەست بکات کە لێدانی دڵی زیادی کردووە یاخود هەست بکات ئارەزووی خواردنی کەمی کردووە وێنەی مردن دێتە پێش چاوی، زیاتر دەترسێتو نەخۆشییەکەی زیاد دەکات وناخۆشی دایدەپۆشێت هەروەکو ئەوەی کە بڵێیت ئەو ترسە بەربەستە لە دابەزینی مردن یاخود دووری دەخاتەوە لێی.

ئای لە لاوازی مرۆڤ چەندە بێ پلە و پایەیە، دەبینیت گەنجێکە چالاکیو جوانیو زیندوویەتی لەوپەڕی تەواوێتیدایە، تەمەنی بەسەر نابات تا پایزی تەمەنی ڕووی تێ دەکاتو پشتی کووڕ دەکاتو ڕووی لۆچ دەکات، کەمترین کۆشش ماندووی دەکات، وە کەمترین کار لاوازی دەکاتو دەیڕوخێنێت.

بەڕاستی تام وچێژی ژیانو جوانییەکەی، وە لوتکەی بەختەوەریو تەواوێتییەکەی دەستەبەر نابێت تەنها بە گوێڕایەڵی خوای گەورە نەبێت کە هیچ شتێك داوا لە مرۆڤ ناکات تەنها دامەزراویو بەردەوامی لەسەر فەرمانەکانی وگرتنی ڕێگا ڕاستەکەی نەبێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ژیانێکی ئارامی ویژدانیو هێمنی دەروونیو پشووی گیانیو بەردەوامی ڕووخۆشی بڕوات، وە ببورێت لەوەی کە ستەمی لێ دەکات وە خۆش بێت لەوەی خراپەی لەگەڵ دەکات، بەبەزەیی بێت لەگەڵ بچوكو ڕێز لە گەورە بگرێتو پێداویستی خەڵك جێ بەجێ بکات ولە خزمەتیاندا بێت، وبەرگەی ئازارەکانیان بگرێت هەروەها کەمتەرخەمی نەکات لە فەرمانەکانی خوای گەورە لە بچوكو گەورەدا بەڵکو سور بێت لەسەر هەر کردەوەیەك کە نزیکی بکاتەوە لە خوای گەورە، وە ئەگەر بەڵایەکی بەسەردا بێت ئارامگرو ڕەزامەند بێت وە ئەگەر مردنی بۆ بێت وا دەزانێ ڕزگار بوونە لە ناخۆشیەکانی دونیا وە گەشتێکە بەرەوماڵی هەمیشەییو نەمری.

**خوشکی موسڵمانم:.**

لەم چەند پەڕاوەدا کۆمەڵێك ڕێنمایی هەیە ئەگەر لە ژیاندا جێ بەجێی بکەیت وە سور بیت لە دەست گرتن پێیانەوە وە پەشیمان بیت لەوەی کە لە دەستت چووە، ژیانت دەگۆڕێ لە بەدبەختی بۆ بەختەوەری وە لە تەنگی بەرەو فراوانیو ئارامی وە هەست بە چێژێکی تری ژیان دەکەیت وە بە شێوەیەکی ترو تێڕوانینێکی تر ژیان دەبینیت، وە ئەوەی هانی دام بۆ نوسینی ئەم ڕێنماییانە تەنها ویستی خێرو بە هیوای پاداشتو مەبەستی چاکسازییە خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات بۆ ئەم گوڵزارانە.

## قسە کردن

**خوشکی موسڵمانم:**

١- وریابە لە زۆر بڵێیو زۆر قسە کردن چونکە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ [النساء: ١١٤] .

واتە: خێرو چاکە نییە لە زۆر لە قسەو چپە چپەکانیان مەگەر کەسێك کە فەرمان

بکات به سەدەقەو چاکە یان چاکسازی نێوان خەڵکی.

بزانە ئەو قسانەی کە دەیکەیت هەمووی دەژمێردرێتو حسابە لەسەرت:

﴿عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ [ق: ١٧-١٨].

واتە: فریشتە لە لای ڕاستو چەپت دانیشتوون هیچ ووتەیەك لە دەمت دەرناچێت ئیلا فریشتەیەکی چاودێرو ئامادەت لە لایەو دەینوسێت.

با قسەکانت کورت بێت وبۆ ئەو مەبەستە بێت کە لە پێناویدا دەیکەیت.

٢- قورئانی پیرۆز بخوێنەو سووربە لەسەر ئەوەی کە ڕۆژانە بەشێکت هەبێت بۆ خوێندن، وە هەوڵ بدە بەگوێرەی توانا لێی لەبەر بکەیت بۆ ئەوەی پاداشتت دەست بکەوێت لە ڕۆژی قیامەتدا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (يقال لصاحب القرآن: إقرأ وارق ورتل كما كنت ترتل في الدنيا، فإن مترلتك عند آخر آية تقرؤها)[1].

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا بە خاوەنی قورئان دەووترێت قورئان بخوێنەو بەرز بەرەوە بۆ پلەکانی سەرەوەی بەهەشت وە بە تەرتیل بخوێنە هەروەکو چۆن لە دونیا دەتخوێند، چونکە شوێنی تۆ لە دوا ئایەتە کە دەیخوێنیت.

٣- جوان نییە هەرچیت بیست باسی بکەیت، چونکە ئەمە بوارێکە بۆ کەوتنە ناو درۆوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (كفى بالمرء كذباً أن يحدث بكل ما سمع)[2].

واتە: بەسە بۆ مرۆڤ کە بە درۆزن بژمێردرێت کە هەرچی بیست باسی بکات.

٤- خۆت بپارێزە بە خۆ بەرز گرتنو شانازی کردن بەوەی کە نیتە بۆ خۆ بەرز کردنو خۆ هەڵکێشان لە پێش چاوی خەڵکی، خاتو عائیشە(خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئافرەتێك ووتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من لای خەڵکی دەڵێم: هاوسەرەکەم پێم دەدات بەڵام وانییە ونامداتێ؟ پێغەمبەر ﷺ

(١) (صحيح سنن الترمذي: ٢٣٢٩).

(٢) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٤٤٨٢).

فەرمووی: (المتشبع بما لم يعط كلابس ثوبي زور)[٣].

واتە: تێری پێ نەدراو وەك لەبەر كردنی پۆشاكی درۆیە.

٥- بەڕاستی یادی خوای گەورە كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لە ژیانی گیانیو دەروونیو لاشەیی وكۆمەڵایەتی موسڵماندا، سووربە لەسەری ئەی خوشكی موسڵمانم وە یادی خوای گەورە بكە لە هەموو كاتو حاڵەتێكدا، چونكە خوای گەورە مەدحی بەندە دڵسۆزەكانی خۆی دەكاتو دەفەرمێت:

﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ﴾ [آل عمران: ١٩١] .

واتە: ئەوانەی یادی خوای گەورە دەكەن بە پێوەو بە دانیشتنەوەو لەسەر لایەكانیان.

عبدالله كوڕی بسر رضي الله عنه دەفەرمێت: پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ شەریعەتی ئیسلام زۆرە لەسەرم شتێكم پێ بڵێ دەستی پێوە بگرم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(لا يزال لسانك رطباً من ذكر الله)[٤].

واتە: با بەردەوام زمانت پاراو وتەڕ بێت بە زیكری خوای گەورە.

٦- ئەگەر ویستت قسە بكەیت ئاگاداربە لە خۆبەگەورە زانینو زمان لوسیو ڕۆچوون لە قسە كردن، چونكە ئەمە سیفەتێكی ڕق لێبوو نەویستراوە لای پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرمێت:

(وإن أبغضكم إلي وأبعدكم مني مجلساً يوم القيامة: الثرثارون والمتشدقون والمتفيهقون)[٥].

واتە: بەقینترینو ڕق لێبووترین كەستان لای منو دوورترینتان لە من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو كەسانەن كە زۆر بڵێو ڕۆچون لە قسەدا.

٧- پێغەمبەر ﷺ بكە بە پێشەوای خۆت لە هەموو شتێكدا لەكەم قسە كردنو درێژ بیركردنەوەو كەم پێكەنینو ڕۆنەچوون تێیدا لە (سەمماكەوە) فەرمووی: بە (جابر بن سمرة)م رضي الله عنه ووت: ئایا تۆ لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دانیشتووی؟ فەرمووی: (نعم، فكان طويل الصمت، قليل

(٣) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٦٧٥).

(٤) (صحيح سنن الترمذي: ٢٦٨٧) .

(٥) (صحيح سنن الترمذي: ١٦٤٨) .

**الضحك، وكان أصحابه ﭬ يذكرون الشعر وأشياء من أمورهم فيضحكون وربما تبسم)[٦].**

**واتە: بەڵێ زۆر بێدەنگ بوو، کەم پێدەکەنی، وە هاوەڵانی ﭬ باسی شیعرو کاروباری خۆیان دەکردو پێدەکەنین، بەڵام لەوانەیە پێغەمبەرﷺ خەندەی بکردایە.**

**وە قسە کردنت با بەچاکە بێت، ئەگەر نا بێ دەنگی باشترە بۆت پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:**

**(من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أو ليصمت)[٧].**

**واتە: هەرکەسێك باوەڕی هەیە بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی باچاك بڵێت یان بێ دەنگ بێت.**

**٨- وریابە قسە بەخەڵکی نەبڕیت یان وەڵامیان بدەیتەوە بە ڕەقی، یان بەکەمی بزانیت، وەبا باش گوێ گرتن ئەدەبت بێت، وە با باش وەڵام دانەوەت دروشمی کەسایەتیت بێت.**

**٩- وریابە لە گاڵتە کردن بە قسەی خەڵکیو بەکەم زانینیان وەکو کەسێك کە سەر زمان بگرێت یان ووتەی باش بۆ دەرنەبڕێت، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت:**

**﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ﴾**

[الحجرات: ١١] .

**واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە با کەس لە ئێوە گاڵتە بە کەسێکی تر نەکات چونکە لەوانەیە گاڵتە پێکراو لای خوای گەورە باشتر بێت لە گاڵتە پێکەر، وەبا هیچ ئافرەتێکیش گاڵتە بە هیچ ئافرەتێکی تر نەکات، چونکە لەوانەیە ئافرەتی گاڵتە پێکراو لای خوای گەورە باشتر بێت لە ئافرەتی گاڵتە پێکەر.**

**وەپێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (المسلم أخو المسلم، لايظلمه ولا يخذله ولايحقره بحسب امريء من الشر أن يحقر أخاه المسلم)[٨].**

---

(٦) (المسند: ٥/٨٦، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٤٨٢٢، صحيح سنن الترمذي: ٢٨٥٠، ومختصر الشمائل المحمدية) .

(٧) (البخاري: ٨/٦٠) .

(٨) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٢٤٢).

واتــە: موســڵمان بــرای موســڵمانە نابێــت گاڵتەی پێ بکاتو سەرشۆڕی بکاتو ڕقی لێ بێـت، چـونکە بەسـە بـۆ مرۆڤـ کـە بـە خـراپ بـژمێردرێت کـە ڕقـی لـە برایـەکی موسڵمانی بێت.

١٠- ئەگەر گوێت لـە قورئـانی پـیرۆز بـوو ئەوە بێدەنگ بەو قـسەکانت بـبڕە ئەگـەر هەر بابەتێك بوو، وەکو ئەدەبێك بەرامبەر فـەرموودەی خـواو ڕێـز گـرتن لێـیو جـێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی کە دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْـصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [الأعراف: ٢٠٤] .

واتە: ئەگەر قورئان خوێنرا ئـەوا گـوێی لێ بگرنو بێ دەنگ بن بـەڵکو خـوای گـەورە ڕەحمتان پێ بکات.

١١- کۆشش بکە بۆ کێشانی قسەکانت لە دڵـی خۆتـداو بزانـە باشـە یـان نـا پـێش ئــەوەی زمانــت دەری پــەڕێنێت، وە سـووربە لەسـەر ئـەوەی قـسەکانت چـاك بێتو لە ڕێگای کاری چـاك وباشـدا بێـت، دوور بێت لە خراپەو ئەوەی دەتگەیـەنێت بـە تـووڕە بـوونی خـوای گـەورە، چـونکە قـسە کـردن لێپرسـراوێتییەکی گەورەیـە، چـەندەها قــسە هەیــە کــە خاوەنەکــەی دەخاتە بەهەشـتەوە، وە چـەندەها قـسە هەیـە کـە خاوەنەکـەی فـڕێ دەداتـە نـاو قوڵایی ئاگری دۆزەخەوە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(إن العبد ليتكلم بالكلمة من رضوان الله لا يلقي لها بالاً يرفعه الله بها درجـات، وإن العبد ليتكلم بالكلمة من سخط الله لا يلقي لها بالاً يهوي بها في جهنم)[٩].

واتە: بەندەی وا هەیە قسەیەك دەکات لـە ڕەزامەنـدی خـوای گـەورەداو بـە خـۆی نازانێتو گرنگی پـێ نـادات، بـەڵام خـوای گەورە چەندە پلە پێی بەرزی دەکاتـەوە، وە بەندەی وا هەیـە قـسەیەك دەکـات لـە تـوڕە بـوونی خـوای گـەورەدا و بـەخۆی نازانێـتو گرنگـی پـێ نـادات بەهۆیـەوە دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

وە موعـازی کـوڕی جەبـەل ﵁ پرسـیار دەکات لە پێغەمبەر ﷺ ئایا ئێمـە لێمـان دەگیرێتو لێمان دەپرسرێتەوە سەبارەت بەو قسانەی کە دەیکـەین؟ پێغەمبـەرﷺ فەرمووی:

(٩) (البخاري: ٦٤٨٧) .

(ثكلتك أمك يا معاذ، وهل يكب الناس في النار على وجوههم إلا حصائد السنتهم)[١٠].

واته: لەبار دایکت بچویتا ئەی موعاز، ئایا کاتێك کە مرۆڤ لەسەر ڕوو دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە هەر لەبەر زمانی نییە.

١٢- زمانت بەکار بهێنە کە بەخششێکی گەورەیە لە لایەن خواوە بۆ فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپەو بانگەواز کردن بۆ چاکە، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ [النساء: ١١٤] .

واتە: خێرو چاکە لە زۆر قسەو چپە چپەکانیاندا نییە مەگەر کەسێك فەرمان بکات بە خێر یاخود چاکە یاخود چاکسازی لە نێوان خەڵکیدا.

## فێربوون

### خوشکی موسڵمانە:

١٣- فێربوون کارێکی چاکەو ڕێگایەکی باشە، لە شیفائی کچی عبداللە وە(خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لامان و منیش لای حەفصە بووم(خوای لێ ڕازی بێت) پێی فەرمووم: (ألا تعلمين هذه-يعني حفصة- رقية النملة كما علمتيها الكتابة)[١١].

واتە: ئایا حەفصە فێری دوعای نەملە ناکەیت (برینێکە کێم وزوخاو دەکات لە لایەکانەوە دەردەچێت) هەروەکو چۆن فێری خوێندن ونوسینت کرد.

١٤- مەبەست لە فێر بوون مانای بەدەست هێنانی بڕوانامەو پلە بەرزی و بەدەست هێنانی فەرمانێك لە فەرمانگەو کارگە نییە، بەڵکو فێربوونی کاروباری دین و زانینی حوکمەکانێتی، وە جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە، تا ئافرەت بتوانێت پەروەردگاری بپەرستێت لەسەر چاوڕۆشنی، هەروەکو مەبەستی فێربوون زانینی ڕێگاکانی پەروەردەی ڕاستە هەروەکو چۆن ڕەنگی دابۆوە لە ژیانی پێغەمبەرﷺ و ژیانی هاوەڵانی و پێشینە چاکەکانی ئەم ئوممەتە رضي الله عنهم تا ئافرەت بە بەختەوەری بژی.

---

(١٠) (صحيح سنن الترمذي: ٢١١٠) .

(١١) (رواه أحمد: ٣٧٢/٦، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٦٥٠) .

١٥- دوور بکەوەرەوە لە بەکەم زانینو گاڵتە کردن بەو خوشکانەت کە فێر نەبوونە، وە لە خۆ بەرز کردنەوەو خۆبەگەورەزانین لەوانەی لەخوار خۆتن لە فێربوونو زانیاری.

وە با خۆ بەکەم زانینو باڵ نزم کردنەوەت زیاتر بەرزت بکەنەوە لە پلەکانی فێربوون، ئەگەر وانەبوویت ئەوا زانستو زانیارییەکەت دەبێتە بەلآ بەسەرتەوە، لە کەعبی کوڕی مالیکەوە ﵁ دەفەرمێت: گویم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو:

(من طلب العلم ليجاري به العلمــاء، أو ليماري به السفهاء ويصرف بــه وجــوه الناس إليه أدخله النار)[١٢].

واتە: هەر کەسێك زانستێك فێربێت بۆ ئەوەی شان بەشانی زانایان بێت، یاخود دەمەقاڵێی خەڵکانی گێلو گێژی پێ بکاتو ڕوووی خەڵکی پێ بگێڕێت بۆ لای خۆی ئەوا خوای گەورە دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

## گوێ گرتنو بیستن

١٦- گوێت پاك ڕابگرە لە گوێ گرتن لە مۆسیقاو گۆرانیو قسەی خراپ.

## پۆشاك

١٧- تۆ موسڵمانی بێگومان دەبێت پۆشاکەکەت هەموو سیفاتو مەرجی شەرعی تێدا بێت: فراوان بێتو شۆڕ بێتو ئەستوور بێتو سەرەنج ڕاکێش نەبێتو ڕەنگاو ڕەنگ نەبێتو لە پۆشاکی پیاو نەچێتو لە پۆشاکی ئافرەتی بێ باوەڕ نەچێت.

١٨- با سەردەستو ملیوانی جلەکانت زۆر فراوان نەبێت، چونکە ئافرەت لە کاتی ڕۆیشتنو هاتنو سواربوونی سەیارەو دابەزینی لەوانەیە شوێنێکی دەربکەوێت.

## کۆبونەوەو دانیشتنەکان

١٩- ئاگاداربە -خوا بت پارێزێت- لە ئامادەبوونی دانیشتنی خراپو تێکەڵ بوون بە خەڵکی خراپ، وە خێراو پەلە بکە -خوا چاودێرت بکات- بۆ دانیشتنی باش.

٢٠- ئەگەر دانیشتیت لەناو کۆمەڵە خوشکێکتدا یاخود بەتەنها بوویت با

---
(١٢) (صحيح سنن الترمذي: ٢١٣٨) .

یادکردنی خوای گەورە بەردەوام لەسەر زمانت بێت، تا بە خێر بۆتان بگەڕێتەوە وپاداشتتان دەست بکەوێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(من قعد مقعداً لم يذكر الله تعالى فيه كانت عليه من الله تِرة، ومن اضطجع مضجعاً لايذكر الله فيه كانت عليه من الله تِرة)[١٣].

واتە: هەرکەسێك لە شوێنێکدا دابنیشێت ویادی خوای گەورە نەکات، ئیللا لەلایەن خوای گەورەوە توشی کەمی دەبێت، وە هەرکەسێك لە شوێنێکدا ڕابکشێت ویادی خوای گەورە نەکات، ئیللا لەلایەن خوای گەورەوە توشی کەمی دەبێت .

وەئەگەر ویستت هەڵسیت لە شوێنێکا لە یادت نەچێت بڵێیت:

(سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك)[١٤].

تا خوای گەورە لە هەر تاوانێکت خۆش بێت کە لەو شوێنەدا کردبێتت.

٢١- خوشکی موسڵمانم دانیشتنەکانت پاك ڕابگرە لە غەیبەت ودووزمانی، وەکو جێبەجێ کردنێك بۆ فەرمانی خوای گەورەو ترسان لە سزاکەی، چونکە ئەمانە سیفاتی خراپ وڕق لێ بوون، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ [الحجرات: ١٢] .

واتە: باکەس لە ئێوە غەیبەتی یەکتری نەکات، ئایا یەکێك لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات؟! بێگومان پێتان ناخۆشە.

٢٢- ئەگەر لە یەکێك لە ئامادە بووانەوە هەڵە یاخود شتێکی خراپ دەرکەوت ئەوا ئەرکی سەرشانی تۆیە کە لە پاش دەرچونی ئامۆژگاری بکەیت بە ووتەیەکی ناسك وشێوازێکی جوان.

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك**

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
1429 کۆچی

(١٣) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٧٨).

(١٤) (صحيح سنن الترمذي: ٢٧٣٠).

# خوشکەکەم
# چۆن پرسیار دەکەی سەبارەت بە ئایینەکەت ؟

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە

**دایکی سوننە**

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وم والاه، وبعد:

بەڵێ هەموومان دەزانین کە شارەزا بوون لە ئایینەکەمان، و گەڕان و پرسیار کردن دەربارەی شتێکی پێویستە، و کارێکی گرنگە، چونکە پێشەوایانی ئێمە کە ئافرەتانی صەحابەن رضي الله عنهن، داوای ئەوەیان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ڕۆژێکیان بۆ دیاری بکات - هەروەکو لە فەرموودەی ( صحیح )دا هاتووە - بۆ ئەوەی تێیدا ئامۆژگاریان بکات، و بە هۆیەوە شارەزای ئایینەکەیان بن .

وە گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم کارە کارێکی چاك و دروستە مەبەستم: پرسیار کردنە سەبارەت بە ئایین بۆ شارەزا بوون لێی - هەروەکو دایکی بڕواداران فەرموویەتی: (نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ [ أن يسألن عن الدين ] وَأَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ)[1] .

واتە: باشترین ئافرەت ئافرەتانی ئەنصارە شەرم و حەیا وای لێ نەدەکردن کە ڕێگر بێت لە شارەزا بوونیان لە ئاداب و ئەحکامەکانی ئایینەکەیان، وپرسیار کردنیان سەبارەت بە ئایین .

یان پێشینە فەرموویانە: دوو جۆرە کەس هەن فێری زانیاری نابن، شەرمن، و خۆبەزل زان .

پاشان خوشکەکانم ئەوەش بزانن کە خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە ئەگەر شتێکمان نەزانی ئەوا پرسیار بکەین لە زانایان و مامۆستایانی ئایینەکەمان، هەروەك فەرموویەتی:

---

(١) (رواه البخاري ومسلم، والزيادة عند أبي داود، وحسنه العلامة الألباني في: صحيح سنن أبي داود، برقم: ٣١٦، و في: صحيح سنن ابن ماجه، برقم: ٦٤٢) .

﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[٢] .

واتە: پرسیار لە زانایان ومۆستایانی ئایینی بکەن، ئەگەر شتێکتان نەزانی .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی:

(أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا، فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ)[٣] .

واتە: خۆ پرسیاریان بکردایە کە نەیانزانی، بەڕاستی چارەسەری نەزانی پرسیار کردنە .

هەروەها بزانە خوشکی موسڵمانم: کە پێویستە لەسەر من و تۆش لە کاتی پرسیار کردنەکانماندا، هەندیك ئاداب و سنور ڕەچاو بکەین، کە ئەمەی خوارەوە هەندێك ئامۆژگاری ورێنماییە لەو بارەیەوە کە پەیوەستە بە ئاداب و شێوازی پرسیار کردن، بەڵکو خوای پەروەردگار من و تۆشی پێ سوودمەند بکات:

**یەکەم**: پێویستە لە سەرت پرسیار لەو مامۆستایانە بکەی کە خاوەن زانیارین، و بەدوایدا دەگەڕێن، ئەوانەی کە ناسراون بەوەی کە خاوەن زانیاری دروست و ڕەسەنن، و خاوەن بیروباوەڕێکی دروست سەلامەتن، و پەیڕەو ومەنهەجیشیان ڕوون و ئاشکرایە لەسەر پەیڕەو ومەنهەجی پێشینە و سەلەفی ئەم ئوممەتەن، نەك لە هەموو کەسێکی بەناو مامۆستا و خۆشوبهێنەر بە زانایان .

وە ئەو ووتەیەی پێشەوا (ابن سیرین) ت لەیاد بێت کە فەرموویەتی:

(إن هذا الأمر دين، فانظروا عمَّن تأخذون دينكم) .

واتە: ئەوەی کە ئێوە لە سەرین ئایینە، جا بزانن و بڕوانن لە کێوە ئایینەکەتان وەر دەگرن؟!

جا خوشکەکەم نەکەی ئایینەکەت بکەیتە بووکە شووشەی دەستی ئەم و ئەو، و هەر کەس بەناوی ئایینەوە هاتە سەر ڕادیۆیەك یان ئیزاعە و کەناڵێك پرسیاری ئاراستە بکەی، چونکە هەموو

---

(٢) (النحل: ٤٣) .

(٣) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح سنن أبي داود، برقم: ٣٣٦) .

کەسێك شایستەی ئەوە نییە کە تۆ ئایینی لێ وەرگریت .

**دووەم**: سنووری پرسیارەکەت دیاری بکە و باسی چیرۆکی ژیانی خۆت بۆ مامۆستاکە باس مەکە، بۆیە پێش ئەوەی پرسیار بکەی هەوڵ بدە چۆنێتی پرسیارەکەت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاسان و بەکورتی دیاری بکەی.

بۆیە دەبینین ئەو خۆشکانەی کە ئەم خاڵە ڕەچاو ناکەن زۆربەی جار بە پرسیارەکەیان مامۆستاکە ناڕەحەت دەکەن، بەوەی کە سەرگوزشتەی ژیانی خۆیانی بۆ باس دەکەن لە پرسیارەکەیاندا، ئاشکراشە ئەو کارە شتێکی ناقۆڵایە وپێویست نییە .

**سێیەم**: با شێوازی پرسیارەکەت جدیەتی پێوە دیار بێت، بەشێوەك ڕوون و ئاشکرا بێت، هیچ ناز و درێژە دادڕیەکی تێدا نەبێت، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾(٤) .

واتە: ناز و مەکر مەکەن لە کاتی قسەکردنتاندا، چونکە ڕەنگە ئەو کەسەی کە نەخۆشی لە دڵدا هەبێت کاریگەر ببێت بە ووتەکانتان، و شتێکی لە دڵدا دروست بێت بەرامبەرتان، با ووتەکەشتان ووتەیەکی عادەتی بێت .

پێشەکی بە سەلام کردن دەست پێ بکە وپاشان ڕاستەوخۆ پرسیارەکەت ئاراستەی مامۆستاکە بکە، نەوەك ئەوەی کە مامۆستایەك دەگێڕێتەوە جارێکیان خوشکێك تەلەفونی بۆ دەکات بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات، و پێی ووت: مامۆستا تەلەفونم بۆ کردی پێش ماوەیەك، وەڵامت نەبوو! ئەوە خێر بوو؟! مامۆستاکەش دەڵێت پیم ووت: ئەو کاتە نەخۆش بووم، ئەویش ووتی: ئەی خۆ ڕۆشتووی بۆ لای دکتۆر؟ ... وە بەم شێوە تاکو چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی .

جا تەماشای حاڵی ئەم خوشکە موسڵمانە بکەن، خۆ لەوانەشە مەبەستی خێر بێت لە پرسیارەکەی لە حاڵی مامۆستاکە و ڕۆشتن یان نەڕۆشتنی بۆ لای دکتۆر .... هتد، بەڵام بۆ وەها؟! یەکسەر پرسیارەکەت بکە، و ئەوەش

---

(٤) (الأحزاب: ٣٢) .

بزانە كە هیچ تاوانبار نابیت لە لای خوای پەروەردگار ئەگەر پرسیار نەكەی لە حاڵی مامۆستا، وە ئەوەش بزانە كە ئەو مامۆستایەش كە تۆ پرسیاری ئاراستە دەكەیت مرۆڤە و قابیلە بە هەڵە و گاریگەر بوون بە ووتەكانت، هەروەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ .... )[٥] .

واتە: هەموو مرۆڤێك لە نەوەكانی ئادەم دەكەوێتە هەڵەوە .... هتد .

وە فەرموویەتی:

(إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ ....)[٦] .

واتە: شەیتان بە ناو لەشی نەوەكانی ئادەمدا دەسوڕێتەوە هەروەكو چۆن خوێن بەناو لەشیاندا دەسووڕێتەوە ... هتد .

ووتەش كاریگەری خۆی هەیە و، تۆش كارێك مەكە هەستی بەرامبەر بە ووتەكانت ببزوێنیت، خوای پەروەردگار یارمەتی دەری من و تۆش بێت بۆ ڕاستیەكان، و پارێزەریشمان بێت لە هەموو خراپەیەك .

**چوارەم**: ئەگەر دەكرێت ودەتوانیت باشتر وایە پرسیارەكە بدەی بە مێردەكەت، یان براكەت، یان كوڕەكەت، ئەوان لە جیاتی تۆ پرسیارەكە ئاراستەی مامۆستاكە بكەن، بەڵام ئەگەر نەكرا و نەبوو، یان ئەوانە لە ماڵ نەبوون، ئەوا بە خۆت پرسیارەكە بكە، و هیچ دوو ڕایی دڵە ڕاوكێی لێ مەكە .

**پێنجەم**: ئەگەر هەر شتێكت لە بارەی ئایینەكەتەوە لە لا ئاشكرا نەبوو، و نەتزانی، ئەوا دوو ڕا و دڵە ڕاوكێت نەبێت لە پرسیار كردندا، با پرسیارەكەش هەندێك جێگەی شەرم بێت لە لات، وە بۆ ئەمەش هەموو جارێك بیر لەو فەرمانەی خوای پەروەردگار بكەوە كە فەرموویەتی:

﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[٧]. یان پرسیارەكەی (أم سليم) یادی خۆت بخەرەوە كە لە پێغەمبەری خوا ﷺ كردی، و فەرمووی:

---

(٥) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح ابن ماجه، برقم: ٤٢٥١، و في: صحيح الجامع الصغير، برقم: ٤٥١٥) .

(٦) (رواه البخاري) .

(٧) (النحل: ٤٣) .

(إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِى مِنَ الْحَقِّ، فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ؟)[٨].

واتە: خوای پەروەردگار شەرم ناکات لە خستنە ڕووی حەق، ئایا ئەگەر ئافرەت لەشی گران بوو غوسڵی دەکەوێتە سەر؟

وە ئەگەر هەر لە ڕووت نەهات کە خۆت ڕاستەوخۆ پرسیارەکە ئاراستەی مامۆستاکە بکەی، ئەوا پرسیارەکەت بە شێوەیەکی جوان دیاری بکە و بیدە بە یەکێك لە دەستە خۆشکەکانت، و بەباشی تێی بگەیەنە لە پرسیارەکەت، بۆ ئەوەی پرسیارەکەت بەجوانی ئاراستەی مامۆستاکە بکات، و پاشان وەڵامەکەی بە تەواوی لێ وەرگرە، یان ئەگەر لە کۆڕێك یان وانەیەکی مامۆستاکەت بووی پرسیارەکەی بۆ بنووسە لە ناو پارچە کاغەزێك، و بۆی بنێرە بۆ ئەوەی وەڵامت بداتەوە، یان لە ڕێگەی ئەو سایتانەی کە شوێنی متمانەن و مامۆستایانی متمانە پێکراو سەرپەرشتی دەکەن پرسیارەکەت ئاراستەیان بکە، بۆ ئەوەی وەڵامت بدەنەوە، وەکو: سایتی ڕێگای ڕاست: ( **www.R-rast.com** ) یان سایتی بەهەشت ( **www.ba8.org** ) .

**شەشەم:** هەوڵی ئەوە بدە پێشتر هەموو پرسیارەکانت لە پەڕەیەکدا کۆ بکەیتەوە، چونکە چەندەها پرسیار هەن بەمێشکدا دێن، بەڵام بەهۆی نەنووسینیان لە یاد دەچن، هەرچەندە هەوڵیش بدرێت بیر ناکەونەوە .

**حەوتەم:** کاتێکی گونجا و شیاو هەڵبژێرە بۆ خۆت و بۆ مامۆستاکەش کە پرسیارەکەتی ئاراستە دەکەی، کاتی گونجاو و شیاو بە نیسبەت خۆتەوە ئەو کاتەیە کە ژاوە ژاو و زیقە زیقی منداڵی تێدا نەبێت، وە ئەو کاتەش کە گونجاوە بە نیسبەت مامۆستاکەوە کاتێکی بەرەبەیانی زوو نەبێت کە کاتی خەوتنە، و درەنگ وەختیش نەبێت کە کاتی نووستن و پشووی مامۆستاکەیە، و کاتی نان خواردنەکانیش نەبێت، یان کاتی ئەنجام دانی نوێژەکان نەبێت کە مامۆستاکە لە نوێژی جەماعەت دەبێت .

**هەشتەم:** وە ئەگەر ئافرەتێکیش هەبێت کە ناسراو بێت بە زانستی شەرعی و چاك وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، و

---

[٨] متفق عليه .

شارەزایی هەبێت لە ئایین ئەوا پرسیارەکە ئاراستەی ئەو بکە پێش ئەوەی پرسیارەکەت ئاراستەی پیاوان بکەی .

**نۆیەم:** وریای شوێنکەوتنی ئارەزووەکانت بیت لە پرسیارەکانتدا، بۆ نموونە نەکەی بڵێیت: پرسیار لە مامۆستا فلانە کەس دەکەم، چونکە ئەو نەرم و نیان ترە ! یان پرسیار ناکەم لە فلانە مامۆستا چونکە زۆر توند و تیژە لە وەڵامەکانیدا ! !

یان بڵێیت: جارێکی تر پرسیار دەکەمەوە، چونکە مامۆستای یەکەم وەڵامێکی توندی پێ داوم، بەڵکو وەڵامێکی نەرم تر بدرێمەوە، ئەمەش لەلای زانایان پێی دەووترێت ( تتبع الرخص )، واتە: بەدوا گەڕانی ڕووخسەت و هەڵە و ئاسانکاری مامۆستایانی ئایینی[٩] .

چونکە ئەم کارەت پێچەوانەی ئەو خاڵەیە کە دەبێت پرسیارەکان ئاراستەی ئەو مامۆستایانە بکرێت کە زانیاری شەرعیان هەیە وبەوە ناسراون، یان بەدوای زانستی شەرعیدا دەگەڕێن، و بەوە نەناسراون کە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیان بن، سەلامەتن لە ڕووی پەیڕەو و مەنهەجیانەوە .

**دەیەم:** بەجوانی و بەباشی لە وەڵامی مامۆستاکە تێبگە، و ئەگەر تێنەگەیشتی ئەوا داوای ئەوە بکە لە مامۆستاکە وەڵامەکەت بۆ دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەو کارە ئایینە و پێویستە لە ئایینەکەت بەجوانی تێ بگەیت و حاڵی ببی .

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان لە فیتنە و ئاشووب و هەڵە بپارێزێت، و وامان لێ بکات شوێنکەوتەی ئارەزووەکانمان نەبین، و ئەم ووتانەشمان لە تەرازووی چاکەکاریەکانمان بژمێرێت، لە هەڵەشمان ببورێت، مەبەست هەر ئەوە و هەر ئەویشە وەڵام دەرەوەی بەندەکانی، و پارێزەریشیانە لە هەڵە و تاوان .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 كۆچی

---

(٩) بۆ زیاتر ئاشکرا بوون لەم بابەتە بروانەی نووسراوی: ( پیادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕووخسەت، لە نێوان حەقیقەتی ڕووخسەت، و شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیان / ئامادەکردنی: مامۆستا عدنان بارام ) کە لە ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بە نرخەدا بلاوکراوەتەوە.

# با ئەم سوننەتە نوێ بكەینەوە
# گۆڕینی ڕەنگی سپی مووی سەرو ڕیش
# بۆچی؟
# وەكەی؟
# وە بە چ ڕەنگێك؟

م/ سامی مصطفی حـــــسن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى خلق الانسان في احسن تقويم والصلاة والسلام على محمد النبي الأمي الكريم..

وبعد:

هــەروەكو چــۆن ئیــسلام بایــەخ بــە خــاوێن كردنـــەوەی دڵ ودەرونـــی مرۆڤـــ دەدات لـــە نەخۆشـییەكانی شـیركو بیدعـەو حەسـادەتو بـەخیلی.... هتـد بـە هـەمان شـێوە بایـەخ بـە ڕوخـسارو جـلو بـەرگی مرۆڤـ دەدات، وە لـە لاســایی كردنـــەوەی كـــافران وە هۆیـــەكانی شــەهوەتو خۆبەگــەورە زانــین... هتــد دوور دەخاتــەوە، چــونكە ڕوخسارو بــاری دەرەكــی مرۆڤــ كــار لــە دەروونو حــاڵی نــاوەوەی مرۆڤــ دەكات.

شــێخی ئــەلبانی (ڕەحمــەتی خــوای لێ بێــت) فەرموودەی:

(۰۰۰والله لتقيمنَّ صفوفكم، أو ليخالفنَّ اللهُ بين قلوبكم)[1].

واتــە: پێغەمبــەر ﷺ ســوێند دەخــوات ئەگــەر موسڵمانان ڕیزەكانی نوێژیان ڕاست نەكەن ئـەوا خوا دڵیان لەگەڵ یەكتر جیاواز دەكات، دەكاتـە بەڵگـە كـە ظـــاهر و ڕوكـەش كـار لـە بـــاطن و ناوەوەی مرۆڤ دەكات بە چاكە و بە خراپە، وە لە سودی چوارەمی فەرموودەكەدا دەفەرمێت:

(إن فساد الظاهر يؤثر في فساد الباطن والعكـــس بالعكس، وفي هذا المعنى أحاديث كثيرة)[2].

---

(١) (أخرجه أبو داود: ٦٦٢، وأحمد: ٢٧٦/٤، وغيرهما، وصححه النووي وابن حجر والألبـــاني، أنظـــر: سلـــسلة الأحاديث الصحيحة: ٧١/١-٧٢، رقم: ٣٢، وصـــحيح أبوداود: ٢٣٦/٣-٢٣٩، رقم: ٦٦٨)۰

(٢) (سلسلة الأحاديث الــصحيحة: ٧٤/١)، وە شـــيخ الإسلام ابن تيمية لـە پەرتوكـە بەنرخەكەیدا: (اقتـــضاء الصراط المستقيم: ٩٢/١-٩٥) بـە تێروتەسـەلی بـاس لـە

واتـە: خراپـەی ظــاهر و ڕوکـەش کـاری خـراپ دەکاتە سەر باطن، وە چاکەی ظاهر کاری چاك دەکاتـە سـەر بــاطن، وە بـەم مانایـە چـەندین فەرموودە هەن.

ئەمیش ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە هـەر بۆیـە ووتراوە: (الظاهر عنوان الباطن).

واتە: ڕوخسار ناونیشانی ناخە.

وە ووتراوە: (تخبر عن مجهوله مرآته)[٣].

واتـە: وێنەکـەی بـاس لـە ناخـە شـاراوەکەی دەکات.

وە ئەم ڕاستیەیش گومڕایی ئەو برایانـەمان بـۆ دەردەخـات کـە ڕیش دەتاشـنو جـلو بـەرگی کـافران لەبـەر دەکـەن، وە ئەگـەر ئامۆژگـاری بکرێن ئیشارەت بۆ دڵیـان دەکـەن وە دەڵێن: مـەرج خـاوێنی دڵـە، وە بـە هـەمان شـێوە ئـەو خوشکانەی توشی سفوری دەبـن خـوای گـەورە هەمووومان بپارێزێت.

ئیتر ئەمە پێشەکی باسـەکەمانە وە باسـەکەمان خاڵێکی ئەم بابەتە فراوانەیە کـە ئـەویش بایـەخ دانی ئیـسلامە بـە(هدي ظاهر) ئـەویش گـۆڕینی مووی سپی سەرو ڕیش:

بۆچـی؟ وەکـەی؟ وە بـە چ ڕەنگێکی؟

وەڵامـدانی ئـەم سـێ پرسـیارە باسـەکەمان بـۆ نزیك دەکاتەوە.

## *وەڵامــی پرســیاری یەکــەم: گــۆڕینی ڕەنگی سپی مووی سەرو ڕیش بۆچی؟

بێگومان ئەگەر بڵێین گۆڕینی مووی سپی سـەرو ڕیـش بـۆ جوانکـاری ڕوخـسارو هێنانـەوەی گەنجایەتییــە بــۆ دەمــوو چــاوو لەوانەیــە وەڵامەکـەمان هەڵـە نـەبێت، بـەڵام لـە هـەمان کاتیشدا وەڵامێکی تەواو نـی‌یـە، چـونکە کاتێك موســڵمان هەڵــسوکەوت دەکــات پێویــستە یەکــەمجار هەڵــسوکەوتەکەی بــۆ هێنانــەدی فەرمانەکانی خواو پیغەمبەر ﷺ بێت بـە نیـازی پاداشتی ڕۆژی دوایی، بۆیـە وەڵامـی ڕاسـت بـۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بڵێین: ئێمە مووی سپی سـەرمان ڕەنـگ دەکـەین بـۆ بـە جێهێنـانی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمێت:

**(إن اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم)**[٤].

واتە: جولەکەو دیان(گاور) سەرو ڕیشیان ڕەنـگ ناکەن ئێوە سەرپێچیان بکەن ئەم کـارە بـەجێ بێنن.

---

گرنگی ئەم بابەتـەمان بۆ دەکـات، پاشـان دەفـەرمێت: (فهذا أصل ينبغي أن يُتفطن له)

واتە: ئەمە کـارێکی بنـچینەییە پێویستە موسـڵمان لێی بە ئاگا بێت.

هەروەها گوێ بیستی کاسێتی ژمارە: ٦٢٥ ی زنجیرەی (الهدى والنور) ببە وەباسێکی گـرنگ لەسـەر کاریگـەری روخسار لەسەر ناخ.

(٣) (معجم الإستشارات: ص٣٥٥)، وە بڕوانـە: (سـبل السلام: ٣/ ٢٩٣).

(٤) (أخرجه البخاري: ٥٨٩٩، ومـسلم: ٢١٠٣، ٨٠، وأبوداود: ٤٢٠٣، والنـسائي: ١٨٥/٨،وابـن ماجـة: ٣٦٢١، وأحمد وغيرهم).

وە چونكە پێغەمبەرﷺ فەرمانی بەم كارە داوە بۆیە زانای پایەبەرز (ئەحمەدی كوڕی حەنبەل) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ واجب بوونی ئەم كارە دەچێت، وە لە ڕیوایەتێكدا بۆ ئەوە دەچێت كە ئەگەر ئەم كارە لە تەمەنێكدا یەك جاریش بێت ئەوا هەر لەسەر موسڵمانان پێویستە[٥]. وە (شیخ الإسلام ابن تیمیة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە: (إقتضاء الصراط المستقیم)دا بۆ سوننەتی ئەم كارە دەچێت[٦] وە هەروەها ئیمامی (نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(مجموع شرح المهذب: ١/٣٤٥) دەفەرمێت: مەزهەبمان سوننەتی گۆڕینی مووی سپییە بە زەرد یان سوور ئیتر هەر كوێیەك بێت ووتەی زانایان لە نێوان واجب بوون وسوننەتی ئەم كارە دایە، وە بەڵگەكان بۆ واجب بوونی دەچن، وە ئەگەر سوننەتیش بێت ئەوا نوێ كردنەوەی كارێكی گەورەیەو پاداشتی زۆرە بە تایبەتی لەم زەمانەدا، بەڵكو كاتێك ئیمامی ئەحمەد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پیاوێك دەبینێت ڕیشی خەنە كردووە دەفەرمێت: ئەم پیاوە سوننەتێكی مردووی زیندوو كردۆتەوە، وە دڵی بەمە خۆش دەبێت[٧].

كەواتە موسڵمان پێویستە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە- نوێ كردنەوەی سوننەت وە شوێن كەوتنی پێغەمبەر ﷺ سەرو ڕیشیان ڕەنگ بكەن لە كاتی سپی بوونیان، نەك تەنها بۆ جوانی یان بۆ عادەت ئا ئەمە جێی دڵخۆشیە وە ئەمە وەڵامی ڕاستی پرسیارەكەیە، وە ئەگەر نا گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش هیچ تامەزرۆیەكی نییە بۆ دڵی موسڵمانێك كە بە دڵو دەروونەوە بۆ ئیسلامەتی بژێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە جاری وا هەیە لەوانەیە گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش سەرپێچی كردنی فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ بێت كاتێك كە دەبێتە لاسایی كردنەوەی هونەرمەندو یاریزانەكانی ڕۆژئاوا!!.

وە هەر لەم بابەتەوە ڕیش هێشتنەوە بە بۆنەی تەعزیەو هەواڵی غەمبار بیدعەو گوناهە لە كاتێكدا كە ڕیش هێشتنەوە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی پێغەمبەرﷺ واجبێكە ئیجماعی لەسەر هەیە[٨].

---

(٥) (فتح الباري: ١٠/٣٦٨، ط الريان).

(٦) (الإقتضاء: ١/٢٠٣، ط اشبليا) وەابن تيمية بەڵگەی هەڵگرتنی فەرمانی پێغەمبەرﷺ لە واجب بوون بۆ سوننەتی لە فەرموودەكانی فەرمان دان بە گۆڕینی ڕەنگی موی سپی سەرو ڕیش بەوە دێنێتەوە كە سپی بونی موو كاری مرۆڤ نییە بۆیە ئەم جۆرە لاساییە بۆ جولەكەو گاور نابێتە حەرام هەتاوەكو گۆڕینی واجب بێت بەم مانایە.

(٧) (ذكره الألباني في: جلباب المرأة المسلمة: ص١٨٧-١٨٨، ط المكتبة الإسلامية، نقلا من نيل الأوطار: ١/١٩٣، ط دار الكتاب العربي).

(٨) عن ابن عمر مرفوعاً: (**خالفوا المشركين أعفوا اللحى وأحفوا الشوارب**) (صحيح سنن النسائي: ٥٠٤٦) .

ئیتر پێویسته مرۆڤی موسڵمان ئەم خاڵە گرنگە لە گشت هەڵسوکەوتێکیدا لەبەر چاو بێت ئەگەر نا ئیسلامەتییەکەی وەکو لاشەیەکی بێ ڕووح وایە، پێویستە سەر لە نوێ بە ڕوحی قورئان وە فەرموودە زیندوو بکرێتەوە.

***وەڵامی پرسیاری دووەم: گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش کەی؟**

سەرو ڕیش کاتێك ڕەنگ دەکرێت کە ڕەنگە سروشتیەکەی سپی بووبێت ئەگەر چەند موویەکیش بێت ئەمەش بە زۆری بەهۆی تێپەڕ بوونی تەمەن ڕوو دەدات....

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

**(غيِّروا الشيب ولا تشبهوا باليهود ولا بالنصارى)**(٩).

واتە: ڕەنگی مووی سپی بگۆڕن وە لاسایی جولەکەو دیان نەکەنەوە، چونکە ئەوانە ڕەنگی مووی سپی ناگۆڕن.

وە زۆربەی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەر گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش بە مووی سپیەوە پابەندن، وەکو ئەم فەرموودەیە، وەفەرموودەی جابر رضي الله عنه:

[أتي بأبي قحافة يوم فتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضاً، فقال رسول الله ﷺ: **(غيِّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد)**](١٠).

واتە: ڕۆژی فەتحی مەککەی پیرۆز باوکی ابو بکریان رضي الله عنه هێنایە لای پێغەمبەر ﷺ ڕیش و سەری زۆر سپی ببوو وەکو الثغامة (گیایەکە لە ناوچە شاخاوییەکان هەیە کاتێك وشك دەبێت سپی دەبێت ئیتر کە شتێك زۆر سپی بێت بە الثغامة دەشوبهێنرێت، بڕوانە: المصباح المنير: ص٣٢، ط مكتبة لبنان) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی سەری ئەمە بەشتێك بگۆڕن بەڵام ڕەشی مەکەن.

وە هەروەها فەرموودەی أبي أُمامة رضي الله عنه: **(خرج رسول الله ﷺ على مشيخة من الأنصار بيض لحاهم، فقال: يا معشر الأنصار حمِّروا وصفِّروا وخالفوا أهل الكتاب...)**(١١).

---

واتە: ابن عمر لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە فەرمانی داوە بە کورت کردنی سمێڵ وهێشتنەوەی ڕیش.

وەزانای پایەبەرز(ابن حزم)ئەم فەرموودەیە وچەندین فەرموودەی تر بەم مانایە دەکاتە بەڵگە کە هێشتنەوەی ڕیش وکورت کردنەوەی سمێڵ فەرزە، وە کۆڕای زانایان لەسەر ئەم حوکمە نەقڵ دەکات. بڕوانە: (فتاوى اللجنة الدائمة: ١٣٤/٥، ط دار العاصمة)

وە بۆ ئەوەی کە بزانیت هێشتنەوەی ڕیش بە بۆنەی تەعزیە گوناهو بیدعەیە بڕوانە: (أحكام الجنائز للألباني: ص٢٤٥، ط المكتب الإسلامي)، و(موسوعة المناهي الشرعية لسليم الهلالي: ٢١/٢-٢٢، ط ابن عفان).

(٩) (أخرجه أحمد: ٧٥٤٥، ١٠٤٧٢، وقال الألباني: إسناده حسن، وانظر: جلباب المرأة المسلمة لألباني: ص١٨٩-١٩١).

(١٠) (أخرجه مسلم وغيره

(١١) (أخرجه أحمد: ٢٦٤/٥، ط الميمنية، من حديث أبي ذر رضي الله عنه، وحسن إسناده الحافظ في: الفتح: ٣٦٨/١٠،

**واته: پێغەمبەر ﷺ چووە ناو کۆمەڵە شێخێکی ئەنصاری ﷺ ڕیشیان سپی ببوو، فەرمووی: ڕیشتان سوور بکەن یان زەرد بکەن سەرپێچی ئەهلی کیتاب بکەن...**

**وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**

**(إن أحسن ما غيِّر به الشيب الحناء والكتم)[12].**

**واته: باشترین شت کە ڕەنگی مووی سپی بگۆڕێت خەنەو وسمەیە.**

**وە بەم مانایانە زۆر فەرموودە هەن کە گۆڕینی ڕەنگی سەر تەنها تایبەت دەکات بە مووی سپی، وە فەرموودەکانی تری پێغەمبەر ﷺ کە بە ڕەهایی باس لە گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش دەکەن بەمە تەفسیر دەکرێن[13].**

**وە بۆیە زانایان دەفەرموون:**

(لا يغيَّر إلا الشيب).

**واته: تەنها ڕەنگی مووی سپی دەگۆڕدرێت.**

---

الريان، والعيني في: عمدة القاري: ١٥/٩٦، فكر، والألباني في: جلباب المرأة المسلمة: ص١٨٤).

(١٢) (أخرجه أبو داود: ٤٢٠٥، والترمذي: ١٧٥٣، والنسائي: ٥٠٩٣، ٥٠٩٧، وصححه الألباني في: السلسلة الصحيحة: ١٥٠٩، وانظر: غاية المرام للالباني: ص٦٩-٧٢).

(١٣) **هەڵگرتنی دەقە**(مطلق) **ەکان بەسەر** (مقيد) **ەکان زانستێکە لە کتێبەکانی**(أصول الفقه) **دا باس دەکرێت، بڕوانە:** (الجامع لمسائل أصول الفقه وتطبقها على المذهب الراجح).

**وە لە پێناسەی (خضاب) دا (ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:**

(الخضاب: تغيير لون شيب الرأس واللحية)[14].

**واته:** خضاب **بریتییە لە گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش.**

**وە ئەم حوکمە شەرعییە ئافرەتو پیاو دەگرێتەوە، بۆیە لێرەیشدا پێویستە خوشکی موسڵمان ئاگادار بکرێتەوە کە بۆی نییە بۆ جوانکاری ڕەنگی موی سەری بگۆڕێت پێش ئەوەی سەری سپی بێت ئەگەر چەند موویەکیش بێت، کە بە داخەوە زۆربەی خوشکان لەمە بێ ئاگان.**

**شێخی ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:**

(الصبغ لا يجوز إلا بالنسبة لمن شاب سواء كان ذكراً أو أنثى)[15].

**واته: ڕەنگ کردنی موو نابێت تەنها بۆ کەسێك نەبێت کە مووی سەری سپی ببێت ئەوجا چ ژن چ پیاو.**

---

(١٤) (فتح الباري: ١٠/٣٦٧، وانظر أيضاً: عون المعبود: ١١/١٧٨، ط المكتبة العلمية).

(١٥) (شريط رقم: ٨١٤ سلسلة الهدى والنور، الدقيقة السادسة، وانظر: المنتقى من فتاوى الشيخ صالح الفوزان: ٣/٣١٧، ومجموعة فتاوى ورسائل الشيخ محمد بن صالح العثيمين: ٤/١٣٦، وفي هذه المسألة خلاف وما ذكرناه هو الأقرب الى الدليل).

***وەڵامی پرسیاری سێیەم: گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش بە چی ڕەنگێک دەبێت؟.**

له گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش دا پێویسته ئەم مەرجانه ڕەچاو بکرێت:

١- ڕەنگه بەکارهاتووەکه ڕەش نەبێت.

٢- ڕەنگه بەکارهاتووەکه له چوار چێوەی ڕەنگەکانی(قهوائی، بنی، بۆ سورێکی تۆخ، بۆ سور بۆ زەرد)دا بێت.

٣- ڕەنگه بەکار هاتووەکه خاوێن بێت حەڵاڵ بێت زەرەری نەبێت.

**بەڵگەکانی مەرجی یەکەم:**

**فەرموودەی یەکەم:**

**عن جابر** رضي الله عنه: [أتي بأبي قحافة يوم فتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضاً، فقال رسول الله ﷺ: **(غيَّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد)**][16].

(١٦) (أخرجه مسلم في صحيحه، وأحمد في المسند، وأبوداود في السنن، وعبدالرزاق في المصنف، وحققه شعيب الأرنؤوط برقم: ١٤٤٠٢ مسند جابر، و١٢٦٣٥ مسند أنس، بەڵام باسیان لەوە نەکردووە که بڕگەی(واجتنبوا السواد) کێشەیەکی لەسەرە ئایا مەرجە یان نا؟ وە لەڕاستیدا بڕگەکە مەرج نییە بەڵکو بەشێکە لە فەرمودەکە بەڵگەش لەسەر ئەمە گەلێك زۆرن لەوانە:

*متابعة الليث بن سعد لرواية ابن جريج عن أبي الزبير عن جابر رضي الله عنه.

* وەبڕگەی(وجنبوه السواد) نەك تەنها لە ڕیوایەتی جابردا هەیە بەڵکو لە ڕیوایەتی أنسدا رضي الله عنه هاتووە لە مسندی ئیمامی ئەحمەد دا بە ژمارە: ١٢٦٣٥، وە صەحیحە لەسەر مەرجی مسلم.

پێشتر باس له مانای ئەم فەرموودەیه کرا.

بڕگەی: (واجتنبوا السواد) کێشەیەکی لەسەرە ئایا مەرجە یان مەرج نىيە؟

وە لە ڕاستیدا بڕگەکە مەرج نییە، بەڵکو بەشێکە لە فەرموودەکە بەڵگەیش لەسەر ئەمە زۆرن لەوانە: موتابەعەی (الليث بن سعد) بۆ ڕیوایەی ابن جريج عن أبي الزبير عن جابر رضي الله عنه)

**فەرموودەی دووەم:**

عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: قال رسول الله ﷺ: **(يكون قوم يخضبون في آخر الزمان بالسواد كحواصل الحمام لا يريحون رائحة الجنة)** [17].

**واتە: قەومێك دێن لە ئاخری زەمانا مووی سەریان بە ڕەش ڕەنگ دەکەن هەروەك سیقەتۆرەی کۆتر ئەمانە بۆنی بەهەشت ناکەن.**

وەچەندین بەڵگەی ترکە (فريح بن صالح البهلال) لە پەرتوکە بەنرخەکەیدا( إتحاف الامجاد باجتناب تغيير الشيب السواد: ص١٣٢-١٣٣، ط غدارة البحوث- رياض) دەیهێنێتەوە کە لێرەدا بواری باس کردنیان نییە.

(١٧) (صححه الألباني في: صحيح أبي داود: ٤٢١٢- معارف، وقال محققوا مسند الإمام أحمد: الحديث على شرط البخاري ومسلم، وانظر: مسند أحمد: ٤/٢٧٦-٢٧٧، ط المؤسسة، رقم: ٢٤٧، وانظر: القول المسدد: ص٤٩، ودفاع ابن حجر لهذا الحديث.

**سودێك:**

ابن أبي شيبة لە (مصنف) دا ڕیوایەتی کردووە کە (فرعون) یەکەم کەس بووە کە بە ڕەش ڕەنگی سەری گۆڕیبێت.(المصنف: ٧/٢٥٤) (٥/١٨٤) ط دار الكتب العلمية.

**فەرموودەی سێیەم:**

عن انس رضي الله عنه قال: دخلت يهود على رسول الله ﷺ [فرآهم بيض اللحى] فسأل عنهم؟ فقالوا: يهود يا رسول الله ﷺ وهم لا يصبغون الشعر، فقال:

**(غيِّروا سما اليهود ولا تغيِّروا بسواد)**[١٨].

**واتە: جوولەکە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ هاتبوون ڕیشیان سپی ببوو پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵەکانی رضي الله عنهم فەمووی:**

**ئەمانە کێن؟**

**ئەوانیش لە وەڵامدا فەرموویان:**

**ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەمانە جولەکەن ڕەنگی سەرو ڕیشیان ناگۆڕن پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئێوە ڕوخساری جولەکە لە خۆتان بگۆڕن بەڵام گۆڕینەکە بە ڕەش نەبێت.**

**فەرموودەی چوارەم:**

عن انس رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

**(غيِّروا الشيب ولا تقربوا السواد)**[١٩].

**واتە: ڕەنگی مووی سپی بگۆڕن بەڵام لە ڕەش نزیک نەکەون.**

**ئیتر ئەم چوار فەرمووده صەحیحە وە چەندین فەرموودەی تر بەم مانایە**[٢٠] **بەڵگەی ڕوون و ئاشکران بۆ تاوانباری کەسێك کە بە ڕەش سەرو ڕیشی ڕەنگ دەکات، وە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەو زانایانەی کە گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش بە ڕەش بە ڕەوا دەزانن لەبەر چەند ئاسارێك کە لە صەحابە یان تابعینەوە رضي الله عنهم هاتووە.**

**ابن قیم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پاش ئەوەی ئیشارەت بۆ ئەم ئاسارانە دەکات دەفەرمێت:**

(وفي ثبوته نظر، ولو ثبت فلا قول لأحد مع رسول الله ﷺ وسنته أحق بالإتباع ولو خالفها من خالفها)[٢١].

---

(١٨) (رواه الطبري في: تهذيب الآثار، وصححه الألباني في: السلسلة الصحيحة: ٩٦٢/٧، ط المعارف، رقم: ٣٣٢٤، والجزء الذي بين المعكوفتين هو رواية الطبراني في الأوسط: ٥٠/١، ط : الحرمين، رقم: ١٤٢، وحسن الهيثمي رواية الطبراني في: مجمع الزوائد: ١٦٠/٥).

(١٩) (أخرجه أحمد: ١٣٥٨٨، والسيوطي في: جامع الصغير: ٢٠٢/٢٠، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤١٦٩، ومحققوا المسند: ٢١٠/١، ط: المؤسسة. والحديث له شاهد آخر رواه البيهقي في السنن الكبرى: ٣١١/٧ من حديث أبي هريرة رضي الله عنه، ورجاله كلهم ثقات عدا (حسن بن هارون) الذي سكت عنه الخطيب في: تاريخ بغداد: ٤٤٩/٧، وانظر: زوائد تاريخ بغداد: ١١٧/٧، ط: دار القلم للأحدب).

(٢٠) انظر: مجمع الزوائد: باب ما جاء في الشيب والخضاب: ١٥٨/٥-١٦٥).

(٢١) (حاشية ابن القيم على سنن أبي داود: ١٧٣/١١، مطبوع مع عون المعبود، ط: دار الكتب العلمية).

**سودێك:**

**پرسیارم کرد لە شێخ** حمدي السلفي **دەربارەی مانای ووتەی** ابن القيم: (فيه نظر) أو (في ثبوتها نظر) ... **هتد ئایا ئەمە**(تضعيف) **کردنە؟**

**لە وەڵامدا فەرمووی:**

واتە: ڕاستی بەکارهێنانی ڕەش بۆ گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش لای هەندێك لە هاوەڵان وشوێنکەوتوان ﵃ جێی بەدوادا چوونە – ناتوانین بڵێین صەحیحە– وە ئەگەر صەحیحیش بێت ئەوا بۆ هیچ کەسێك نییە کار بە کردەوەی ئەوان بکات کە پێچەوانەی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرە ﷺ بەڵکو پێویستە شوێنکەوتەی فەرموودەکەی ئەو بین جا ئەو کەسەی کە سەرپێچی فەرموودەکەی کردووە با هەر کەس بێت[٢٢].

وە هەروەها(مبارکفوری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شەرحەکەیدا بۆ(سنن الترمذی) بەڵگەو بۆچونەکانی ئەو زانایانە دەهێنێتەوە کە ڕەش کردنی سەرو ڕیش بە ڕەوا دەزانن ئینجا دەفەرمێت:

(وأجيب عن ذلك: بأن خضب هؤلاء الصحابة ﵃ وغيرهم بالسواد ينفيه الأحاديث المرفوعة فلا يصلح للإحتجاج)[٢٣].

---

نەخێر، بەڵام مانای ئەوەیە کە (أثر) ەکە جێی لێکۆڵینەوەیە لەسەر کردن وبەدواداچونە تا بزانرێت (صحیح) ە یان (ضعیف) ە.

وە شێخ(فريح البهلال) لە پەرتوکەکەیدا(إتحاف الأمجاد: ص١٤٥-١٥٧) بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە دەری دەخات کە گشت ئەم (آثار)انە (ضعیف)ن.

(٢٢) هەندێك جار دەبینرێت هاوەڵێك ﵁ یان زانایەکی گەورە کارەکەی سەرپێچییە بۆ فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە:.

- فەرموودەکەیان پێ نەگەیشتبێت.
- یان لایان صەحیح نەبێت.
- یان بە شێوەیەکی هەڵە لە ماناکەی تێ گەیشتبێتن.
- یان لایان وا بێت مەنسوخە....هتد.

وە چەندین هۆی تر کە شيخ الاسلام ابن تيمية لە کیتابە بەنرخەکەیدا (رفع الملام عن الأئمة الأعلام) باسی لێوە دەکات بروانە: (مجموعة الفتاوی: ٢٠/٢٣١-٢٩١).

ئەمە لە لایەك، وە لە لایەکی تر کارکردن بە کارو کردەوەی هاوەڵان ﵃ ئەمە مەسەلەیەکی اصولی گەورەیە وە ئەوەی زانایان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە شيخ الاسلام ابن تيمية لە کیتابەکەیدا (اقتضاء الصراط المستقيم: ٢/٩٥) دا دەفەرمێت: (من اعتقد أن قول الصاحب حجة فلا يعتقده إذا خالف الحديث فعلى التقديرين لا تصلح معارضة الحديث بقول الصاحب).

واتە: ئەوەی بڕوای وا بێت کە کردەوە وقسەی هاوەڵان ﵃ بەڵگەی شەرعییە، با ئاگای لەوە بێت کە ئەوانەی دەڵێن: بەڵگەیە، وە ئەوانەی دەڵێن: بەڵگە نییە، هەردوو لایان لەسەر ئەوە کۆکن کە قسەو کردەوەی هاوەڵان ﵃ نابێتە بەڵگە کاتێك سەرپێچی فەرموودەی تێدا بێت.

(٢٣) (تحفة الأحوذي: ٥/٤٤٠، ط: دار احياء التراث، أو: ٣/٧٥، من الطبعة القديمة.

وە شێخ المباركفوري لەم پەرتوکەدا: (تحفة الأحوذي) بەڵگەکانی ئەوانەی بەکارهێنانی ڕەش بەڕەوا دەزانن دێنێتەوە، وە بۆ ئەوە هەڵیان دەگرێت کە مەبەست پێیان سوری تۆخە لە نێوان ڕەش وسوردا نەك ڕەنگی ڕەش، ئەمەش لە سێ گریمان:

١- ئەم بەڵگانە صەحیح بن.

٢- ئەم بەڵگانە صەریح بن.

واتــە: کــاری هەنــدێك لــە صــحابە رضي الله عنهم وە خەڵکانێکی تریش لە تابعیین لە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش وەڵام دەدرێتەوە بە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرﷺ، وە کاتێك کارەکەیان پێچەوانەی ئەم بەڵگانە بێت ئەوا ناتوانین بیانکەین بە بەڵگە. أ.هـ.

وە هەروەها شێخ بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تعلیقەکەی بۆ سەر کیتابی(اتحاف الأمجاد) دا (ص/١٥٧) بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیمامی حسین رضي الله عنه ڕەنگی ڕەشی بەکار نەهێناوە دەفەرمێت: (ئەگەر صەحیح بێت ئیمامی حسین رضي الله عنه ڕەنگی ڕەشی بەکار هێناوە ئەوە بۆ سەر ئەوە هەڵدەگیرێت کە فەرموودەکانی نەهی کردن لە ڕەش پێی نەگەیشتووە، وە بەڵگە تەنها لە فەرموودەدایە کاتێك کە صحیح بێت، وە بۆ هیچ کەسێك نییە سەرپێچی فەرموودە بکات بە کارو کردەوەی خەڵکانێك ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئیمامی حسین رضي الله عنه ڕەشی بەکار نەهێناوە[٢٤].

وە هەروەها شێخی ئەلبانی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموودەی: (غَيِّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد). دەکاتە بەڵگە بۆ حەرامی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش، پاشان لەوەڵامی ئەوەی کە ئیمامی (زوهری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەشی لێی ڕیوایەت کراوە دەفەرمێت: (لا حجة في فعل أحد وقوله بعد رسول اللهﷺ)[٢٥].

---

٣- ئەم بەڵگانە لەگەڵ دەقە صەحیح وصەریحەکانی فەرموودەکانی حەرام کردنی ڕەش دا کاریان پێ بکرێت.

وە بێ گومان بەڵگەکانیان صەحیح نین، وە ئەگەر صەحیح بن صەریح نین، وەئەگەر صەحیح وصەریح بن بەرامبەر دەقەکانی تری فەرموودەکانی حەرام کردنی ڕەش کاریان پێ ناکرێت، وەئەگەر کاریان پێ بکرێت ئەوا کار پێ کردنەکە وەکو کۆکردنەوەکەی مبارکفوریە، واتە: مەبەست سورێکی تۆخە نەك ڕەش، ئەمە لە کاتێکدا کە بەڵگەکان صەحیح وصەریح نین.

(٢٤) وە باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمامی حسین رضي الله عنه ڕەشی بەکار نەهێناوە ئەوەیە کە قوتابییەکەی ئیمامی حسین رضي الله عنه، (عبيد الله بن أبي يزيد) کە بەردەوام لەگەڵ ئیمامدا بووە لەوەڵامی (سفيان بن عيينة) دا دەفەرمێت: ئیمامی حسین رضي الله عنه سەرو ڕیشی خۆی ڕەنگ نەکردووە (رواه الطبراني)، بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (إتحاف الأمجاد: ص١٥٣-١٥٧).

(٢٥) (غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام: ص٧١، ط: المكتب الإسلامي).

**سودێك:**

پەرتوکی(الحلال والحرام) نوسینی دکتۆر(يوسف القرضاوي) هەڵەو خوارو خێچی شەرعی زۆری تێدایە، شێخی ئەلبانی لە دەرهێنانی فەرموودەکانی ئاماژە بۆ زۆر لەو هەڵانە دەکات، وە شێخ (فوزان الفوزان) لە پەرتوکەکەیدا: (الإعلام بنقد كتاب الحلال والحرام) هەموو ئەو هەڵانە دیاری دەکات وخوارو خێچییەکان ڕاست دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەری پەرتوکی(الحلال والحرام) –ئەگەر حەق ویست بێت–

**واتە: قسەو کردەوەی هیچ کەسێك بەڵگە نییە لە پاش پێغەمبەر ﷺ[٢٦].**

**وە ئەم ووتە بەنرخانەی** (ابن القيم ومباركفوري وابن باز والألباني) **(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ووتەیەکی زێڕینی ابن عباس مان ﵄ دێنێتەوە یاد کە دەفەرمێت:** (يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء أقول: قال رسول الله ﷺ وتقولون: قال: أبو بكر وعمر ﵄)[٢٧].

**واتە: ئەوەندەی نەماوە ونزیکە لە ئاسمانەوە بەردتان بەسەردا ببارێت دەڵێم: پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرمووە، ئێوەیش لە جیاتی گوێڕایەڵی دەڵێن: ابو بکرو عمر ﵄ وایان فەرمووە!!!!.**

**بەڵگەکانی مەرجی دووەم:**

**چونکە ڕەنگ کردنی مووی سپی عیبادەتە بۆیە زیادەکردن وە کەم کردن قەبوڵ ناکات وەکو هەر عیبادەتێكو ئەو شەرعەی فەرمانمان پێ دەکات کە ڕەنگی مووی سپی سەرمان بگۆڕین لەبەر سەرپێچی کردنی جولەکەو دیان(گاور) هەمان شەرع ڕەنگەکانی دیاری کردووە کە لە چوار چێوەی ئەم ڕەنگانەن:**

**(قهوائی(بنی) سورێکی تۆخ، سور، زەرد، یان لە چوار چێوەی ئەم ڕەنگانە، بەڵگەی ڕەنگی سور وە زەرد).**

**فەرموودەی**(أبي أمامة) ﵁ **کە پێشتر باسمان کرد (پەراوێزی ژمارە:١١)، بڕوانە:** (إتحاف الأمجاد: ص٧٢ وما بعده، فصل في بيان الصبغ المشروع تغيير الشيب به)..

**وە پێغەمبەر ﷺ بۆ سوور کردن خەنەی بەکارهێناوە وە بۆ زەرد کردن زەعفەران وە ورسی بەکارهێناوە[٢٨].**

**وە بەڵگەی سووری تۆخی مەیلەو قەهوائی وە قهوائی:**

**فەرموودەی** أبي ذر ﵁:

قال: **قال رسول الله ﷺ:**

---

**لەگەڵیدا پەرتوکی** (الإعلام بنقد كتاب الحلال والحرام) **بخوێنێتەوە تا ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بێتەوە.**

**(٢٦) ئەمە لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی ئیمامی زوهری بۆ ڕەنگی ڕەش ڕاست نییە** (ضعيف)**ة، هەروەکو چۆن شێخی بهلال لە پەرتوکەکەیدا:** (إتحاف الأمجاد: ص١٤٠) **باسی لێوە دەکات.**

**(٢٧) ئەم** (أثر)**ە بەم مانایە ئیمامی أحمد ڕیوایەتی دەکات لە**(مسند: ٣١٢١، ٢٢٧٧)**، وەهەروەها** (ابن عبدالبر) **لە**(جامع بيان العلم: ١٢٤٧، ١٢٤٨)**، وە شێخ**(مشهور حسن) **لە تەحقیقەکەی بۆ پەرتوکی**(إعلام الموقعين) **سەنەدی** (ابن عبدالبر) **تەصحیح دەکات.**

**بڕوانە**(إعلام الموقعين: ٥٣٩/٣، ط: دار ابن الجوزي)، **وە**(المختارة للضياء: ٣٣١/١٠، ٣٥٧).

**وە ئەم** (أثر)**ە بەم لەفزە ئیمامی**(محمد بن عبدالوهاب) **لە کتابی**(التوحيد) **دەیهێنێتەوە لە ژێر بابی**(من أطاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حرم الله فقد اتخذهم أرباباً من دون الله)، **بڕوانە:** (فتح المجيد شرح كتاب التوحيد: ص٤٥٦، ط: دار البيان).

---

(٢٨) **بڕوانە:** (إتحاف الأمجاد، فصل في خضاب الرسول ﷺ:ص٥٠-٥٤)، **وە بۆ بینینی وێنەی زەعفەران بڕوانە:** (منجد: ص٣٠٢، ط: بيروت).

(إن أحسن ما غيِّر به الشيب الحنـــاء والكـــتم) (بڕوانه پەراوێزی ١٢).

و(حنا ) واته: خەنه ناسراوە ڕەنگی مووی سپی سوور دەکات، وە(ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) له (فتح الباري: ٣٦٧/١٠) دەفەرمێت: لەسەر مانای خەنه کە ڕەنگی مووی سپیو مۆر سوور دەکات هیچ ناکۆکیەکم نەبینیوە له نێوان (فقهاء) وە هەروەها زانایانی زمانەوانان.

و(کتم)ئایا چ ڕەنگێك دەدات جێی کێشەیە لە نێوان زانانیان:

ابـــن منظـــور(ڕەحمـــەتی خـوای لێ بێـت): دەفەرمێت: ڕەنگەکـەی سورە (لسان العـرب: ٢١٠/٤).

و(ابـــن حجـــر) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت): دەفەرمێت: (ڕەنگەکـەی زەردە) (فتح البـاري: ٢٥٨/٧) وە لـــە هـــەمان سەرچـاوە(٣٥٥/١٠) دەفـــەرمێت: (ڕەنگەکـــەی ڕەشـێکی مەیلـــەو سوورە).

و(مناوي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ئەگـەر بـە تـەنها بـەکار بهێنرێـت ڕەنگەکـەی ڕەشە) (فيض القدير: ٤١٧/٢).

وە پاش ئەوەی شیخ (هلال) لـە (اتحاف الأمجاد) دا ئەم جیاوازیانه لەسەر ڕەنگی (کـــتم) لێك دەداتەوە بۆ ئەوە دەچێت کە (کتم) زۆر جۆری هەیـــە بـــە پێـــی جۆرەکـــانی ڕەنگەکـــەی دەگۆڕێـــت[٢٩]، وە کاتێـــك ئەمـــەمان بـــۆ دەردەکەوێت زۆر ڕوونو ئاشکرا دەبێت کە ئـەو فەرمووودانــەی بـاس لـە بـەکارهێنانی (کـــتم) دەکەن بۆ گۆڕینی ڕەنگی (شيب) نابنـە بەڵگـە بـۆ ئەوانـەی کـە بـەکارهێنانی ڕەنگـی ڕەش بـە ڕەوا دەزانن چـونکە هـیچ دژایەتیـەك نـیـە لـە نێوان فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ نییە[٣٠].

کەواتە چۆن دەبێت پێغەمبـەر ﷺ لـە چـەندین فـەرموودەدا بـەکارهێنانی ڕەنگـی ڕەش حـەرام بکات بـۆ گـۆڕینی(شـــيب) پاشـان لـە چـەندین فەرموودەدا بـاس لـە بـەکارهێنانی (کتم) بکـات بۆ گۆڕینی ڕەنگـی(شـــيب) مـووی سـپی بـەوە ڕەنگـی (کتم)یـش ڕەش بێـت! ! ئەمـە هـەرگیز ناکرێـــت وە نابێـــت بـــەڵکو مەبەســـت لـــەو فەرمووودانــەی بـاس لـە بـەکارهێنانی(کـــتم) دەکەن یەکێکە لەم دوو خاڵانە:

یەکـەم: (کتم) لەگـەڵ خەنـە بـەکاربهێنرێت بـۆ ئـەوەی سـورێکی تـۆخ لـە هـەردووکیان پەیـدا ببێت، وە بـە کارهێنـانی(کتم) و خەنـە پێکـەوە

(٢٩) بڕوانه: (إتحاف الأمجاد: ص١١٠، وما قبله).

(٣٠) زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کـە دژایـەتی لـە نێـوان دەقـەکانی شـەرعی پـیرۆزدا نییـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕوانـە: (الموافقـــات للـــشاطبي: ٢٩٤/٤،ط: المعرفـــة)، و(الرسالة للشافعي: ص١٤٦، فقرة: ٤١٩، ط: شـــاكر)، و(مختصر الصواعق المرسلة لابن القيم: ص٧٨٠-٧٨٣، ط: دار الفكر)، و(زاد المعـــاد لابـــن القـــيم: ١٤٩/٤، ط: المؤسسة)، و(التوحيد لابن خذيمة: ص٢٠٨، ط: الهراس)، و(الكفاية لخطيب: ٥٥٨/٢، ط: دار الهدى)، وغيرها من المراجع.

به سەنەدی صەحیح لە خەلیفە (أبو بكر الصديق) ەوەﷺ ڕیوایەت دەکرێت[٣١].

دووەم: (کتم) بەتەنها بەکار بهێنرێت ئەمەش کاتێك دەبێت کە جۆری (کتم)ەکە ڕەنگی ڕەش نەدات.

بەمە دەتوانیت بە تەواوی لە فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ تێ بگەین کە هەریەکەیان تەواوکەری مانای ئەوەی ترە نەك دژ بە یەکن.

**ئاگادارکردنەوەیەك:**

ئەو (کتم)ەی لای خۆمان -کوردەواری- بەکاردێت پێی دەڵێن: وەسمە ئەمە جۆرە کەتمێکە ڕەنگی ڕەش دەدات بۆیە نابێت بەتەنها بەکار بهێنرێت بەڵکو لەگەڵ خەنە تێکەڵ دەکرێت وە بەهەمان شێوە ئەوەی ئێستا لە بازاڕدا دەفرۆشرێت بە ناوی خەنەی هیندی جۆرێکی ڕەنگی ڕەشە بەکارهێنانی حەرامە با ناوەکەی خەنە بێت، چونکە عیبرەت لە ڕەنگەکەیدایە مەگەر لەگەڵ ڕەنگێکی تر تێکەڵ بکرێت، وە ڕەنگە ڕەشەکەی بگۆڕێ بۆ قهوائی یان سورێکی تۆخ.

ئیتر پوختەی ئەم خاڵە ئەوەیە نابێت مووی سپی بە ڕەنگێگ ڕەنگ بکرێت کە لە چوار چێوەی ئەم ڕەنگانە دەربچێت ئەمە بێجگە لە حەرامی بەکارهێنانی ڕەش.

بەڵگەکانی مەرجی سێیەم:

بەڵگەی ئەوەی کە پێویستە ڕەنگە بەکارهاتووەکە خاوێن بێت زەرەری نەبێت حەلاڵ بێت دەقە گشتیەکانی قورئانو فەرموودەن لە حەرام کردنی شتی پیس وە زیان بەخش[٣٢].

بەمە دێینە سەر کۆتایی باسەکەمان لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئەم سونەتە گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش لەناوماندا زیندوو بکاتەوە... وە ئەم نوسینەمان لێ قەبوڵ بکات بە ڕەحمو کەرەمی خۆی.... آمين.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

(٣١) بروانە: (إتحاف الأمجاد: ص٧٢-٧٨).

(٣٢)بروانە: (فتاوى اللجنة الدائمة: ٥/١٦٨).

گۆشەی فەتوا

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

**ئامادەکردنی : م/ خلیل احمد**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**پرسیار :** السلام عليكم ورحمه الله و بركاته ... **من پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا چۆنە داوای دوعا لە موسڵمانان بکەیت لە کاتێکدا لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە ئەو حەفتا هەزار کەسەی بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە یەکێك لە مەرجەکانیان ئەوەیە کە داوای دوعا لەخەڵکی ناکەن .**

**وەڵام :** وعليكم السلام ورحمة الله و بركاته .... بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، داوای دوعاکردن لە موسڵمانان دروستە وچەندین بەڵگەمان هەیە بە بەڵگەی ئەوەی چەندەها کەس لە چەندەها کات وشوێنی جیاوازدا داوایان لەپێغەمبەری خوا ﷺ کردووە، بۆ نموونە ئەو کەسەی لە ڕۆژی جومعەدا هاتە مزگەوتەوە لەبەر بێ بارانی داوای لەپێغەمبەری خوا ﷺ کرد داوای باران بارین بکات ئەویش خوتبەی دەخوێند ووتی:

(يا رسول الله هلكت الأموال وانقطعت السبل فادع الله يغثنا فرفع رسول الله ﷺ يديه ثم قال: اللهم أغثنا (ثلاثاً ....)[1]

واتە: ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵ و سامانەکانمان نەمان و تیاچوون چارەسەرمان نەما داوا لەخوای گەورە بکە بارانمان بۆ بباریێنێت، ئەویش دەستەکانی بەرز کردەوە و فەرمووی: خوایە بارانمان بۆ بباریێنە و تێر ئاومان بکە سێ جار ئەمەی فەرموو .

یان حەدیسی ئەو ئافرەتەی کە ئەهلی بەهەشتە (عطاء) ی کوڕی (رباح) ئەڵێ (ابن

---

(١) (البخاري ومسلم، وصحيح سنن النسائي: ١٥١٨، وصحيح الكلم الطيب: ١٦١).

عباس) ﷺ پێی ووتم ئایا ئافرەتێکت نیشان نەدەم لە ئەهلی بەهەشت؟ منیش ووتم: بەڵێ، ووتی: ئەم ئافرەتە ڕەش هەڵاتووە بوو لای پێغەمبەری خوا ﷺ پێی وتووە:

(إني أصرع وإني أتكشّف فادع الله لي، قال: إن شئتِ صبرتِ ولكِ الجنة وإن شئتِ دعوت الله أن يعافيكِ، فقالت: أصبر فقالت: إني أتكشّف فادع الله لي أن لا أتكشف فدعا لها)[٢].

واتە: من نەخۆشی پەرکەمم هەیە لەو کاتەی بەسەرم دێت لەشم دەردەکەوێت بۆیە داوام لەخوا بۆ بکە چاك ببمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئەگەر دەتەوێ بچیتە بەهەشتەوە بەڵام ئارام بگریت وە ئەگەر دەتەوێ چاك ببیتەوە داوات بۆ دەکەم لە خوا، ووتی: ئارام دەگرم ئەنجا ووتی من لەشم بەدەر دەکەوێت دوعام بۆ بکە دەرنەکەوێت لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ کرد .

جا ئەمانە و چەندین بەڵگەی تریش هەن لەسەر دروستێتی داوای دوعای خێرکردن لە موسڵمانان بەڵام حەدیسی ئەوانەی کە دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێ

(٢) (رواه البخاري: ٥٦٥٢).

پرسینەوە و سزا ئەوا باس لەسیفەتێکی تر دەکات دەقی حەدیسەکەش ئەوەیە (ابن عباس) ﷺ ئەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(... فقيل لي هذه أمتك ومعهم سبعون ألفا يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب ... فقال همْ الذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ وَلا يَتَطيرُونَ وَلا يَكْتَوُونَ وَعَلى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ، فَقَامَ إِليه عُكَّاشَةُ بْنُ مِحْصَنٍ فَقَال: ادْعُ الله أنْ يَجْعَلنِي منهم، قَال: أنت منهم ... )[٣] الحديث .

واتە: پێیان ووتم ئەمە ئوممەتەکەی تۆیە حەفتا هەزاریان لەگەڵە دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە وسزا ئەوانیش بریتین لەو موسڵمانانەی کە داوای دوعا بەسەردا خوێندن لەکەس ناکەن و داخ کردن (کەوی کردن) بەکار ناهێنن و باوەڕیان بەشوم و نەگبەتی نییە و پشت لەو شتانە بەخوا دەبەستن . لەم کاتەدا عکاشە ﷺ هەستا و ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ داوام بۆ بکە لە خوا لەوانەم حیساب بکات ئەویش فەرمووی تۆ لەوانەیت .

جا دوعا بەسەردا خوێندنیش دروستە خاتو عائیشە(خوای لێ ڕازی بێت) بەسەر

(٣) (البخاري ومسلم، وصحيح الجامع الصغير: ٣٦٠٤ و٣٩٩٩ و٨٠٧١ ) .

پێغەمبەری خوادا ﷺ خوێندویەتی و پێغەمبەریش ﷺ بەسەر کەسی تردا خوێندویەتی، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئینسان خۆی داوای نەکات و ئارامی هەبێت لەسەر نەخۆشیەکان .

داخ کردنیش دروستە بەڵام نەکردنی باشترە کەوابوو نەکردنی ئەو دوو سیفەتە باشترە، بەڵام سیفەتی (طـيرة) باوەڕبوون بەنەگبەتی و شومی مانگی سەفەر یان پژمین یان کەروێشك یان ... یان ... ئەمانە دروست نییە هەندێکیان شیرکن، ئەوەش بزانە هەر لەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە داوای دوعای خێرکردن لەگەڵ دوعا بەسەردا خوێندن دوو شتی جیاوازە دەبینی ئەم حەدیسە ئەم سیفەتانە باس دەکات عکاشە رضي الله عنه داوای ئەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات دوعای بۆ بکات ئەویش بۆی دەکات کەوابوو زۆر ڕوون و ئاشکرایە .

**پرسیار: مامۆستایانی خۆشەویست چاوتان ماچ دەکەم من ماوەیەك لەمەوبەر گوتم ئەگەر لەتاقی کردنەوەکانی قوتابخانە دەرچم ئەوا مەڕێك دەکوژمەوە پاشان سوپاس بۆ خودا دە رچووم ئایا ئێستا من لەسەرمە کە نەزرەکە جێ بەجێ بکەم؟ وە ئایا نەزر چۆنە و دەبێ خۆم لێی بخۆم یان ماڵەوەمان دەتوانن لێی بخۆن وەڵامتان جێگای سوپاسە .**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەوەی تۆ کردووتە نموونەیەکە لە نموونەکانی نەزر، ئەوەش بزانە کە نەزر عیبادەتێکی کۆنە و لەمێژووی ئوممەتەکانی تردا کراوە بەڵگەش لە قورئان هاتووە لەسەر دروستێتی وەك خوای گەورەدەفەرموێ:

﴿ وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ ﴾ [البقرة: ٢٧٠] .

واتە: هەرشتێکتان بەخشی بێت یان هەر نەزر و بڕیارێکتان دابێت ئەوا خوا پێی دەزانێت .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ:

(من نذر أن يطيع الله فليطعه، ومن نذر أن يعصه فلا يعصه)[٤].

نەزریش بریتییە لە خۆپابەند کردن بەعیبادەتێکەوە کە واجب نییە لە شەرعدا وە واجبی دەکەیت لەسەر خۆت.

ئەوەش بزانە نەزر دەبێت بەدوو بەشەوە:

---

(٤) (البخاري ومسلم عن عائشة، وصحيح سنن النسائي: ٣٨٠٦، ، وصحيح الجامع الصغير: ٦٥٦٥) .

**یەكەم: نەزری (مشروط ).**

**دووەم: نەزری (غير مشروط ).**

یەكەمیان: خۆپابەند كردنە بە شتێكەوە لەكاتی دەستكەوتنی نیعمەتێك یان نەمانی خراپەیەك وەك ئەوەی تۆ كردووتە زانایان ئەم جۆرەیان بەمەكروە داناوە، بەڵام دەبێت وەفای هەبێت بەنەزرەكەیەوە و نەزرەكەی بكات .

دووەمیان: خۆپابەند كردنە بەشتێكەوە پێشی ڕوودانی شت یان ڕوونەدانی ئەمەش دەبێت وەفای هەبێت و بیكات .

لێخواردن و لێ نەخواردنیشی پەیوەستە بە نیەتی ئەنجام دەری .

**پرسیار: ئایا درۆی مەصڵەحەت هەیە؟**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، موسڵمان ڕاستگۆیە و هەمیشە درۆ ناكات، بەڵكو هەر تاوانێك بكات نابێت درۆ بكات بەتایبەتی ئەگەر درۆ كردن لەبەر خودی خۆی بێت، چونكە خوای گەورە فەرمان بەموسڵمانان دەكات بەڕاستگۆیەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ﴾ [التوبة: ١١٩].

بەڵام ئەگەر درۆ كردن بۆ ئیصلاح بوو لەنێوان دوو كەسدا، ڕێگەی پێ دراوە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(ليس الكذاب الذي يصلح بين الناس فينمي خيراً أو يقول خيراً)(٥).

مرۆڤ مەبەستی چاكسازی و ئیصلاح بێت لەنێوان خەڵكدا و بڵێت فلانە كەس بەباشی تۆی باس كردووە و دوعای خێرت بۆ دەكات، ئەوە دروستە باواش نەبێت جا ئەم درۆیە پێی دەوترێت درۆی ئیصلاح نەك درۆی مەصڵەحەت بەمانای ئینسان بۆ مەصڵەحەتی خۆی درۆ بكات وەكو خەڵكی نەزان تەفسیری دەكەن .

**پرسیار: من ژنم بەڵام زۆربەی شەوان وەك پیاو شەیتانی دەبم واتە شەیتان پێم پێ دەكەنێ، ئایا ئەو كاتانە غوسڵم لەسەرە ؟ هیوادارم وەڵامم بدەنەوە خوا خێرتان بنوسێ .**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لەش گران بوون توشی پیاوان و ژنانیش دەبێت، و شتێكی ئاساییە مرۆڤ پێی تاوانبار نابێت بەمەرجێك مرۆڤ خۆی هەوڵی ئەوە نەدات، وە هەوڵی ئەوە بدات

(٥) ( متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٣٧٩، ومشكاة المصابيح: ٥٠٣١).

دوای دەست نوێژ و زیکر کردن و بەکارهێنانی ئادابەکانی خەو بخەوێت، بەڵام ئەگەر هەر تووش بوو ئەو کاتە تاوانبار نابێت ئەنجا بۆ مەسەلەی غوسڵ دەبێت تەماشا بکات ئایا (مني) دابەزیوە یان نا ئەگرنا تەنها خەون بووە ئەوە غوسڵی لەسەر نییە، بە بەڵگەی حەدیسی (أبو سعيد الخدري)ﷺ کە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(الماء من الماء)(٦) .

واتە: ئاوی غوسل واجبە بۆ ئاوی (مني) .

وە (أم سلمة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە (أم سُليم) (خوای لێ ڕازی بێت) ووتوویەتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خوای گەورە لە بەیانکردنی حەقدا شەرم ناکات، ئایا ئەگەر ئافرەت خەونی لەش گرانی بینی غوسڵی لەسەر واجبە؟ ئەویش فەرمووی:

(نعم إذا رأت الماء)(٧) .

واتە: بەڵێ ئەگەر ئاوی بینی .

(٦) (مسلم، وصحيح الجامع الصغير: ٢٣٢٩، وصحيح سنن النسائي: ١٩٩).

(٧) (رواه الشيخان، وانظر: صحيح سنن ابن ماجة: ٦٠٠، وصحيح سنن النسائي: ١٩٧).

**پرسیار: مامۆستایانی بەڕێز چەند پرسیارێکم هەیە:**

**١ / ئایا تا چ ڕادەیەك دروستە پێش مردنی خۆت قوماش بۆ کاتی کفن کردن بکڕی؟**

**٢ / خوای پەروەردگار چۆن لێپرسینەوەی منداڵی ئەو هوز و تیرانە دەکات کە پێش هاتنی پێغەمبەران ژیاون؟**

**٣ / ئایا چ کاتێك نوێژ بەدانیشتنەوە دروستە؟**

**٤ / بەڕێزتان ئاماژەتان لێداوە کە بۆینباخ دروست نییە، بەلام لە قوتا بخانە بەزۆر پێمان دەبەستن گوناهبار دەبین؟**

**٥ / حوکمی ئە و دایك و باوکانە چییە کە جیاوازی دەکەن لە نێوان منداڵەکانیاندا؟**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان:

* کفن کڕین پێش مردن هیچ بەڵگەیەك نییە قەدەغەی بکات، بۆیە دروستە بەمەرجێك هیچ جۆرە بیروباوەڕێکی لەسەر بنیات نەنرێت، واتە: تەنها حەڵاڵە .

* منداڵانی کافر لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە زیندویان دەکاتەوە و پرسیاریان لێ دەکات هەرکام وەڵامی

دروستیان دایەوە دەیانخاتە بەهەشتەوە ئەگەر نا ئەوە بۆ دۆزەخە .

* نوێژ کردن بەپێوە (بە ڕاوەستان) واجبە لەسەر کەسێك توانای هەبێت، ئەگەر نەیتوانی بەدانیشتنەوە نوێژ دەکات لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ:

(صَلِّ قائماً فان لم تستطع فقاعداً فان لم تستطع فعلى جنب)[٨].

واتە: بەڕاوەستان نوێژ بکە ئەگەر نەتوانی بە دانیشتویی ئەگەر نەتوانی بەپاڵەوە .

* بۆینباخ لە مل کردن کاری موسڵمان نییە، ئامۆژگاری هەموو لایەك دەکەم بەکاری نەهێنن لەبەر ئەوە و ئەنجا شتێکی بێ سوودە، بەڵام ئەگەر بەزۆر بەخوێندکارەکان کرا لەوانەیە تاوانبار نەبن هەر چەندە وا چاکترە نەیبەستن و داوا لە مامۆستایان و لێپرسراوانی پەروەردە بکەن ئەو شتەیە هەڵگرن لەسەر خوێندکاران .

* دایك یان باوك دەبێ دادپەروەر بێت و جیاوازی نەکات لە نێوان منداڵەکانیدا، چونکە ئەو منداڵانە ئەمانەتن لەگەردنی دایك و باوکدا ودڵیان پاکە و گەوهەرێکی گران بەهان و پاك لە هەموو نەقش و خەتێك هەموو شتێك وەردەگرن و هەموو شتێك کاریان تێ دەکات بۆیە لەسەر دایکان و باوکان پێویستە زۆر بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(اعدلوا بين أولادكم، اعدلوا بين أولادكم، اعدلوا بين أولادكم)[٩] .

ئیمامی بوخاری فەرموودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە رضي الله عنه کە ئەڵێ: باوکم شتێکی پێ دام بۆ خۆم، دایکم (عمرة) ی کچی (رواحة) ووتی: من ڕازی نابم تاوەکو پێغەمبەری خوا ﷺ نەکەیتە شایەت، ئەویش ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی: من شتێکم بەخشیوە بە کوڕەکەم لە (عمرة) ی کچی (رواحة) جا داوای لێ کردووم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ بکەم بەشایەت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(أعطيت سائر ولدك مثل هذا؟).

---

(٨) (رواه البخاري وأبو داود وأحمد، وانظر: صحيح سنن ابن ماجة: ١٢٢٣، وصحيح الجامع الصغير: ٣٧٧٨).

(٩) (رواه أبو داود والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن النسائي: ٣٦٨٧، وصحيح سنن أبي داود: ٣٥٤٤ ).

ئایا بەهەموو منداڵەکان بەقەد ئەوەت پێ بەخشیون؟ ووتم نەخێر فەرمووی:

(فاتقوا الله واعدلوا بين أولادكم)، قال فرجع فردّ عطيته .

واتە: فە رمووی لە خوا بترسن جیاوازی لە نێوان منداڵەکانتاندا مەکەن، ئەویش گەڕایەوە و شتە بەخشراوەکەی گەڕاندەوە .

جا تەنانەت لەماچ کردنی منداڵدا پێشینان بە یەکسانی ماچی منداڵەکانیان کردووە چ کچ بن یان کوڕ .

(إبراهيم النخعي) ئەڵێ:

(كان السلف يستحبّون التسوية بين الأولاد حتى في القبلة)[10] .

واتە: پێشینان یە کسانیان لە نێوان منداڵەکاندا بەچاك زانیوە تەنانەت لە ماچ کردنیشدا .

**پرسیار: من تەمەنم ٢١ ساڵە بۆ ماوەی ٤ ساڵە سەردانی خزمەکانم نەکردووە بەڵام ئەوان سەردانم ئەکەن ئایا حوکمم چییە؟**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەردان و بەسەرکردنەوەی خزمان وگەیاندنی (صلة الرحم) ەو حەقێکی شەرعی خزمە بەسەر یەکەوە و پچڕاندنی

(١٠) (بڕوانە: تحفة المودود، لاپەڕە: ١٣٩)٠

حەرامەو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، خوای گەورە دەفەرموی: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ﴾ [محمد: ٢٢ ـ ٢٣] .

واتە: ئایا ئێوە بەتەمان ئەگەر لەغەزا پشت هەڵ بکەن، یاخود دەسەڵاتتان کەوتە دەست تۆوی ئاژاوە و فەساد وتاوان لە زەویدا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتیش هەیە ببپچڕێنن و لەناوی بەرن .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(لا يدخل الجنة قاطعٌ)[11] قال سفيان في روايته: يعني قاطع رحم .

واتە: ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێ ناچێتە بەهەشتەوە، ئەمەش بەڕاستی هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە و دەبێ موسڵمان لەبەرامبەر ئەم مەسەلە گرنگەدا بەپێی ڕێنماییەکانی ئیسلام ڕەفتار بکات کەفەرمان دەکەن بەگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إن أبرّ البرِّ أن يصل الرّجل أهل ودّ أبيه)[12] .

(١١) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٩٢٢، وصحيح الجامع الصغير: ٧٦٧١) .

واتە: باشترین چاکە ئەوەیە سەردانی خۆشەویستەکانی باوکت بکەیت، جا زوو پەشیمان بینەوە لەم جۆرە تاوانانە، خوای گەورە یارمەتی دەری هەموو لایەکمان بێت .

**پرسیار: جیاوازی لە نێوان (مني) و (مذي) چی‌یە کامەیان غوسلی دەوێت؟ وەلە چ کاتێکدا مرۆڤ توشیان دەبێت واتە دەیانبینێت؟**

وەڵام: بەناوی خوای گەورە و میهرەبان: مەنی بەو ئاوە دەوترێت کە تۆوی تیایە و خوای گەورە ئادەمیزادی لێ دروست کردووە، بەڵام (مذي) ئاوێکی سپی لینجە لەکاتی بیرکردنەوە لە جووتبوون، یان کاتی دەستبازی لەگەڵ ئافرەتاندا دادەبەزێ زۆرجار مرۆڤ هەست بە دەرچوونی ناکات لەپیاوان و ئافرەتانیشدا هەیە، بەڵام لای ئافرەتان زۆرترە، جا مەنی خۆی پاکە بەڵام لەش گران دەکات، (مذي) پیسە بە ئیتیفاقی زانایان، بەڵام لەش گران ناکات، واتە غوسڵ واجب نابێت بەڵام بۆ مەنی غوسڵ واجب دەبێت، بەلگەش لەسەر (مذي) فەرموودەی (علي) یە رضي الله عنه کە دەفەرموێ: (كنت رجلاً مذاءً فأمرت رجلاً أن يسأل النبي ﷺ لمكان ابنته فسأل فقال: توضأ واغسل ذكرك)[13].

**پرسیار: من وەکو کچێکی موسڵمان و داپۆشراو رۆژانە دەوامم هەیە ئایا جائیزە بەتەنیا لەگەڵ شۆفێردا بیت؟ چونکە ئاوا بۆم رێکەوتووە کەس لەنزیک ماڵمان نییە تاهاتوچۆی لەگەڵ بکەم؟**

**وەڵام:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان: بەتەنها بوون لەگەڵ نامەحرەمدا یان بەتەنها رۆشتن و سەفەرکردن لەگەڵ کەسی نامەحرەمدا وەك شۆفێر و فەرمانبەر و ... هتد دروست نییە، وە مەترسی خراپی لێ دەکرێت، پێویستە کەسی موسڵمان کەمتەرخەمی نەکات لەم مەسەلەیەدا، چونکە هەوڵی خراپە دەدات بەتایبەت ئافرەتی داپۆشرا و بەدین دوژمنی زۆرە و هەوڵی زیاتر هەیە بۆ لەکەدار کردنی، خوای گەورە ئافرەتانی موسڵمانان لە بەڵا بپارێزێت .

**پرسیار:** السلام عليكم ورحمة الله وبركاته، **برایانی بەرێزم مامۆستایانی خۆشەویست سڵاوی خواتان لێ بێت وەکو هەموو جارێك ئەمجارەش پرسیارێکم هەیە گەر بکرێت وەڵامی بدەنەوە خێرتان دەگات،**

---

(١٢) (صحيح الجامع الصغير: ١٥٢٥).

(١٣) (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣٠٢).

**تا چەند خەوتن لەسەر سك حەرامە، وە ئەگەر حەرامە بۆچی حەرام کراوە؟ وە من زۆر لەمێژە وا دەنووم ناتوانم بەشێوەیەکی تر بنووم ئایا چ بکەم باشە گوناهبار دەبم؟ زۆر سوپاستان دەکەم خوا جەزاتان بداتەوە**

.

**وەڵام:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خەوتن لەسەر سك نەهی لێکراوە، وە ڕواڵەتی دەقەکانیش ئەوە دەگەیەنن ئەو جۆرە خەوتنە حەرام بێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: وەك ڕیوایەت کراوە لە (قیس) ی کوڕی (طخفة الغفاري) لەباوکییەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەرمدا هات من لە مزگەوتدا لەسەر سکم خەوتبوم بەپێی خەبەری کردمەوە و فەرمووی:

(ما لك ولهذا النوم هذه نومة يكرهها الله أو يبغضها الله)[١٤].

وەلە (أبو ذر) ەوە رضي الله عنه ئەڵێ پێغەمبەر ﷺ بەلامدا تێپەڕی من لەسەر سکم خەوتبووم بەپێی خەبەری کردمەوە، و فەرمووی:

(يا جندب إنما هذه ضجعة أهل النار)[١٥] .

(١٤) (صحيح ابن ماجة للشيخ الألباني: ٣٠٠٠).

(١٥) (صحيح سنن ابن ماجة: ٣٠٠١).

کەوا بوو پێویستە موسڵمان ئەو کارە نەکات، وەنابێت خۆی بدات بەدەستی (نەفس) یەوە وەپێویستە یەکسەر ئەو کارە واز لێ بهێنیت چونکە گوناهە .

**پرسیار: بێگومانم لەوەی کە ئیسلام جوانترین بەرنامەی ژیانە بەڵام ئایا بوونی کەنیزەك زوڵم نییە لە ئافرەت؟**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەڵێ ئیسلام جوانترین و تەواو ترین بەرنامەیە لەهەموو خاڵەکانیدا لە بیروباوەڕ و شەریعەت و ئاکارەکاندا هەروەها لە مەسەلەی کەنیزەکدا باشترین چارەسەری داناوە بۆ ئەو ژنانەی کەئایینی خوایان هەڵنەگرتووە ودژایەتی بەندەکانی خوایش دەکەن کەلە جەنگدا دەگیرێن باشترین چارەسەر ئەوەیە بدرێن بەپیاوانی موسڵمان، لە کوفر و شیرك و کاری خراپ ڕزگار بکرێن . ئەنجا ئێمە دەبێ ئەوەش بزانین ئەو ئافرەتانە جەنگیان کردووە و لەجەنگدا گیران بەهەر پێوەرێکی تر بێت جگە لە ئیسلام دەکوژرێن، بەڵام ئیسلام دەیانکات بەهاوسەر لەگەڵ موسڵمانان وە بەشێوەیەکی واقعیش ئیسلام ئەم پرۆژەیەی جێ بەجێ کردووە دایکی زۆرێك لە زانایانی ئیسلام کەنیزەك بوون و پاشان موسڵمانیش

بوون، جا نەك ئەمە زوڵم بێت بەڵكو ڕەحمەتێکی زۆر گەورەیە و جیاوازییەکی زۆر باشە لەنێوان پیاوان و ژناندا کە لە جەنگدا دەگیرێن .

**پرسیار: سەرەتا زۆر سوپاسی ئەو سایتە جوانەتان لێ دەکەم پرسیارەکەم ئەوەیە مزگەوتێك لایماڵمانە ناچم بۆ جەماعەت، چونکە کەسانێکی عنسوری تێدایە مەبەستم ئەوەیە خۆپەرستن خۆیان بەخاوەنی مزگەوتەکە دەزانن ئایا گوناهبار دەبم سوپاس بۆ وەڵام دانەوەتان .**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ڕۆیشتن بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان واجبە و دەبێت موسڵمان نوێژەکانی لەمزگەوتدا بکات، ئەنجا نوێژ لە مزگەوت کردن دروشمێکی ئاشکرا و گەورەی موسڵمانانە و نابێت لەبەر هیچ هۆیەك لەدەست بدرێت، وە پێویستە خۆمان لەفێڵەکانی شەیتان بپارێزین چونکە ئەو بەچەندین ڕێگە ڕێگەمان لێ دەگرێت خوای گەورە پەنای هەموو لایەکمان بدات .

**پرسیار:**

**١ـ ئایا بەکارهێنانی مومتەلاکاتی حکومەت تا چەند حەڵاڵ و حەرامە، وەك بەکار هێنانی کۆمبیوتەر و تەلەفۆن و ئۆتۆمبیل .... هتد، بۆ مەبەستی خۆت؟**

**٢- دەرزی لێدانی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە حەرامە یان نا، چونکە ئەگەر عیادەت هەبوو زۆر توشی ئەم حاڵەتانە دەبی ....؟!**

**وەڵام:** بەناوی خوای گەورەو میهرەبان:

١ـ بەکارهێنانی شتی حکومەت بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی ئەگەر ڕێگە پێ نەدراو بێت لەلایەن حکومەتەوە یان زیانی هەبێت بۆ ئەو کەرەستانە ئەوا دروست نییە، ڕێسای کارپێکراو لەم مەسەلەیەدا حەدیسی ئیمامی (مسلم)ە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(المسلمون عند شروطهم) الحديث، زانایان لەم فەرموودەیە چەندین ڕێسایان دەرهێناوە لەوانە: (المعروف عرفاً كالمشروط شرطاً) ئەگەر باو وا بوو نابێ کەرەستەی حکومەت بەکار بێت ئەوا وەك ئەوە وایە حکومەت مەرجی دانابێت لەسەرت کە نابێ ئەو کەرەستانە بەکاربهێنیت .

٢ـ دەرزی لێدانی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە یان بەپێچەوانەوە ئەمە بە پێی زەرورەتە ئەگەر ئافرەتان نەبوون بۆ پیاو دروستە ئەو کارە بکات، چونکە پاراستنی ژیانی مرۆڤ گەورە ترە لە بینینی

عــەورەتــی[(١٦)]، بــەڵام دەبێــت موســڵمانان کـەمتـەرخـەمـی نـەکـەن و بـە ئاسـانی ئـەم مەسەلەیە وەرنەگرن، چونکە سەر دەکێشێ بۆ شتی تر، ئـەمـەش دروسـتە ئـەگـەر ڕێگـە چارەی تر نەبوو .

**وصلى اللّٰه على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

---

(١٦) (لەم حاڵەتەیشدا جاری وا هەیە دەتوانرێت حـەب یـاخود شـروب بـەکار بهێنرێـت وجێگـای دەرزییەکـە دەگرێتـەوە وئـافرەت ناچـار نابێـت بـەوەی کـە پیـاو دەرزی لێ بدات، بە پێچەوانەی زۆرێك لـە ئافرەتـان کـە ئاسـانکارییان کـردوە لـەم بـوارەدا و بـۆ نەخۆشـییەکی ئاسایی جاری وا هەیە بۆ سەر ئێشەیەك ڕێگا بـەخۆیان دەدەن کـە پیـاو دەرزییـان لێ بـدات ودەڵـێن زەروورە، ئەم شێوازانە هیچ زەروورەتێکی تێدا نییە با ئاگادار بـن وتەقوای خوا بکەن.

# بوارەكاني دەست پێشخەری بۆ كاری چاكە

✍ م: جمعة علی خورشيد
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی ئاشتی لە كەركوك

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**یەكەم / بیرو باوەڕ** (( **ئیمان** )):

گرنگترین شتێك كە بەندە پێشبڕكێی بۆ بكات لە خەیرو چاكەدا باوەڕ هێنانە بە(الله)، وەتازەكردنەوەی بەڵێن لەگەڵیدا، چونكە پەروەردگارمان فەرمانی پێ كردووەو فەرموویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ﴾ [النساء: ١٣٦] .

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بەردەوام بن لەسەر باوەڕ بەخودا و پێغەمبەرەكەی ﷺ و بەو قورئانەی ناردوویەتییە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ وەبەو كتێبانەش كە پێشتر ناردوویەتییە خوارەوە.

هەروەها فەرموویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾

[آل عمران: ١٠٢] .

واتە: ئەی ئەوانەی كەبڕواتان هێناوە بترسن لەخوا ترسێك كەشیاویەتی، وەنەمرن هەر بەموسڵمانی نەبێ.

هەر بەمەیش ئیبراهیم ویەعقوب (سەلامیان لێ بێت) وەسێتیان كردووە بۆ ڕۆڵەكانیان، پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ [البقرة: ١٣٢].

واتە: ئیبراهیم ویەعقوب ئامۆژگاری كوڕەكانی خۆیانیان كرد بە ئیسلامەتی وەهەر یەكەیان پێیان ووتن: ڕۆڵەكانم خوا ئایینی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردوون، كەواتە نەمرن بەموسڵمانێتی نەبێت.

زانایان فەرموویانە: بزانن کە فەرمان کردنیان بۆ یەکێکە کە فەرمان پیٚ کراوەکەی ئەنجام نەداوە، ئەوە فەرمانە بەجێبەجیٚ کردنی، وەفەرمان کردن بەوەی کە ئیماندار نەبێت بە ئیمان هێنان وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ﴾ [النساء: ٤٧] .

واتە: ئەی ئەوانەی کەنامەتان پیٚ بەخشراوە بڕوا بهێنن بەو قورئانەی ناردوومانەتە خوارەوە کەبەڕاست دانەری ئەو تەوراتەی ئێوەیە .

یان بۆ یەکێکە کەفەرمان پێکراوەکەی ئەنجام داوە، ئەوە فەرمانە بە چاك کردنی وپەیدا کردنی بە باشترین شێوە، ئەویش وەك پەروەردگار لەم ئایەتەدا کە فەرمانی بە باوەڕداران کردووە بەباوەڕ هێنان، ئەوە ئەخوازێت کە باوەڕی خۆیان چاکسازی تێدا بکەن وپێیدا بچنەوە لە ئیخلاص وڕاستی وخۆپارێزی لەو شتانەی کە ئیمان هەڵئەوەشێننەوە، هەروەها گەڕانەوەو تەوبە کردن لە هەموو تاوانەکان، دیسان ئەخوازێت فەرمانی تێدا بەو شتانەی کە باوەڕدار بەجیٚی نەهێناوە لە زانستەکانی ئیمان و کردەوەکانی، چونکە بەندە هەر چەند دەقێکی شەرعی پیٚ بگات ولە واتاکەی تیٚ بگات وباوەڕی پیٚ بهێنێت، هەروەها هەموو کردەوە ئاشکراو نهێنێکان لە ئیمانن هەروەك بەڵگەی زۆری لەسەرن ویەك دەنگی پێشینی ئەم ئوممەتەی لەسەرە، لە پاشان بەردەوام بوون لەسەر ئەو بیروباوەڕ و جێگیربوون لەسەری تاوەکو مردن .

بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئیمانی خۆیان تازە ئەکردەوە بە تازە کردنەوەی پەیمان لەگەڵ پەروەردگار وبیر خستنەوەی نیعمەتەکانی، لە صحیحی بوخاری هاتووە:

(وقال معاذ اجلس بنا نؤمن ساعة)[1] .

قال ابن العربي: أراد تجديد الإيمان، لأن العبد يؤمن في أول مرة فرضاً ثم يجدد إيمانه كلما نظر أو فكر .

واتە: (معاذ) فەرمووی: با دانیشین ساتێك ئیمان بێنین، ابن العربی فەرمووی: مەبەستی تازە کردنەوەی ئیمانە، چونکە بەندە یەکەم جار ئیمان دێنیٚ فەرزە لەسەری لەپاشان ئیمانی تازە ئەکاتەوە هەر چەند بڕوانی وتێبفکری لە ئایەتە کەونی وشەرعێکان .

---

(١) (رواه البخاري في الايمان) .

## دووەم / کردەوە فەرزەکان:

جێبەجێ کردنی ئەرکەکان لەکاتی خۆیدا وپارێزگاری کردنیان بوارێکی ترە لە بوارەکانی پێشبڕکێ، چونکە باشترین شتێك کە بەندە لە پەروەردگاری نزیك بکاتەوە ئەنجام دانی ئەرکەکانی سەر شانێتی، کە لە حەدیسی قودسیدا هاتووە لە(أبو هريرة) وە ﷺ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(إن الله قال: من عادى لي ولياً فقد آذنته بالحرب، وما تقرب إليَّ عبدي بشيء أحب إليَّ مما افترضت عليه، وما يزال عبدي يتقرب إليَّ بالنوافل حتى أحبه، فإذا أحببته كنت سمعه الذي يسمع به، وبصره الذي يبصر به، ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها، وإن سألني لأعطينه، ولئن استعاذني لأعيذنه، وماترددت عن شيء أنا فاعله ترددي عن نفس المؤمن يكره الموت وأنا أكره مساءته)[٢]

واتە: خوای گەورە فەرمووی: هەر کەسێ دوژمنایەتی لەگەڵ دۆستێکی من بکات ئەوە جاڕی شەڕم لەگەڵ داوە، وەهیچ شتێك بەندە لەمن نزیك ناکاتەوە خۆشەویست تربێت لام لە جێبەجێ کردنی ئەوەی کەمن فەرزم کردووە لەسەری، وەبەردەوام بەندەکەم خۆی لێم نزیك ئەکاتەوە بە ئەنجام دانی سوننەتەکان تا خۆشم ئەوێ، وە هەر کاتێ خۆشم ویست ئەبم بەبیستنی، وەئەبم بەبینینی، وەئەبم بەو دەستەی کە ئەیوەشێنێ، وەئەبم بەو لاقەی کەهەڵیئەنی، وەئەگەر لێم داوا بکات ئەیدەمێ، وپەنام بۆ بێنێ پەنای ئەدەم، وەلە هیچ شتێکدا هەڵوێستەم نەکردووە، وەك هەڵوێستە کردنم لەڕوح کێشانی ئیماندار، ئەو ڕقی لەمردنە ومنیش پێم ناخۆشە کە دڵی تەنگ بکەم .

بۆیە پێویستە کارە فەرزەکان دوا نەخرێن، نەك مەشغەڵەت یان نەخۆشی یان پیری یان مردن بێنە ڕێگر لەپاشان حەسرەت و پەشیمانی بێ سوودە، وەك نموونەی حەج کردن، خەڵکانێك هەن دوای ئەخەن ساڵ بەساڵ تاوەکو پیر ئەبن ئەوسا یەکێك بەکرێ ئەگرن، هەروەها قەزا کردنەوەی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان هەر کاتێ فرسەتێك هەبوو نەك ڕەمەزانێکی تر بەسەردا بێت ومەجال نەمێنێ، هەروەها نوێژێك کە فەوتابێت بە

---

(٢) (البخاري في الرقاق: ٦٥٠٢، ومشكاة المصابيح: ٢٢٦٦، وصحيح الجامع الصغير: ١٧٨٢) .

هۆیەکی شەرعی، چونکە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:

[((من نسي صلاة فليصلِ إذا ذكر لاكفارة لها إلا ذلك) ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ (طه: ١٤)][3] .

واتە: هەر کەسێ نوێژێکی لەبیر چوو، بائەو نوێژە بکات کاتێ هاتەوە بیری هیچ کەفارەتێکی نییە تەنها ئەوە نەبێت، خوای گەورە دەفەرێت: (بە چاکی نوێژ بەجێ بێنە تامنت بێتەوە یاد) .

**سێیەم: ئاگاداری سوننەت وکارە پەسەند کراوەکان** .

هەر لەدەسپێشخەری بۆ چاکە کاری سوور بوونە لەسەر سوننەتەکان بە گشتی لەنوێژ ومالّ بەخشین و ڕۆژوو گرتن وحەج و عومرە کردن وئەوەی لەتوانادا بێت لەکردەوە چاکەکان، چونکە ئەم سوننەتانە سوود بە ئەنجامدەرەکەی ئەگەێنێت لە ڕۆژێکدا کەمالّ ومندالّ بێ سوودن:

﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ [الشعراء: ٨٨-٨٩] .

واتە: ئەو ڕۆژەی کەمالّ و سامان ومندالّ سوود ناگەیەنن، بێجگە لەکەسێ بگات بەخزمەتی خوا بەدلێکی ساغ وپاك وخاوێنەوە .

لەفەرموودەدا هاتوە:

(أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ النَّاسُ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ أَعْمَالِهِمْ الصَّلَاةُ، قَالَ: يَقُولُ رَبُّنَا عَزّ وَ جَلَّ لِلمَلَائِكَة – وَهُوَ أَعْلَمُ – انْظُرُوا فِي صَلَاةِ عَبْدِي أَتَمَّهَا أَمْ نَقَصَهَا فَإِنْ كَانَتْ تَامَّةً كُتِبَتْ تَامَّةً، وَإِنْ كَانَت انْتَقَصَ مِنْهَا شَيْئًا قَالَ: انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ ؟ فَإِنْ كَانَ لَهُ تَطَوُّعٌ قَالَ: أَتِمُّوا لِعَبْدِي فَرِيضَتَهُ مِنْ تَطَوُّعِهِ، ثُمَّ تُؤْخَذُ الْأَعْمَالُ عَلَى ذَلك)[4] .

واتە: یەکەم شتێك کە لەڕۆژی دواییدا بەندە لێی ئەپرسرێتەوە نوێژە،فەرمووی: پەروەردگارمان بەفریشتەکان ئەفەرێت: (خۆیشی باشتر ئەزانێ): تەماشای نوێژی بەندەکەم بکەن تەواوە یا کەموکوڕی هەیە؟ ئەگەر تەواو بوو بەتەواوی بۆی ئەنووسرێ، وەئەگەر کەموکوڕی تێدا بوو ئەفەرمێت: تەماشا بکەن ئایا بەندەکەم

---

(٣) (البخاري في مواقيت الصلاة: ٥٩٧، ومشكاة المصابيح: ٦٠٣، وصحيح الجامع الصغير: ٦٥٧٢).

(٤) (صحيح ابن ماجة: ١٤٢٦، وصحيح سنن النسائي: ٤٦٦، وصحيح سنن أبي داود: ٨٦٤).

نوێژی سوننەتی هەیە؟ ئەگەر هەیبوو ئەفەرمێت: بەنوێژە سوننەتەکان نوێژە فەرزەکانی بۆ پڕ بکەنەوە، لەپاشان هەموو کردەوەیەك بەو شێوەیە .

بەجێ بەجی کردنی سوننەتەکانی خۆشەویستی پەروەردگار وڕەزامەندی ئەوی دەست ئەکەوێ، پەروەردگار ئەفەرمێت:

﴿وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ﴾ [العلق: ١٩] .

واتا: کڕنۆش ببە بۆ پەروەردگارت ولێی نزیك بەرەوە بە سوژدە وهەموو جۆرەکانی گوێڕایەڵی وخۆ نزیك کردنەوە، چونکە هەموو تاعەتێك بەندە بەرەو ڕەزامەندی پەروەردگار ئەبات، لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە:

(...... ومايزال عبدي يتقرّب إليّ بالنوافل حتى أُحبه )[٥] .

لە صەحیحی موسلیم دا هاتووە لە (معدان ابن أبي طلحة اليعمري)ەوە فەرموویەتی: چاوم بە (ثوبان) ﷺ کۆیلەی ئازاد کراوی پێغەمبەرﷺ کەوت پێم وت هەواڵم پێ بدە دەربارەی خۆشەویست ترین کردەوە لای خوای گەورە، ئەویش بێ دەنگ بوو، دووبارە پرسیارم کرد هەر بێ دەنگ بوو سێیەمین جار پرسیارم کرد ووتی: دەربارەی ئەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد فەرمووی: (زۆر سوژدە بۆ خوا بەرە، چونکە تۆ سوژدەیەك نابەی بۆ خوای گەورە ئیلا پلەیەك پێی بەرزت ئەکاتەوە، وەتاوانێك لەسەرت لا ئەبات) .

معدان ئەڵێت: لە پاشان (أبو درداء)م بینی ﷺ هەر ئاوەهای پێ ووتم کە (ثوبان) ووتی .

نموونەی دەسپێشخەری بۆ چاکە کاری: پەلە کردن لە ئامادە بوون بۆ مزگەوت وەپێ گەیشتنی تەکبیرەی ئیحرام وڕیزی یەکەمی نوێژ ، ئیمامی بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوەﷺ ئەگێڕنەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(سبعة يظلهم الله في ظله يوم لاظل إلا ظله .. وذكر منهم وشابٌ نشأ في عبادة ربه، ورجلٌ قلبه معلقٌ في المساجد)[٦] .

(٥) (البخاري في الرقاق: ٦٥٠٢، ومشكاة المصابيح: ٢٢٦٦، وصحيح الجامع الصغير: ١٧٨٢) .

(٦) (مسلم في الصلاة، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣٢٦، ٢١٨٢).

واتە: حەوت تاقم پەروەردگار ئەيانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لەو ڕۆژەی هیچ سێبەرێك نییە تەنها ئەو سێبەرە نەبێت ..... لەوانە گەنجێك لەعیبادەتی پەروەردگاردا گەشەی کردووە وپەروەردە بووە، وەپیاوێك دڵی هەڵواسراوە بەمزگەوتەوە .

هەروەها ئیمامی بوخاری وموسلیم لە ئەبو هورەیرەوەﷺ ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(لو يعلم الناس ما في النداء والصف الأول ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا، ولو يعلمون مافي التهجير لاستبقوا إليه، ولو يعلموا ما في العتمة والصبح لأتوها ولو حبواً)[٧]

واتە: ئەگەر خەڵکی بزانن چ خێرو پاداشتێك هەیە لەبانگ دان وڕیزی یەکەمی نوێژ لەپاشان دەستیان نەکەوێ مەگەر بە تیروپشك نەبێت، تیروپشکیان بۆ ئەکرد، وەئەگەر بزانن پاداشتی زوو چون بۆ نوێژ چەندە پێشبڕکێیان ئەکرد، وە ئەگەر پاداشتی نوێژی عیشا و بەیانی بزانن چەندە ئامادەی ئەم دوو نوێژە ئەبوون ئەگەر بە گاوڵکێش بوایە .

نموونەی کارە پەسەند کراوەکان وسوننەتەکان وەك نوێژ وصەدەقە وڕۆژ وحەج وعومرە زۆرن سوپاس وستایش بۆ پەروەدگار وەك سوننەتە ڕاتبەکان کە لەگەڵ نوێژە فەرزەکان ئەکرێن، و ویتر، ونوێژی چێشتەنگا، وشەونوێژ کردن، وتەراویح، وڕۆژوی شەشەڵە، ونۆمینەی حاجیان، وڕۆژوی موحەڕەم، وڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممە، سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا، وەسوننەتەکانی صەدەقە کردن هەر نازمێرێ، حەج و عومرە کردن جگە لەفەرزەکەی، ئەمانە هەر هەموو سوننەتن، هەر یەك لەم عیبادەتانە بەڵگەی قورئان وفەرموودەی لەسەرە، لەبەر ئەوە نەبوایە لەبابەتەکەمان درێژ نەبێتەوە باسم ئەکردن، بەڵام بڕوانە پەرتووکی (رياض الصالحين) و (الترغيب والترهيب) بۆ ئەو مەبەستە .

---

(٧) (البخاري في كتاب الأذان: باب الاستهام في الأذان: ٦١٥، ومسلم في الصلاة: ٤٣٧، وصحيح الجامع الصغير: ٥٣٣٩) .

## چوارەم / ماڵ خرج کردن بەتایبەت لەڕێ ی خوادا .

پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت لەکڕین وفرۆشتن ودۆستایەتی وتکاکاری تێدا نییە، پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلَا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ وَلَنْ يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾

[المنافقون: ١٠ -١١] .

واتە: ببەخشن هەندێ لەو ڕۆزیانەی کە پێمان داون پێش ئەوەی مردن یەخەی یەکێکتان بگرێ ئەوسا بڵێت: خوایە خۆزگە مردنی منت دوابخستایە بۆ ماوەیەکی نزیك بۆ ئەوەی ماڵم ببەخشیایە ولەچاکەکاران بوومایە .

(منذر)ی کوڕی (جرير) لەباوکییەوە ئەگێڕێتەوە، فەرموویەتی: لەسەرەتای ڕۆژدا لەخزمەتی پێغەمبەری خوا بووین ﷺ: لەناکاودا کۆمەڵە خەڵکێك پێ پەتی وڕووت شمشێرەکانیان بەڕووتی هەڵگرتبوو زۆریان لە هۆزی (مُضَر) بوون بەڵکو هەموویان لە(مُضَر) بوون ڕەنگی پێغەمبەری خوا ﷺ گۆڕا کاتێك ئەو حاڵەتە هەژارییەی ئەوانی بینی، چووە ژوورەوە لەپاشان دەرچوو، فەرمانی کرد بە بیلال رضي الله عنه ئەویش بانگی دا وقامەتی کردو نوێژیان کرد لەپاشان ووتارێکی خوێندو فەرمووی:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ [النساء: ١] .

واتە: ئەی خەڵکینە خۆتان بپارێزن لەسزای پەروەدگارتان، ئەوەی کە دروستی کردوون لەیەك کەسەوە (کە ئادەمە) ﷺ وە هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی دروست کردووە، وە لەو دوانە بڵاوی کردۆتەوە پیاوانی زۆر هەروەها ئافرەتان، وەخۆتان بپارێزن لەو خوایەی کە بەناوی ئەوەوە داوا ئەکەن لەیەکتر، وە خۆتان بپارێزن لەبچڕاندنی خزمایەتی بەڕاستی خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە .

وەئایەتی سورەتی حەشر:

﴿اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ [الحشر: ١٨] .

واته: لەخوا بترسن وە هەموو كەسێك با سەرنج بدات چی پێش خۆی ناردووە بۆ پاشە ڕۆژی وە لەخوا بترسن .

با پیاوێك لەدینارەكەی صەدەقە بكا لە درهەمەكەی لەجل وبەرگەكەی لەصاعی گەنمەكەی لەصاعی خورماكەی، تافەرمووی: ( ئەگەر بەلەتە خورمایەكیش ئەبێت)، (جەریر)رضي الله عنه ووتی پیاوێكی ئەنصاری ئەوەندەی هێنا نەیئەتوانی هەڵی بگرێت، لە پاشان خەڵكی یەك لەدوای یەك شتومەكیان هێنا تاوەكو دوو كۆمەڵە خواردن وپۆشاكم بینی، تاوەكو بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەنگی گەشەوە بوو وەك پارچە ئاڵتونێكی لێ هات، لە پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ، وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)(٨) .

واتە: هەر كەسێك لەئیسلامدا ڕێبازێكی چاك دابهێنێت، ئەوە پاداشتی خۆی هەیەو پاداشتی هەموو ئەوانەی ئەو كارە ئەنجام ئەدەن لەدوای ئەو بێ ئەوەی هیچ لەپاداشتی ئەوان كەم بكات، وەهەر كەسێك لەئیسلام ڕێبازێكی خراپ دابهێنێت ئەوە تاوانی خۆی هەیە وتاوانی هەموو ئەوانەی ئەو كارە ئەنجام ئەدەن لەدوای ئەو بێ ئەوەی هیچ لەتاوانی ئەوان كەم بكات .

پێغەمبەر ﷺ هانی داوین بۆ پێشبڕكێ لەماڵ خەرج كردن وخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، (عبد الله) ی كوڕی عومەر رضي الله عنه فەرموی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(لاحسد إلا في اثنتين: رجلٌ آتاه الله الكتاب وقام به آناء الليل، ورجلٌ أعطاه

(٨) البخاري في الزكاة: باب الصدقة باليمين: ١٤٢٣، وصحيح الجامع الصغير: ٦٣٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ٦١).

الله مالاً فهو يتصدق به آناء الليل والنهار)[٩] .

واتە: حەسوودی نییە و دروست نییە تەنها لەدوو حاڵەتدا نەبێت: پیاوێك خوای گەورە شارەزای کردوە لەقورئان، ئەویش بەشەو و ڕۆژ پێی هەڵئەسێت، وەپیاوێك خوای گەورە ماڵ وسامانی زۆری پێ بەخشیوە بەشەو وڕۆژ لەڕێی خوا خەرجی ئەکات .

هەروەها هاوەڵانﷺ زۆر سوور بوون ودەسپێشخەریان ئەکرد بۆ هەموو جۆرێکی چاکە کاری ئەویش زیاتر روون و ئاشکرا بوو لە ماڵ بەخشینیاندا، وەك ئەبو هوریرەﷺ ئەگێڕێتەوە لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ الْيَوْمَ صَائِمًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا، قَالَ: فَمَنْ أَطْعَمَ الْيَوْمَ مِسْكِينًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا، قَالَ: فَمَنْ شَهِد مِنْكُمْ الْيَوْمَ جَنَازَةً؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا، قَالَ فَمَنْ عَادَ مِنْكُمْ الْيَوْمَ مَرِيضًا؟ قَالَ أَبُو بَكْرٍ: أَنَا)[١٠] .

هەروەها لە (مسند) ی ئیمامی أحمدی کوڕی حەنبەل دا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالكﷺ فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك لەڕۆژان بە هاوەڵانیﷺ فەرمووی:

(مَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الْيَوْمَ جَنَازَةً؟ قَالَ عُمَرُ: أَنَا، قَالَ مَنْ عَادَ مِنْكُمْ مَرِيضًا؟ قَالَ عُمَرُ: أَنَا، قَالَ مَنْ تَصَدَّقَ؟ قَالَ عُمَرُ: أَنَا، قَالَ مَنْ أَصْبَحَ صَائِمًا؟ قَالَ عُمَرُ: أَنَا، قَالَ وَجَبَتْ وَجَبَتْ )[١١] .

ئا بەم شێوەیە هەڵس وکەوتی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ﷺ مونافەسە کردن بووە لەکاری خەیردا، هەتا هەژار ودەست کورتەکان خەمبار ئەبوون لەبەر کەمی ماڵیان ونەك بۆ خەرج کردنی لەشەهەواتی دونیا بەڵکو بۆ بەخشینی لەڕێی خوادا، لە صەحیحەین دا هاتووە لە ئەبوو هوریرەوەﷺ ئەڵێت: هەژارەکان هاتنە

---

(٩) (رواه البخاري في الآذان: ٦١٥، ومسلم في الصلاة: ٤٣٧).

(١٠) (صحيح الترغيب والترهيب: ٩٥٣، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٨٨، ومشكاة المصابيح: ١٨٩١).

(١١) (صححه الألباني في: أحكام الجنائز).

لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتیان: دەوڵەمەندەکان پلەی بەرز ونیعمەتی نەبڕاوەیان بۆ خۆیان برد، نوێژ ئەکەن هەروەك ئێمە نوێژ ئەکەین، وە ڕۆژو ئەگرن هەروەك ئێمە ڕۆژوو ئەگرین، بەلاَم ئەوان ماڵی زیادەیان هەیە حەجی پێ ئەکەن وعومرەی پێ ئەکەن وجیهادی پێ ئەکەن وصەدەقەی پێ ئەکەن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(ألا احدثكم بأمر إن أخذتم به أدركتم من سبقكم ولم يدرككم أحدٌ بعدكم وكنتم خير من أنتم بين ظهرانيه إلا من عمل مثله؟ تسبحون وتحمدون وتكبرون خلف كل صلاة ثلاثاً وثلاثين)[١٢] .

واتە: ئایە کارێکتان بۆ باس نەکەم ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ئەوە ئەگەن بەوانەی کەپێش ئیوە کەوتوون وکەسیش پێتان ناگات، وەئێوە چاکترین کەس ئەبن مەگەر یەکێك وەك ئێوە بکات؟ سی وسێ جار "سبحان الله" و"الحمد لله" و"الله أكبر" بکەن لە دوای هەموو نویژێك ٠

وەلەریوایەتی (أبوذر) رضي الله عنه دا هاتووە کە خەڵکانێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە پێغەمبەریان ﷺ ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەوڵەمەندەکان هەرچی ئەجر و پاداشت هەیە بۆ خۆیان بردیان، نوێژ ئەکەن چۆن ئێمە نوێژ ئەکەین، ڕۆژوو ئەگرن چۆن ئێمە ڕۆژوو ئەگرین، وە صەدەقە بەماڵ وسامانی زیادەیان ئەکەن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(أَوَلَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ، إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ ؟ قَالَ: (أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ، أَكَانَ عَلَيْهِ فيها وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كان لَهُ أَجْراً)[١٣] .

واتە: ئایە خوای گەورە ڕێی صەدەقەی بۆتان دانەناوە، بەڕاستی هەر "سبحان الله" یەك صەدەقەیەکە، وەهەر "الله أكبر" ێك صەدەقەیەکە، وەهەر "الحمد لله" یەك

(١٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٣٠٨)٠

(١٣) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٥٤، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٥٥٦)٠

صەدەقەیەکە، وەهەر "لا إله إلا الله" یەك صەدەقەیەکە، وەفەرمان بەچاکە صەدەقەیە، وەقەدەغە کردنی خراپە صەدەقەیە، وەکۆبونەوەتان لەگەڵ حەلاڵی خوتان صەدەقەیە)

هاوەڵان ﷺ وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەکێکمان ئارەزووی خۆی تێر ئەکا پاداشتی دەست ئەکەوێ؟ فەرمووی: (پێم بڵێن ئەگەر لەحەرامدا بەکاری بهێنێ تاوانی لەسەر نییە؟ هەروەها ئەگەر لەحەڵاڵدا بەکاری بهێنێ پاداشتی بۆ هەیە)

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوەڵان ﷺ لەبەر زۆر حەز کرنیان لەکرداری چاك و خەیر کردن خەمبار ئەبوون ئەگەر کاری خەیر لە توانایان نەبوایە ئەنجامی بدەن غەیری ئەمان ئەنجامی بدایەو توانای بەسەر هەبوایە، بۆیە هەژاران خەمبار ئەبوون کە صەدەقەیان لەدەست ئەچوو بەماڵ وسامان کە دەوڵەمەندەکان توانایان بەسەردا هەبوو، وخەمبار ئەبوون کەدوا بکەون لەغەزا کردن چونکە هەژاران ئامێری چوونە جیهادیان نەبوو، وەك پەروەردگار باسیان ئەکات لە قورئاندا ﴿وَلَا عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوْا وَأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا مَا يُنْفِقُونَ﴾ [التوبة: ٩٢] .

واتە: وەتاوان لەسەر ئەو کەسانەش نییە کە هاتنە لات ئەی محمدﷺ بۆ ئەوەی ووڵاخیان بۆ دابین بکەیت و سواریان کەیت ووتت ووڵاخم دەست ناکەوێ سوارتان بکەم بۆ غەزا ئەوانیش گەڕانەوە لەکاتێکدا چاویان فرمێسکی دەڕشت لەداخ وخەفەتدا کە هیچیان نەبوو خەرجی بکەن بۆ پێداویستی جیهاد .

هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا لای (ابن حبان) لە (صحيح)ەکەیدا لە (أبو ذر الغفاري) یەوە ﷺ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ليس من نفس ابن آدم إلا عليها صدقة في كل يوم طلعت فيه الشمس، قيل: يا رسول الله ﷺ، ومن أين لنا صدقة نتصدق بها؟، فقال ﷺ:

(إن أبواب الخير لكثيرة: التسبيح، والتحميد، والتكبير، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، وتميط الأذى عن الطريق، وتسمع الأصم، وتهدي الأعمى،

سايتی بەهەشت
www.ba8.org
1429 كۆچى

وتدل المستدل على حاجته، وتسعى بشدة ساقيك مع اللهفان المستغيث، وتحمل بشدة ذراعيك مع الضعيف، فهذا كله صدقة منك على نفسك)[١٤] .

واته: هيچ كەسێك نييه لەهەموو ڕۆژێكدا كەخۆرى تێدا هەڵ بێت ئەبێت صەدەقەيەك بكات، ووتيان: ئەى پێغەمبەرى خواﷺ، لەكوێ بێنين صەدەقە بكەين؟ فەرمووى: دەرگاكانى خەير و چاكە زۆرن: سبحان الله، الحمد لله، الله أكبر، فەرمان كردن بەچاكە وقەدەغە كردنى خراپە، لابردنى درك و داڵى سەر ڕێگا، گوێ گرانێك تێ بگەيێنى، ڕێنمايى كردنى كوێر، ڕێ پيشان دان بە يەكێك لەپێويستيەتى، هاوكارى كردنى لێ قەوماوێك كەداواى فرياكەوتنت لێ ئەكات، باركردنى بارێك لەگەڵ بێ تواناييەكدا، ئەمانە هەمووى صەدەقە و چاكەيە بۆ خۆتى ئەكەى .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

(١٤) (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٩٧٠، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٧٥).

# خۆڕاگری شیخ الاسلام ابن تیمیه
# له بەرامبەر دوژمناندا

✍دکتۆر: هیوا نجم الدين حيدر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**ابن تیمیه لە چەند دێڕێکدا:**

**ناوی تەواوی:** (تقى الدين أبو العباس أحمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام بن عبدالله تيمية الحراني ثم الدمشقي الحنبلي).

**ابن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شاری حەران لە وولاتی سوریا(هەندێك لە زانایان دەڵێن: لە شاری ئورپە) لە ڕۆژی دووشەممەی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی٦٦١ك لە دایك بووەو لەم شارەدا ماوەتەوە بۆ ماوەی دووساڵ پاشان لەگەڵ باوکیدا چۆتە شاری دیمەشق.**

**ابن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە بنەماڵەیەکی خاوەن زانستو زانیاری پەروەردە بووە، باوکی زانایەکی پایەبەرز بووە لە سەردەمی خۆیدا ئیمامی** (ابن كثير) **دەربارەی باوکی** (ابن تيمية) **دەفەرمێت:**

(والد شيخنا العالم العلامة تقي الدين ابن تيمية مفتي الفرق الفارق بين الفرق، كان له فضيلة حسنة، ولدية فوائد كثيرة، وكان له كرسي بجامع دمشق يتكلم عليه من ظهر قلبه)[1].

**باپیری ابن تیمیه کە ناوی**(ابو البركات عبدالسلام بن عبدالله)**یە فەرمووەناسێکی بەناوبانگ بووە، وەدەستێکی باڵای هەبووە لە زانستی فیقهو تەفسیردا وەکو** (ابن كثير) **دەفەرمێت:** (وكان المجد معدوم

(١) (البداية والنهاية: ٣٢٠/١٣) .

النظير في زمانه، رأسا في الفقه وأصوله، بارعا في الحديث ومعانيه)[٢].

واته: باپیری ابن تیمیه بێ وێنه بووه لەسەردەمی خۆیدا، وەدەستێکی باڵای هەبووە لە زانستی فیقەو اصول فیقهدا، لێ هاتوو بووه له زانستی فەرموودەو ماناکانیدا.

ابن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر له منداڵییەوە خەریکی زانستو خوێندنی قورئانو فەرموودەو تەفسیرو فیقەو زمانی عەرەبی بووە لای زانایانی ئەو سەردەمە، کە تەمەنی گەیشتە ١٧ساڵ فەتوای دەدا بۆ خەڵکی، بۆیه زانایانی ئەو سەردەمە زۆر سەریان سوڕما بوو لەم منداڵە تازە هەڵچووە کە چەندە توانای تێڕوانینو لەبەر کردنی بەهێزە ! !

بۆیە کەم زانست هەیە ابن تیمیە نەیخوێندبێت، وە کەم پەڕتووکی زانایانی پێشین هەیە نەی بینیبێ.

## ووتەی زانایان دەربارەی ابن تیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

*قال الحافظ فتح الدين أبو الفتح ابن السيد الفاس اليعمري(رحمه الله):

(بینیم یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە هەموو زانستەکان بەشێکە هەبوو، نزیك بوو هەموو پەرتووکەکانی فەرموودەو ئەثەر لەبەر بکات، ئەگەر لە زانستی تەفسیردا قسەی بکردایە ئەوا خۆی هەڵگری ئاڵاکە بوو، ئەگەر فەتوای بدایە لە فیقهدا ئەوا هەر خۆی هەستکەری ماناو مەبەستی زانستی فیقە بوو، وە ئەگەر باسی فەرموودەی بکردایە ئەوا هەر خۆی خاوەن زانستی فەرموودە ناسیو ڕیوایەت بوو٠٠٠٠، لە بوارەکانی زانستی شەرعیدا دەرکەوت بەسەر هەموو خەڵکیدا، چاوەکان هاوشێوەی ئەویان نەبینیووە وە خۆیشی هاوشێوەو نمونەی خۆی نەبینیووە)[٣].

*قال الذهبي(رحمه الله): (وهو أكبر أن ينبه مثلي على نعوته، فلو حلفت بين الركن والمقام لحلفت: بأني ما رأيت بعيني مثله ولا والله مارأى هو مثل نفسه في العلم)[٤].

---

(٢) (البداية والنهاية: ١٣/١٩٨) ٠

(٣) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٩) ٠

(٤) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٥) ٠

**واتـە: ابـن تیمیـە لـەوە گـەورەترە کـەوا کەسێکی وەکو من ستایشی بکات، ئەگەر سوێند بخۆم لە نێوان (الركن والمقـــام) دا سوێندەکەم ئەوە دەبێت دەڵێم سوێند بە خودا من نمونەو هاوشێوەی ابـن تیمیـەم نـەبینیووە، وە سـوێند بـە خـوا خۆیشی هاوشـێوەی خـۆی نـەبینیوە لـە زانستی شەرعیدا.**

*قال الشيخ عمادالدين الواسطي(رحمه الله): والله ثم والله لم أر تحت أديم الــسماء مثلــه علماً وعملاً وجمالاً وخُلقاً واتباعاً وكرمــاً وحلماً في الحق نفسه، وقيامــاً في حــق الله تعالى عند انتهاك حرماته، ثم قال: ما رأينا في عصرنا هذا من تستجلى النبــوة المحمديــة وسننها من أقواله وأفعاله إلا هــذا الرجــل بحيث يشهد القلب الصحيح أن هــذا هــو الإتباع حقيقة)[٥].

**واتە: سوێند بە خوا پاشان سوێند بە خوا نـەمبینیوە لـە ژێـر گـوێنی ئاسمانـەوە هاوشـێوەو نمونـەی وەکـو ابـن تیمیـە لـە زانستو کردەوەدا، لـە جـوانی ڕەوشـتو هەوڵـدان بـۆ هــەڵسو کەوتــدا، لــە شوێنکەوتنو بەخشندەیدا، هێمنو ژیر لـە ناخی خۆیـدا وە پاراسـتنی سنورەکانی خودا لە شتە قەدەغەکراوەکانـدا، پاشـان دەڵێت: نـەمان بینیـووە لـەم سـەردەمەدا فەرمانو سوونەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لـە کـردارو گوفتاریـدا ڕەنگـی دابێتـەوە وەکـو نمونـەی ئـەم پیـاوە بـە شـێوازێك دڵێکی پاك شایەتی بۆ دەدات کـەوا ئەمـە نمونەی شوێنکەوتنی ڕاستەقینەیە.**

*وقال الإمام أبو الحجاج المزي(رحمــه الله): (ما رأيت مثله ولا أدرى هو مثل نفسه، ولا رأيت أحداً أعلم بكتاب الله وسنة رســوله ﷺ ولا أتبع لها منه)[٦].

**واتە: نەم بینیوە نمونەی وەك ابن تیمیە، وە خۆیشی هاوشێوەی خۆی نـەبینیووە، وە کەسـم نـەبینیووە کـەوا زانـستو کـردەوەی بـە قورئـانو سـوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺزیاتر بێت لە ابن تیمیە.**

*وقال بن الزملكاني(رحمه الله):

**(ئەگەر پرسیاری لێ بکرایە دەربارەی هەر زانستێك ئەوا بینـەرو بیسەر وای دەزانـی ابن تیمیە هیچ شتێکی تر نازانێ جگە لەم زانـستە، وە حـوکمی دەدا بـەوەی کـەس**

---

(٥) (الرد الوافر لابن ناصر الدمشقي: ص١٢٥-١٢٦) .

(٦) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٧) .

**ئەوەندەی ابن تیمیە لەم زانستەدا شارەزا نی‌یە)[٧].**

*وقال ابن دقيق العيد: (لما اجتمعت بابن تيمية رأيت رجلا العلوم كلها بين عينيه، يأخذ منها ما يريد ويدع مايريد، وقال له بعد سماع كلامه: ما كنت أظن أن الله تعالى بقي يخلق مثلك)[٨].

**واتە: لە کاتێکدا لەگەڵ ابن تیمیە کۆبومەوە بینیم پیاوێکە هەموو زانست لە نێو چاویدا کۆبۆتەوە بە ویستی خۆی گوڵبژێری دەکات، پاشان دوای ئەوەی گوێ بیستی ووتەکانی ابن تیمیە بوو فەرمووی: وام بە بیردا نەهات کە خوای گەورە هێشتا نمونەی وەکو تۆ دروست بکات.**

*قال ابن القيم (رحمه الله):

وعلم الله ما رأيت أحدا أطيب عيشا منه قط، مع ماكان فيه من الحبس والتهديد والإرجاف، وهو مع ذلك أطيب الناس عيشاً وأشرحهم صدراً، وأقواهم قلباً وأسرهم نفساً تلوح نضره النعيم على وجهه، وكنا اذا اشتد بنا الخوف وساءت بنا الطنون وضاقت بنا الأرض، أتيناه فما هو إلا أن نراه ونسمع كلامه فيذهب عنا ذلك كله وينقلب إنشراحاً ويقيناً وطمأنينة، فسبحان من أشهد عباده جنته قبل لقائه، وفتح لهم أبوابها في دار العلم فأتاهم من روحها ونسيمها وطيبها)[٩].

**واتە: خوای گەورە دەزانێت من کەسم نەبینیووە بە هیچ شێوەیەك خۆش گوزەرانتر بێت لە ابن تیمیە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆری ژیانی بریتی بوو لە زیندانو هەڕەشەو هەژاندن، لە هەموو خەڵکی زیاتر ژیانی باشترو سنگی فراوانترو ئیمانی بەهێزترو دڵی خۆشتر بوو بە شێوازێك ڕەونەقی بەهەشت لە دەمو چاویدا دەگەشایەوە.**

**ئێمە هەر کاتێك ترسو دڵە ڕاوكێ دامانی بگرتایەو سەر زەوی لێمان تەنگو والا بوایە ئەوا دەهاتین بۆ لای کاتێك دەمان بینیو گوێ بیستی قسەکانی دەبووین یەکسەر ترسو دڵە ڕاوكێ لە دڵەکانماندا نەدەما، دڵمان خۆشترو ئیمانمان بەهێزتر دەبوو، پاکیو بێگەری بۆ ئەو خوایەی**

(٧) (العقود الدرية في مناقب شيخ الإسلام ابن تيمية، لابن عبدالهادي: ص٧) .

(٨) (الرد الوافر لابن ناصر الدمشقي: ص١٠٧) .

(٩) (ذيل طبقات الحنابلة لابن رجب: ص٣٧٨) .

کەوا بەهەشتەکەی پیشانی بەندەکانی دەدات پێش ئەوەی پێی بگەن، وەدەرگاکانی بەهەشتیان بۆ دەکاتەوەو لەوێوە سروەو شنه باو بۆنی بەهەشتیان بۆ دێت.

*وقال عنه البزار(رحمه الله): كان رضى الله عنه من أعظم أهل عصره قوة ومقاماً وثبوتاً على الحق، وتقريراً لتحقيق توحيد الحق، لايصده عن ذلك لومة لائم ولا قول قائل ولا يرجع عنه لحجة محتج، بل كان إذا وضع له الحق يعض عليه بالنواجذ)[١٠].

واتە: ابن تیمیه لەسەردەمی خۆیدا باشترین کەس بوو کەوا جێگیرو دامەزراو بێت لەسەر ئایینەکەی، وە لەکاتی گەیاندنو یەك خستنی ڕاستیەکاندا لۆمەی لۆمەکاران یان قسەی خەڵکی ڕێگرو بەربەست نەبوو لێی بە هیچ شێوەیەك، لەبەر قسەی خەڵکی پەشیمان نەدەبوەوە لە حەق، بەڵکو ئەگەر لە کاتێکدا حەقیقەتو ڕاستی بۆ ڕوون بوایەتەوە ئەوە بە دانەکانی خۆی پێوە دەگرت.

## بیروباوەڕو عەقیدەی ابن تیمیه

(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

ابن تیمیه(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە تەواوەتی دەگەڕایەوە بۆ ڕێبازی سەلەف، لە ڕاستیدا کەسێکی بێ وێنە بوو لەسەر خستنی قورئانو سوننەتدا بە تێگەیشتنی سەلەف.

بیروباوەڕی ابن تیمیه لە بوارەکانی عەقیدەدا بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگو بەها لای زانایانی دوای خۆی زانایەکی بێ وێنە بووە لە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامدا کە ڕێچکەی سەلەفی گرتبۆیە بەر لە تەفسیر کردنی دەقە شەرعییەکاندا، وە زۆر پشتی بە ووتەی زانایانی سەلەف دەبەست.

بەم شێوەیە ابن تیمیه زانایەکی سەلەفی بووە حەقو ڕاستی ئاشکرا دەکرد وە لە لۆمەی خەڵکی نەدەترسا.

## بانگەوازی شیخ الاسلام ابن تیمیه

بانگەوازی ابن تیمیه بە شێوازێك بڵاو بۆتەوە لە نێو خەڵکدا کەوا کەم کەس هەیە شوێنکەوتووی ڕێگای ڕاست بێتو ناو و بانگەوازی ابن تیمیەی نەبیستبێت، ووتەکانی ابن تیمیه بە تەواوەتی جێگەی

---

(١٠) (الأعلام العلية في مناقب ابن تيمية: ص٣٦) .

خـۆی کردۆتــەوە لــە دڵــی موســڵمانانـدا خــەڵکی ســەردەمی خــۆی زۆر خۆشــیان دەویست، ئەمەش لەبەر ئەوەی بـەردەوام فەرمانی بەچاکە دەکردو ڕێگری لە خراپە دەکرد.

ئـەو هۆکارانـەی وای کـردووە ابـن تیمیـە کەسێکی تایبەتمەند بێت لـە ئیسلامدا، لەوانە:

١- کــەم وێنــەیی ئــەو لــە هێــزی بیرکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە.

٢- بـە تــەواوەتی پـشت بەسـتن بـە قورئانو سوننەت.

٣- واز هێنـــان لـــە دەمـــارگیری مەزهەبایەتیو یـەکلا کردنـەوەی بابەتەکانی بە پێی بەڵگە.

٤- پــاك ســازیو چاكــسازی لــە بیروبـــاروەڕی موســـڵماناندا، پاراســتنی ئــایینی ئیــسلام لــە بیدعەو خورافیات.

٥- ئازایـــەتیو لێهـــاتووی لــــە ڕوونکردنـەوەی ئاییـنـدا بــە بــێ ترسان لە خەڵکی.

ابــن تیمیــە بــەردەوام دژایــەتی ئــەو گروپانــەی دەکــرد کــەوا دەیــان ویــست جوانی ئەم ئایینە پیرۆزە بشێوێنن لەوانـە گاورو جولەکە شیعەو صۆفیەکانو بیدعـە چیەکان، دژایـەتی ئەوانـەی دەکـرد نـاو وســیفاتەکانی خــوای گــەورەیان تــەئویل دەکــرد، هــەروەها تێدەکۆشــا لــە پێنــاو خـــودا دژی تـــەتارو کـــافران، وە هـــانی خەڵکی دەدا بۆ جیهاد.

بە ڕاستی تازەکـەرەوەی ئـایینی ئیـسلام بــوو لــە ســەردەمی خۆیــدا، وە لــەم ڕۆژگارەیـــشدا موســـڵمانی ڕاســـتەقینە ئەوەیە شوێنی ڕێبازی ئـەم جـۆرە زانایـە بکەوێت.

قال الشيخ محمد خليل الهراس (رحمه الله):

هذه هي دعوة ابن تيمية إصــلاح وإحيــاء وتجديد، فهو بحق أبي النهــضة الإســلامية الحديثة وواضع أساسها وجميع دعاة الإسلام من بعده إنما بهديه اقتــدوا، وعلــى كتبــه تخرجوا)[١١].

واتە: ئەمە بانگەوازی ئیبن تـەیمیـە بـووە: چاکسازی وزینـدوو کردنـەوە وتازەکـاری، بەڕاستی ئەو گەورەی ڕاپـەڕینی ئیـسلامی نــوێیــە، وەدانــەری بنــچینەکەیەتی، وەهەموو بانگەوازکارانی ئیسلام لـە پـاش

(١١) (ابن تيمية السلفي لمحمد خليل الهراس: ص١٩٨) .

ئـەو شـوێنی ڕێنمـایی ئـەو کـەوتوون، وە دەرچوی پەرتوکەکانی ئەون.

## خۆڕاگری ابن تیمیه (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

ابــن تیمیــە دوژمنێکــی زۆری هــەبوو بەردەوام ئـازارو ئەشـکەنجەیان دەدا چـی خۆیـان بـە ڕاسـتەوخۆ یـان لـە ڕێگـای کاربەدەسـتانەوە، بـەڵام سـەربەرزی بـۆ ئەوانەیە کە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ دەگرنە بەر.

ابـن تیمیـە زۆربـەی ژیـانی لـە گۆڕسـتاندا بەسـەر دەبـرد هـەموو تەمـەنی تـەرخان کردبـوو بـۆ خزمـەت کردنـی قورئـانو سوننەت.

**لە ساڵی ٦٩٣ھ**[١٢]:

ابـن تیمیـە دەسـتگیر کـرا بـە بڕیـاری سوڵتانی یەکـەم بـەهۆی هەڵسانەوەی لـە گـاورێکی سـتەمکار کـە جـوێنی بـە پێغەمبەر ﷺ دابوو بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئازاد کرا، هەر ئـەم ڕووداوەش بـووە هۆکـاری ئـەوەی ابـن تیمیـە پـەرتوکێك بنوسێ بە ناوی: (الصارم المسلول علـى شاتم الرسول ﷺ).

**لە ساڵی ٧٠٥ھ**[١٣]:

کۆمەڵێك لە صـۆفیو جەهمیـەو شـیعەکان چـوون بـۆ لای فـەرمانڕەوای دەوڵـەتی موسـڵمانان ویـستیان ابـن تیمیـە ناشـرین بکەن بـە هەڵبەسـتنی درۆو بوختـان بـۆی ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی ابـن تیمیـە لـەو کاتـــەدا نوســـراوێکی نوســـیبوو بـــە ناوی(العقيدة الواسطية) ئەم نوسـراوە دژی بیرو بۆچوونی ئەوان بوو.

بۆیـە لـە لایـەن فـەرمانڕەواوە نامەیـەك نێردرا بـۆ ئـەمیری شاری دیمەشـق تێیـدا هــاتبو کــە دەبێــت ڕوون بکرێتــەوە بیروباوەڕەی ابن تیمیە چۆنە، لەو کاتـەدا زۆرێك لە فقها و قازییەکانی دەوڵـەت کۆ بوونەوە بۆ ئـەوەی ووتوێـژ بکـەن لەگـەڵ ابـن تیمیـەدا، ئـەو زانایانـەی بەشـدارییان کرد لەم ووتوێژەدا بریتی بوون لە:.

- صفي الدين هندي.
- كمال الدين الزملكاني الشافعي.
- صدرالدين الوكيل... **هتد**.

---

(١٢) (البداية والنهاية: ١٤/٣٣٥) .

(١٣) (مجموع الفتاوى: ٣/١٦٠-٢٠١) .

له کۆتاییدا هەموویان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی بیروباوەڕی ابن تیمیە بیروباوەڕێکی سەلەفی پاکە، ئەمجارەش سەرشۆڕی بۆ شیعەو صۆفیەکان مایەوە.

**لە ساڵی ٧٠٧هـ**[١٤]:

صۆفیەکان سکاڵایان پێشکەش کرد دژی ابن تیمیە لەو کاتەدا دەوڵەت بڕیاری دا بەم خاڵانەی خوارەوە:.

- یان ئەوەیە بڕوات بۆ شاری ئەسکەندەرییە.
- یان لە شاری دیمەشق بمێنێتەوە بە چەند مەرجێك.
- یان ئەوەیە دەبێت بڕواتە بەندینخانە.

لە ئەنجامدا ابن تیمە بەندینخانەی هەڵبژارد، بەندینخانەی پێ خۆشتر بوو لەوەی کە لە دەرەوە بێت بەو مەرجەی دەبێت ڕاستیەکان دەرنەبڕێتو دژایەتی بیدعەچیەکان نەکات، وەکو خۆی دەڵێت: أنا أمضي الى السجن واتبع ما فيه المصلحة

**لە ساڵی ٧٠٨هـ**[١٥]:

شیخ الاسلام بەتەنیا نێردرا بۆ ئەسکەندەرییە بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدەن کە هاوڕێکانی لەگەڵیدا بڕۆن، بەڵام ئەویش خەڵکێکی زۆر بە هۆی ئەوەوە خوای گەورە هیدایەتی دان بۆ ڕێبازی ئەهلی سوننە، بۆیە صۆفیەکان لەوێیش هەوڵی تیرۆر کردنیاندا بەڵام خوای گەورە ڕزگاری کرد پاشان بڕیاردرا بەوەی بچێتە بەندینخانە.

ئەمجارە لە بەندینخانە زۆر ئازار دەدرا هەروەها ناخۆشییەکی زۆری چەشت کاتێك مەلیك(الناصر محمد بن قلاوون) لە ساڵی ٧٠٩هـ دەسەڵاتی گرتە دەست بڕیاریدا بە ئازاد کردنی ابن تیمیە.

**لە ساڵی ٧١٨هـ**[١٦]:

فەرمانڕەوایی وڵات بڕیاریدا بە بەندکردنی ابن تیمیە وە نەهێڵێت فەتوا بدات بەهۆی ئەو بابەتەی باسی کردبوو دەیفەرموو: "سوێند خواردن بە تەڵاق بریتیە لە سوێندێك کە دەبێت کەفارەتی بدات بەڵکو تەڵاق ناکەوێت" پاشان ابن تیمیە برا بۆ بەندینخانە لە قەڵای دیمەشق.

---

(١٤) (البداية والنهاية: ١٤/٥٣-٥٤) .

(١٥) (العقود الدرية: ص٢٩٦) .

(١٦) (البداية والنهاية: ١٤/٨٩، ٩٣) .

**لە ساڵی ٧٢٠هـ**(١٧):

بە هەمان شێوە لە لایەن قازی وولاّتەوە بڕیاردرا بە بەند کردنی، هەروەها قەدەغە کردنی لە فەتوادان بۆ خەڵکی ئەمجارەیش بەهۆی بابەتی تەلاقەوە بوو. بەڵام ابن تیمیە دادگاییەکەی بە ستەمو بێداری زانی بۆیە هەڵهات لەدەستی فەرمانڕەوا.

**لە ساڵی٧٢٢هـ**(١٨):

دیسان ابن تیمیە برایەوە بۆ بەندینخانە بە هۆی ئەوەی دەیفەرموو نابێت بە نیەتی پیرۆزیو تەبەڕووك بچیت بۆسەر هیچ گۆڕێك یان مزگەوتێك جگە لە(المسجد الحرام)و(المسجد النبوي)و(المسجد الأقصى) ئەمجارەش بە هەمان شێوە بە هۆی ئەهلی بیدعەوە بوو ابن تیمیەیان ناشیرین کرد لای فەرمانڕەوا.

**لە ساڵی ٧٢٦هـ**(١٩):

دووبارە ابن تیمیە بەند کرا بەهۆی هەمان فەتوای پێشووەوە لە کاتێکدا بیدعە چی‌یەکان دەقی فەتواکەیان گۆڕی بوو.

لە لایەن کۆمەڵێك قازی بیدعەچییەوە لەوانە(القاضي الأخناني المالكي) بڕیاردرا بە بەند کردنی.

ئەمجارە مامەڵەیەکی زۆر ناخۆشی لەگەڵدا دەکرا لە بەندینخانە، بڕیاردرا بە لابردنی هەموو ئەو پەرتووكو پەڕاوو پێنووسانەی لای بوو وە خوێندنەوەو نوسینی لێ قەدەغە کرا.

بەڵام ئەم حاڵەتە زۆری نەخایاند مەرگ یەقەی گرتو لە شەوی دوشەممە لە ٢٠ذی القعدة لە ساڵی ٧٢٨هـ لە بەندینخانەی قەڵای دیمەشق ئەم زانا پایە بەرزە (ڕەزای خوای لێ بێت) گەیشتەوە بە خوای گەورە.

بەم شێوەیە شیخ الاسلام لە بەندینخانەدا کۆچی دوای کرد دوای خۆڕاگریو تێکۆشانێکی زۆرو بێ وێنە لە پێناو ئەم ئایینەدا بە دژایەتی کردنی گروپە گومڕاکانو بەرپەرچ دانەوەیان لەوانە: سۆفیەکان، شیعە، فەلاسیفە..... هتد.

هەمو کات دوژمنانی هەوڵیان داوە بە بەندکردنی، چونکە ابن تیمیە نەدەوەستا لە گەیاندنی بانگەوازی حەقدا بۆیە خۆی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە دوژمنانی

---

(١٧) (البداية والنهاية: ٩٧/١٤) .

(١٨) (الرد على الأحناف لابن تيمية) .

(١٩) (البداية والنهاية: ١٣٧/١٤-١٤٠) .

**دەوت:** (فأنا على أي شي أخاف؟ إن قُتلت كنت من أفضل الشهداء! وكان علي الرحمة والرضوان الى يوم القيامة! وكان على من قتلني اللعنة الدائمة في الدنيا والعذاب في الاخرة! ليعلم كل من يؤمن بالله ورسوله أني إن قتلت لاجل دين الله، وإن حبست فالحبس في حقي من أعظم نعم الله علي، ووالله ما أطيق أن أشكر نعمة الله علي في هذا الحبس وليس لي ما أخاف الناس عليه! لا اقطاعي لا مدرستي ولا مالي ولا رئاستي وجاهي)[٢٠].

**واته: من بۆچی بترسم؟ ئەگەر بکوژرێم باشترین شەهیدم وە ڕەحمەتو ڕەزا بوونی خوای گەورەم دەست دەکەوێ تا ڕۆژی دوایی، وە ئەوەی دەمکوژێ بەردەوام لەعنەتی خوای گەورەی لەسەرە لە دونیا پاشان سزای خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا، با بزانن ئەوانەی بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ئەگەر بکوژرێم ئەوا لە پێناو دینی خودایە، ئەگەر زیندانی بکرێم ئەوە بۆ من گەورەترین نیعمەتە، سوێند بە خوا ناتوانم بەتەواوی شوکرو سوپاسی خوای گەورە بکەم بەهۆی ئەو نیعمەتە زۆرەی کە لە بەندینخانەدا پێی بەخشیبووم، من ئەوەم نییە خەڵکی لێی دەترسن نە زەوی نە قوتابخانە نەماڵ نە پلەو پایەو دەسەڵات هیچ شتێك لەمانەم نییە.**

**بۆیە ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە بێ خێزانو ماڵو منداڵ گەیشتەوە خوای گەورە بەڵکو ژیانی بریتی بوو لە بەندو بەندینخانە !!.**

**لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم ابن تیمیە** (أشبه رجل بنبي في دنيا الرجال)[٢١].

**واتە: شیخ الاسلام هاوشێوە ترین کەسە بە پێغەمبەر ﷺ لە دنیادا بۆ گەیاندنی ئایینی ئیسلام.**

**وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

(٢٠) (مجموع الفتاوى: ٣/٢١٥-٢١٦) .

(٢١) (من كلام الشيخ أبي بكر الجزائري) .

# مەسەلەکە تەنها کامێرا نییە

تەلەفۆنی کامێرادار (البلوتوث)

# نەهامەتیێکە لەم حەدە کۆتایی نایەت

✍: سالم آل حبيش العجمي

وەرگێڕانی: م/ کامران خالد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين،

أما بعد:

له نێو ڕیزی موسڵمانان ئەم موبایله بڵاو بۆتەوه که کامێرای وێنەگرتنی لەگەڵدایه، زۆرێـك لـه خـەڵکی گومانیـان وابـوو لەسـەرەتاوه کـه مەسـەلەکه تـەنها لـه کامێره تێ ناپەڕێت، بـەڵام دەرکـەوت کـه مەسـەلەکه زۆر لـه مەوداکـەی دوور تـره بەشـێوەیەکی وا ئـەم تەلەفۆنـه بۆتـه مەرگەسـاتێکی قێـزەون، وه مەودایـەکی ترسناکی هەیه، که بۆته مـەزنترین نمونـه کـه دەهێنرێتـەوه بـەوەی کـه کۆمـەڵگای بەرەو گێژەڵووکەیـەکی خـراپ و شـێوێکی لەناوچوو دەبات، دەبینین کـه چـەندەها پیاو توشی ئەم فیتنەیه بوونه و وێنـەکان لـه دانیـشتنەکانیاندا هەڵدەدەنـەوەو دانیشتنەکانیان وەك دانیـشتنی منـداڵانی لێ هاتووه.

هەروەها ئافرەتانیش دەبینی که پۆشاکی شـەرم و حـەیایان فـڕێ داوه ئـەوانیش وێنـەی ڕووت و بـەد ڕەوشـتەکان هـەڵ دەدەنەوەو تەماشای دەکەن!!.

وه ئایا جگه له هاوشێوەی خۆیـان کـەس لـه زەت لـه وێنـەی ئـەو بـەد ڕەوشـتانه دەکات؟!!

وه مەسەلەکه لەمه گەورەتره که دڵ بۆی دابخورپێت و چاوان بهێنێته گریان، زۆرێك خـەڵکی بـێ ئاگـان لـه ڕاسـتێتی ئـەم

تەلەفۆنانـە دەرگـای والّـا کردۆتـەوە بـۆ ئافرەتـــەکانی (ئەوانـــەی کـــە بـــەرەو بازاڕەکان ڕادەکەن) بۆ ئەوەی لـە هـەموو خراپەیەکدا نوقمی بکات وە ڕەنگە ئاگـای لەمـە نـەبێت ئـیلا لـە پـاش ڕوودانـی موصیبەتەکە نەبێت، هـەروەك یـەکێك لـە شاعیران دەڵێت:

ولا يتقون الشر حتى يصيبهم
ولا يعرفون الأمر إلا تـــدبرا

وورد ببەرەوە لە صیفاتی ئـەم تەلەفۆنـە تـاکو گـەورەیی بـەڵاو موصـیبەتەکانی بزانیت:

ئەم تەلەفۆنەی کە تۆ وێنەی پێ دەگریت کە ڕەنگـە گـەر هەنـدێك لـەو وێنانـە بـڵاو بێتـەوە بـەد ڕەوشـتی لێ بکەوێتـەوە، نوسـخەیەکی بـە یـەدەك هـەڵ دەگرێـت ودەیپارێزێـت بـۆ ئـەوەی نەفـەوتێت، بەشێوەیەك گەر وێنەکان بسڕێتەوە ئـەوە نوســـخە یەدەکەکـــە دەمێنێتـــەوەو ناسڕێتەوە، بۆیە هەر کەسێك لە دوای تـۆ ببێـت بـە خـاوەنی ئـەم تەلەفۆنـە چ بـە شـێوەی کـڕین بێـت یـان بـە شـێوەی بەخـشین بێـت دەتوانیـت سـەرجەم ئـەو وێنە پارێزراوانە بگەڕێنیتـەوە بـا کـاتێکی

زۆریش بەسەر سڕینەوەکە چوو بێت، جا چۆن کەسێك وێنەیەکی گرتبێت یان بـۆی گـیرا بێـت بـە شـێوەیەکی ناشیاو؟؟؟؟!

ئای لەم پەشیمانیە.

*یـەکێك لـەو پڕۆگرامانـەی کـە خـاوەن دروست کردنی تەلەفۆنەکان دایان هێناوە پڕۆگرامێکـە مـەودای وێنـە گـرتن درێـژ دەکاتەوە بۆ چەند ساعاتێك پاش ئـەوەی کە مەوداکەی سێ خولەك بوو بـۆ ئـەوەی هەڵگرانی ئـەم تەلەفۆنـە موصـیبەتو بـێ ئـابڕوویی خـەڵکی پـێ وێنـە بگـرن پـاش ئەوە لـە نێـوان یـەکتردا بـڵاوی بکەنـەوە، ئەمـە وا لـە مرۆڤـ دەکـات لـە کـاتی وورد بوونەوە لێی کـە بـە حەسـرەتەوە بگرێـت وە خەم بیوشێت...

## بە باشی بیخوێنەوە

– کەسێك ویستی کچێك سەرشۆڕو زەلیل بکات وێنـەی گـرت لـە کاتێـك کـە تـاوانی لەگەڵـدا ئەنجامـدا پاشـان هەسـتا ئـەم ڕووداوە واقیعیـــەی لەســـەر تـــۆڕی ئینتـەرنێت بـڵاو کـردەوە بـۆ سەرشـۆڕ کردنـی، ئافرەتەکـەیش هـیچ دەرفـەتێکی نەما جگە لە خۆکوشـتن تـاوەکو لـەم بـێ ئابڕوویـیە ڕابکات.

– وە ئەوەی کە کۆمەڵگای هەژاندو وای کرد تەنانەت دڵ ڕەقەکانیش بۆی بگرین کە چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە ئێستا ڕوویدا هەندێك لەو کەسانەی کە ڕەحمو سۆز لە دڵەکانیان ڕیشەکێش کرابوو بە وێنە گرتنی کچێك لە کاتێکدا (إغتصاب) دەکرا لە لایەن پیاوێکی بەد ڕەوشتەوە بە بێ ئەوەی ئاوڕێك بدرێتەوە لە گریانو پاڕانەوەکەی، پاشان ئەم وێنانە بڵاو کرایەوە لە نێو خەڵك بۆ ئەوەی بەشەکانی ئەم تراژیدیا ئابڕووبەرە تەواو بێت.

ئەمە ئەوەی کە ئاشکرایە، وە گومانی تێدا نییە ئەوەی مەزنترە خوای گەورە شاردوویەتیەوە لە خوا داواکارم کەئێمەو ئێوە بە جوانترین شێوە سەترمان بکات.

*وە جەریمەو تاوای گەورە ئەو کارە خراپەیە کە خەڵکی دەیکات لە گواستنەوەی ئەو وێنە خراپو کارە ئابڕووبەرانەی خەڵك لە نێوان یەکتر لە ڕێگای (البلوتوث..!!).

گەر تۆ بچیتە ناو کۆمەڵگایەکی بازرگانی بە پۆل ئافرەت دەبینی کە پیاوی لەگەڵدا نییە هەر یەکێکیان موبایلێکی گرتۆتە دەستیەوە (بۆ فیزو تەکەبورو خۆشی نەفس کە عاقیبەتی باش نابێت...... بە خوا) لە بەرامبەریشدا لەو لاوە کۆمەڵێك لاوی فاسق دەبینی ئەوانیش هەریەکەیان موبایلی خۆی بە دەستەوەیە، لەوپەڕی قاڵبوونە بە ئاڵو گۆڕ کردنی نامەو مەسج، تۆش لەو لاوە زڕەی دەنگی مەسج ئیزعاجت دەکات.

دەبینیت نامە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، خەڵکی وەك مەستو سەرخۆش وایە لەبەر ئەو وینەو ڕووداوانەی کە دەیبینن، وە بەڵاو موصیبەت ئەوەیە گەر ئەو وێنانە هی ئافرەتێکی بەزۆر حەیا لێ سەندراو بێت، یان گوناهێك بێت کە خودا دای پۆشیبێت ئەوان ئابڕووی خەڵکی دەبەن بە بڵاو کردنەوەی، وە ئەمە حەرامە وە ئەو کەسەی کە ئابڕووی خەڵك دەباتو عاری خەڵك هەتك دەکات شایەنی ئەوەیە کە خودا عەیبی هەڵماڵێت.

خەڵکی کەوتنە ناو هەڵە نابێتە بەهانەی ئەوەی کە ئابڕوویان بەریەو وێنەیان بڵاو بکەیتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(من ستر مسلما ستره الله في الدنيا والآخرة)[1].

واته: هەر کەسێك عەیبی موسڵمانێك داپۆشێت ئەوا خوای گەورە لە دونیاو قیامەت عەیبی دادەپۆشێت.

بەڵام ئەو وێنە ڕووتو بەرەڵاییانەو کە ئەو تاوانبارانە بڵاوی دەکەنەوە ئەمە لە بابی بڵاو کردنەوەی خراپە کارییە لە نێو ڕیزی موسڵمانان، وە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ [النور: ١٩].

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە پێیان خۆشە لە نێو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە خراپەو شتی ناشیاو بڵاو بێتەوە لە دونیاو ئاخیرەتدا عەزابی ئێشێنەریان هەیە.

تەلەفۆن بەکار دەهێنرێت بۆ پێویستی وە ئەگەر تۆ بەلاتەوە سەیر بێت ئافرەتێك لە کاتێکی درەنگ دوور لە ئاگای پیاوانی بە غیرەت لە ڕەفتاری ئافرەتەکانیان قسە بکات ئەوا زیاتر سەرسوڕمێن بە بەوەی کە خەڵکانێك هەیە ڕێگایان داوە بە ئافرەتان بە بەکارهێنانی ئەم مۆبایلە کە وێنەی جنسو ڕووت بڵاو دەکاتەوە.

ئایا نازانن ئافرەت لاوازە ئەگەر هەستی جنسی بزوێنرا نە (ئایین وئەصڵو فەصڵو نە پلەو پایەی لە ناو کۆمەڵگا) ڕێگری لەبەردەم ناکات، زۆر جار بینراوە ئافرەتێکی خاوەن بنەماڵە لە ئامێزی شۆفێرێك یان کەسێکی خراپو لە بنەماڵەیەکی خراپ کە هیچ پلەوپایەو ئاستێکیان نییە لەناو کۆمەڵگادا!! هەی پیاوان (مەسەلەکە شەهوەتو ئارەزووە ئێوە هۆشو عەقڵتان نیيە).

چی وا لە ئافرەتێکی پاك دەکات ئەم تەلەفۆنە دەرداوییە بەکاربهێنێت؟! ئایا بۆ وێنەی یادگارییە یان وێنەی منداڵە!! ئایا ئەمە عوزرێکی دروستە؟؟!!.

ئەمە ئەوپەڕی گێلیە وە ئەمە درۆیەکی دروست کراوە خەڵکانێکی گێلو گێژیش بڕوای پێ ناکات.

*هەندێك لە ئافرەتان دەچنە ناو ئاهەنگی گواستەوە بە ئەنقەستو وێنە گرتنی ئەو ئافرەتە داوێن پاکانەی کە سەما دەکەن

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٦٥٧٧).

لە ئاهەنگێکی داخراو تەنها بۆ ئافرەتـان، پاشان ئـەو وێنانـە بـڵاو دەکەنـەوە چ بـە بلوتـوس یـان لەسـەر تـۆڕی ئەنتـەرنێت، نیشان دەدرێن هەروەك چۆن ئافرەتان لە بازاڕی کۆیلەیەتی نیشان دەدرێـن، جـا چ پیاوێك بەمە ڕازییە؟.

هەر بۆیـە ئـەم کـارە وای کـردوە پـاڵ بـە پیـاوی خـاوەن غـیرەت بنێت بـۆ ئـەوەی ئامادە بوانی ئاهەنگی گواستنەوە تـەنگ بکاتـەوە بەوپـەڕی توانـا، بـەوەی ئامـادە بـوانی ئـەو ئاهەنگـە لـە ڕێگـای کـارتی دەعوەتــەوە بانگێــژ بکـرێن بــۆ ئــەوەی هەموو کـەس نـەتوانێت ئامـادە بێـت، وە پاسەوانی ئافرەت بێنێت تـاوەکو جانتـای ئافرەتان بپشکنێتو ڕێگایـان پـێ نـەدات تـاوەکو کـامێرا بێننـە ژوورەوە، وە هـەر کەسـێك کــەزانی شــەرەفی ســەرمایەو سامانێتی، وە ناموسی برایانی موسـڵمانی ئەوانــــەی کــــە هــــاتوون بەشــــداری ئاهەنگەکەی بکەن ئامانەتـە لـە ئەسـتۆی ئــەوە پاسـاو عـوزر نـەما لـە دوای ئەمـە بەوەی لە ڕوو دامام یان شەرمم کرد.

*ئەم موبایلـەی بۆتـە وەسـیلەیەك بـۆ لـە نێو بردنی ناموس وڕابواردن بە ئافرەتانی بەهەڵـە چـوو، پێویـستە موسـڵمانان لـە بەرامبـەری هەڵوێـستی جـددی وەربگـرن (مانـای ئـەوە نـی‌یـە هـەر کـچێك گونـاهی لەگـەڵ کوڕێکـدا ئەنجامـدا ئەمـە دەبێتـە ئەوەی دروستە ئـابڕوو ببرێـت) وە ئەگـەر پەنا بە خوا خـوا توشـی بەڵایـەکی ئـاوای کردیـت ئایـا پێـت خۆشـە لـە نێـو خـەڵك وێنــەی خــۆت یـاخود وێنــەی کەسـێکی نزیکت بڵاو بێتەوە و ئاڵوگۆڕ بکرێت؟

(نـەڵێی: ئێمـە... ئێمـە چـونکە سـەرجەم کـارو بارەکـان بـە دەسـت خودایـە چـۆن بیەوێت ئاوا دەیکات، دەنا واز لەو فو پیـا کردنە درۆینە بێنن ... من ئێمە بنەماڵەی فلانو فلانین) وە هـەر کەسـێك پـشت بـە ئەصــڵی خــۆی ببەســتێت ئــەوا لــەناو دەچێت، بەڵکو ئێمە هەڵدەسوڕێین لە ژێر سەتری خودا، جا ئایا کەسی عـاقڵو ژیـر لەمە تێدەگات؟.

بۆیە پێویـستە موسـڵمانی ڕاسـتگۆ کـەواز لــەم ئــامێرە بێنێــت کــە بۆتــە هــۆی سوکایەتی کردنو ئابڕوو بردنـی خـەڵکی، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمێت:

**(من تتبع عورة أخيه المسلم يتتبع الله عورته، ومن تتبع الله عورته يفضحه ولو في جوف رحله)**[٢].

**واتە: هەر کەسێك شوێنی عەیبو عاری برای موسڵمانی بکەوێت خوای گەورە شوێنی عەیبو عاری دەکەوێت، وە هەر کەسێك خوای گەورە شوێنی عەیبو عاری بکەوێت ئابڕووی دەبات لە ناوجەرگەی ماڵەکەی خۆیشیدا بێت.**

**بۆیە ووریا بین دوای ئابڕووبەرەی خەڵك نەکەوین، وە دروست نی‌یە تەماشای ئەو وێنە خراپانە بکەین بە تایبەت ئەو وێنانەی بریتی‌یە لە ڕووتو بەرەڵایی‌و فەسادی.**

**وە پێویستە لەسەر پیاوی بە غیرەت هەر چەندە کەم دینیش بێت کە نەهێڵێت ئەم جۆرە موبایلە بەکاربهێنێت، بەڵکو پێویستە بزانرێت کە تەلەفۆن بە گشتی تەنانەت ئەوانەی کە کامێراشی لەسەر نی‌یە لە قەوارەی پێویست بەکار بهێنرێت مافی نییە چ کاتو چۆن بیەوێت قسەی پێ بکات.**

**جا کوا ژیرە شارەزاکان؟؟!!.**

**وە پێویستە لەسەر کاربەدەستانو لایەنە پەیوەندی دارەکان کە چارەسەرێك دابنێن لەبەردەم بەردەوامی بەکارهێنانی تاوانی بلوتوس لە نێو ڕیزەکانی نەفس نزمەکان، چونکە ئەمە تاوانو خراپەکاری بڵاو دەکاتەوە، بۆیە پێویستە دەستی ئەم کەم نەفسانە بگیردرێت وە داوا لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی کە تەشویش بخاتە سەر ئەم خزمەت گوزارییە بە تایبەت ئەم نامە ومەسجانە بەرامبەرێکی ماڵی نی‌یە، وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست لەمە بڵاوکردنەوەی خراپی‌و پشێوییە، وە با هەموو بزانین هەموو لە بەینی دوو دەستی خوای گەورە ڕادەگیرێین (ئای خانە خراپی بۆ خۆیان گەر پەلە نەکەن لە بڕینی دەستی ئەم فیتنەیە چ کەسێك لە دەستی خودا قوتاریان دەکات).**

**وە لەسەر کاربەدەستانە پەلە بکەن بۆ ڕاگرتنی ئەم نەهامەتیانە تا چیتر لە نێو ڕیزی کۆمەڵگا بڵاو نەبێتەوە نەك بە سزادانی ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات یان بخرێتە ژێر بەهانەی یاسا ئەمە**

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٧٩٨٥).

ســودی نییــە، بــەڵكو پێویــستە ئــەم سیستەمە ناخزمەتگوزارییە دابخرێت كە بۆتە مایەی ئابڕو بردن.

ئەو كات گەر بێتو پیاوێكی گەورە یان بەرپرسـێك وێنەیـەكی ئابڕوبـەری بـڵاو بكرێتەوە كە عـەیبو عـاری لـە ژێـر خـۆڵ بنرێت باشترە وەك لە ئاشكرا كردنی ئـەو كاتە ئەو كەسە چی بۆ دەكرێت؟

كـوا پیـاوانی ژێـری وولاتەكـەم..؟ كـوا پیـاوانی وولاتەكـەم..؟ كـوا ئامۆژگـاری كەران؟ ئەوان كوان؟ تـۆ بڵێیـت پیـاوێكی ڕەشیدیان تیا نەبێت؟!!.

جـا بـا هەنـدێك لەوانـەی كـە خـەڵكی بـە قودوەو پێشەوای دەزانـن لـە ئافرەتـانو پیـاوان ئاگـادارین لـە بـەكارهێنانی ئـەم جۆرە مۆبایلانە كە لە پـێش چاو خـەڵكی بۆتە ئەوەی كەسـانێك بـەكاری دێـنن كـە جێـی گومانــە بـا حـەزەر بكـەن لـەوەی دەرگای عـوزر والا بكـەن بـۆ خـەڵكی، وە دەرگای شـوبهە والا بكـەن بـەوەی: ئـەوە فلانە ئافرەتی داپۆشراوە بەكاری دێنێت، ئــەوە فلانــە كەســی پێــشەوایە بــەكاری دیێنێـت بـا نەبنـە دەرگایـەك بـۆ ئـەوەی خەڵكی لێوەی بچێتە ژوورەوە بـۆ بـەتاڵ، وە با نەڵێن: ئێمە بۆ كـاری چـاك بـەكاری دێــنین!! چ بــەكارهێنانێكی چــاك؟!

هەموو مەسەلەكە وێنە لـەناو وێنـە بـا واز لە سەخافەت بێنین!!.

لەوە ناشرین تر هەیە هەندێك لە ئافرەتان پۆشاكی ئافرەتانی صاڵحیان پۆشیوە لـە كاتێكــدا بــۆ پــۆز موبایلەكــەی بــە جانتاكەیەوە هەڵواسیووە..؟!!.

بـە لای كەمـەوە لـە لای خـەڵكی خـۆت بـشارەوە كـوا حـەیاو عـەیب؟ كـوا ئـەو سەرپەرشـتیارانەی كـە ئیـدعای پیـاوەتی دەكەن..؟! تۆ نابینیت؟!!.

وە دەڵێن: بەكارهێنان بۆ كـاری چاك ئەمـە لەبار چوان دێنێتە پێكەنین.

جا با ووریاو ئاگادار بین ئەو كەسەی كە وێنـەی كچەكانیو خێزانەكەی گرتـووە بـەم ئـامێرە كـە نوســخەیەكی ئیحتیــات دەپارێزێــتو كــۆپی دەكات بۆ ئەوەی نـەوەك ڕۆژێ لـە ڕۆژان ببێـت بە موفاجەئە بۆی وێنەكانیان لەسەر پـەڕەكانی ماڵپـەڕەكانی ئینتەرنێت ببینن.

یـان لـە دوو تـۆی دەسـتی گـەنجان لـە ڕێـی ئامێری بلوتوس، وە بـا ئەوانـەی كـە وێنـەی كەسو كاریان گرتووە بەم ئـامێرە پێویستە لەســەری كاتێــك ئامێرەكــەی پــەكی كــەوت نــەییات بـۆ لای هەنـدێك لـەو كەسـانەی كـە

مەحەلەكان كار لەم ئامێرانە دەكەن ئەوانەی
كـە لـە مـەودای چـەند چـركەيەك وێنـەكان
دەگوازنـــەوەو بـــڵاوی دەكەنـــەوە لـــە
ئامێرەكان، بەڵكو سـەرەنجامی ئـەم ئـامێرە
هەر تێك شكاندنو لە ناوبردنە لەبەر ئـەوەی
نەبادا ئەو وێنانەی ناوی بڵاو بكرێتەوە.
پاشان پێویستە ئینسان پەلە بكات لە خـۆی
بەری كردن لەم تاوانە گەورەيـە، وە واز لـەم
ئامێرە بێنێت وە تەوبە كردن ئاشـكرا بكـات
بۆ لای خوا، خوای گەورە نیعمەتی پێ داوین
پێویستە كوفرانەی نیعمەتەكانی نەكـەین وە
خـوا سـەتری كـردوین بـا خۆمـان ئـابڕوی
خۆمان نەبەین.
ئەمـە ووشـەيەكی ئاگـادار كردنەوەيـە بـۆ
برايانی خۆم عاقیبەتو خەتەری ئەم باسـەم
ئاشكرا كردووە، نوسـیوومەتەوە بـۆ ئەسـتۆ
سووك كردنی خۆم وە بۆ پەردە لادان لەسەر
گومان، داوا لە خـوا دەكـەین كـە بـە جـوانی
سەتر كردنی مامەڵەكان لەگەڵ بكات.

**وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 كۆچی

# هۆکارەکانی دابەزینی قورئانی پیرۆز

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ٠

قورئانی پیرۆز دابەزیوە بۆ ئەوەی ڕێنمایی مرۆڤایەتی بکات بۆ ڕێگای ڕاست، وە بنەماکانی ژیانی ڕاستەقینەیان بۆ دابڕێژێ جا زۆربەی ئایەتەکانی قورئان لە سەرەتاوە بۆ ئەم مەبەستانە دابەزیووە، واتە بە بێ ئەوەی هۆکارێکی هەبێ بۆ دابەزینەکە جگە لەو مەبەستە گشتیانە نەبێت[1]:

بەڵام هاوەڵان ﷺ لە ژیاندا لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ چەندەها ڕووداو دەهاتە ڕێگایان وە جاری وا هەیە ڕووداوێکی

---

(١) زۆربەی ئایەتەکانی قورئان نمونەن لەسەر ئەم جۆرە یەکێك لەو نمونە زۆرانەش ووتەی خودایە:

﴿وَمِنْهُمْ مَنْ عَاهَدَ اللَّهَ لَئِنْ آتَانَا مِنْ فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ [التوبة: ٧٥] .

واتە: هەیە لە دووڕووەکان پەیمان دەدات بە خودا ئەگەر خودا ماڵی پێ ببەخشێت ئەوا چاکەی لێ دەکات و دەبێت لە یەکێك لە پیاو چاکان، بەڵام کاتێك ماڵی پێ دەبەخشێت بە پێچەوانەوە دەردەچێت.

جا ئەم ئایەتە مەبەست پێی باس کردنی ڕەوشتی هەندێك لە دووڕووەکانە بە بێ ئەوەی هۆکاری تایبەت هەبێت بۆ دابەزینەکەی بەڵام بەداخەوە وا باوە لای چینێك لە موفەسیرەکان وە لای زۆرێك لە ووتار خوێنەکان ئەم ئایەتە دابەزیووە بە هۆی پەیمانی هاوەڵی بەڕێز (ثعلبة)ی کوڕی(حاطب) ﷺ کە گوایە پەیمانەکەی نەبردۆتە سەر بەرامبەر خودا لە چیرۆکێکی درێژدا لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە بە هیچ شێوازێك (صحیح) نییە بەڵکو زۆر لاوازو (منكر)ە هەروەکو زانایانی فەرموودە ئاماژەیان پێ کردووە وەکو پیشەوایان (العراقي وابن حجر والألباني) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)٠ بڕوانە: (السلسلة الضعيفة: ١٦٠٧).

تایبــەت ڕوودەدات لــە نێوانیانــدا کــە پێویستی بـە ڕوونکردنـەوەی شـەریعەتی پـیرۆزە یـان ئـەوەتا شـتێکیان لێ تێکـەڵ دەبێـت پرسـیاری پێغەمبــەری ﷺ لــە بارەیەوە دەکەن قورئانیش دادەبەزێت لە پێناو ئەو ڕووداوە تایبەتـە وە یـان لەبـەر ئـەو پرسـیارە ئەمـەش پێـی دەوترێـت هۆکارەکانی دابەزین(أسباب النزول).

## مانای هۆکاری دابەزین:

هۆکـاری دابـەزین ئەوەیـە کـە ئایـەتی قورئـان لەسـەری دابـەزیوە، وە بـە هـۆی ئەوەوە بە جۆرێك ئایەتەکە لەسـەر ئـەو باسـە یـان ئـەو شـتە ئـەدوێ، وە یـان حوکمە شـەرعیەکەی ڕوون دەکاتـەوە لـە کاتی ڕوودانی ئەو شتە.

کەوابوو ڕووداوێك ڕوودەدات لەسـەردەمی پێغەمبــەر ﷺ وەیــان پرســیارێك لــە پێغەمبەر ﷺ دەکرێت قورئانی پیرۆزیش دادەبەزێت بۆ ڕوون کردنەوەی هەرشتێك هــەبێت کـە پەیوەنـدی بـەو ڕووداوەوە هـەبێت، وە یـان بـۆ وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسیارە.

نمونەی ڕووداویش وەك (ابن عباس) رضي الله عنهما سەبارەت بە ووتەی خودا:

﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ [الشعراء: ٢١٤].

واتــە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ کـەس وکـارو خزمـە نزیکـەکانت ئاگـادار بکـەرەوە لـە ئایین وڕاستی، وە بیان ترسێنە لە سزای خودا.

دەفــەرمێت: پێغەمبــەر ﷺ دەرچــووە دەرەوە تـاوەکو سـەرکەوتە سـەر کێـوی (صــفا) پاشـان هـاواری کـرد بـۆ ئـەوەی خەڵکی کۆ ببنەوە لێی، جا کاتێك خەڵکی کۆبوونـەوە ئـەویش فـەرمووی: ئایـا چـی دەڵێن ئەگەر من ئاگادارتـانم کـردەوە کـە سوپایەك هێرش دەکاتە سـەرتان بڕواتـان پێم دەکرد؟ ئـەوانیش لەوەڵامـدا ووتیـان: هیچ درۆمان لێت نەبینیووە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئـەوا مـن ئاگادارکـەرەوەو ترسێنەری ئێوەم لە سزایەکی خـوایی کـە لە پێشتانەوەیە، لـەو کاتـەدا (ابو لهــب) ووتـی: فەوتانـدن بـۆ تـۆ تـەنها بـۆ ئەمـە ئێمـەت کۆکردۆتـەوە؟ پاشـان هەسـتاو ڕۆی، خوای گەورەیش سـورەتی (المسد)ی دابەزاند، واتە:

﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ....﴾[٢].

نمونەی پرسیاریش وەکو ئەوەی کە ڕووی دا لە لایەن(خولة)ی کچی(ثعلبة) کاتێك کە پیاوەکەی (أوس بن صامت)ﷺ (ظهار)[٣]ی ئەنجامدا بەرامبەر(خولة)ی خێزانی جا خەولە هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ سکاڵا کردن لە پیاوەکەی و گەڕان بە دوای چارەسەر، خوای گەورەیش لەبارەی پرسیارەکانی خەولەوە چەند ئایەتە یەکەمەکانی سورەتی(المجادِلة)ی دابەزاند کە تێیاندا حوکمی شەرعی(ظهار)ی ڕوون کردەوە[٤].

## شێوازی دەربڕینی هۆکاری دابەزین:

هۆکاری دابەزین بە چەند شێوەو شێوازێك دەردەبڕێ:

جاری وا هەیە شێوازەکە بە هیچ شێوازێك غەیری هۆکارەکە ئیحتیمال ناکات، وە جاری وایش هەیە بۆی هەیە ئاماژە بێت بۆ هۆکارەکە وە بۆی هەیە مەبەست پێی ئەوە بێت ئەم مانایە دەچێتە ژێر مانای ئایەتەکەوە، وە مەبەستە لە کۆی گشتی ماناکانی ئایەتەکەیە.

جا شێوازی دەربڕینەکە تەنها هۆکاری دابەزاندنەکە ئیحتیمال دەکات ئەگەر ڕاویەکە ووتی: هۆکاری دابەزینەکە ئەم شتەیە یان ئەوەتا پیتی فائی هۆکاری هێنایەوە (فاء السببية) کە چۆتە سەر بابەتێکی دابەزین لە دوای ڕووداوێکە یان پرسیارێك، هەروەك ووتی: (حدث كذا فنزل كذا) وەیان (سُئل رسول الله ﷺ عن كذا فنزلت الآية....).

بەم شێوازی دەربڕینە کە ئیحتیمالی هۆکارەکە دەکات وە ئەو مانایەی ئایەتەکە دەیگرێتەوە ئەگەر ووترا:" ئایەتەکە دابەزیوە لە بارەی ئەو شتەوە" لەم بارەیەوە پێشەوا (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ووتەی زانایان: ئەم ئایەتە دابەزیوە لەبارەی ئەو شتەوە جاری وا هەیە مەبەست پێی هۆکاری دابەزینەکەیە وە جاری وا هەیە مەبەست پێی ئەوەیە ئەم مانایە دەچێتە ژێر ماناکانی ئایەتەکەوە

---

(٢) (صحيح البخاري: ٤٤٩٢، وصحيح مسلم: ٣٥٥) ٠

(٣) (ظهار) بریتییە لەوەی کە پیاو بە خێزانەکەی بڵێ: تۆ بۆ من وەکو پشتی دایکم وای، وەیان هەر ووشەیەك کە شوبهاندنی خێزانەکەی خۆی تێدا بێت بە مەحرەمەکانی خۆی٠

(٤) (أخرجه أبو داود: ٢٢١٤، والنسائي: ٣٤٦٠، وابن ماجة: ١٨٨، وصححه الألباني في إرواء الغليل: ٢٠٨٧) ٠

ئەگـەر هۆكـاری دابـەزینی ئایەتەكـەیش نەبێت).

هەروەها پێشەوا (زركـشي) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرمێت: زانـدراوە لـە كـرداری هـاوەڵانو شـوێنكەوتەكانیان رضي الله عنهم كە ئەگەر یـەكێكیان ووتـی: ئایەتەكـە دابـەزیوە لـە بـارەی ئـەم شـتەوە ئـەوا مەبەسـت پێـی ئەوەیەكـە ئایەتەكـە ئـەم حوكمە لەخۆ دەگرێت نـەوەك ئـەم مانـاو حوكمـە هۆكـارە بـۆ دابەزینەكـە جـا ئـەم ووتەیـە لـە ڕەگـەزی كردنـی ئایەتەكەیـە وەكـو بەڵگەیـەك بـۆ سـەر حوكمەكـەی نەوەك مەبەست گێڕانـەوەی هۆكارەكەیە كە ڕووی دابێت.

## سوودەكانی زانینی هۆیەكانی دابەزینی ئایەتەكان:

**یەكەم:** زانینی حیكمەتی خودا سەبارەت بەو حوكمانەی كە دایڕشتووە بەهۆی ئـەو هۆكـارەوە، ئەمـەش سـودی هەیـە بـۆ موسـڵمانو نـا موسـڵمان، موسـڵمان بـەم شـتە بـاوەڕی زیـاتر دەبێـت، وە زۆرتـر هـەوڵ دەدات لەسـەر جـێ بـەجێ كردنـی فەرمانەكانی قورئانی پیرۆز، لەبەر ئەوەی كە بۆی دەركـەوتووە لـەو بەرژەوەنـدی و چـاكەكاریانەی كـە پەیوەسـتە بـەو حوكمـەوەو كـە لـە پێنـاوی ئـەم بەرژەوەندیانەش ئەم حوكمە دابەزیوە.

ناموسـڵمانیش ئـەم حیكمـەتو بەرژەوەندیانە هانی دەدات بۆ ئەوەی كە بـڕوای بـەوە هـەبێت كـە ئـەم شـەریعەتە پـیرۆزە بنیـات نـراوە لەسـەر بەرژەوەندییەكانی مرۆڤایەتی نەك لەسـەر چەوساندنەوە.

**دووەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە قورئـان لە لایەن خوداوە دابەزیووە، چونكە جاری وا هەیـە پێغەمبـەر ﷺ پرسـیاری لێ دەكرێت سەبارەت بە شتێك ئەویش جاری وا هەیـە ڕادەوەسـتێ لەوەڵامدانـەوە، وەیـان ڕووداوی حـازری سـەردەمی لێ نادیـار دەبێـت، لـە هـەردوو حاڵەتیـشدا قورئـان دادەبـەزێ بـۆ ڕوونكردنـەوەو ئاشكرا كردن.

**سێیەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خـوای گەورە زۆر چاودێری پێغەمبەرەكـەی ﷺ دەكات لە بەرگری كردن لێی.

**چوارەم:** ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خـوای گـەورە چـاودێری موسـڵمانان دەكـات لـە لادانی ناخۆشیەكانیان.

**پێنجەم:** تێگەیشتنی ئایەتەکە لەسەر ڕوویەکی ڕاستو دروست، لە ڕاستیدا ئەم سوودە لە هەموویان گرنگترو مەبەست ترە، ئیمامی(الواحدي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ناتوانرێت تەفسیری ئایەت بکرێت بە بێ وەستان لەسەر چیرۆکەکەیو هۆی دابەزینەکەی)٠

پێشەوا (ابن دقيق العيد) یش(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (هۆکاری دابەزین ڕێگایەکی بەهێزە بۆ تێگەیشتنی ماناکانی قورئان)٠

هەروەها پێشەوا(ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: زانینی هۆکاری دابەزین یارمەتیدەرە لەسەر تێگەیشتنی ئایەتەکە، چونکە زانین بە هۆکار زانین بە ئەنجام دەبەخشێت، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرمێت:

**﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾** [البقرة: ١٥٨][٥].

جا ڕووالەتی ووتەی خودا(**فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ**) ئەوە دەگەیەنێ کە(سەعی) کردن لە نێوان(صفا)و(مروة) واجب نییە لەبەر ئەوە فەرموویەتی: (**فَلَا جُنَاحَ**) واتە: هیچ تاوانێکی لەسەر نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ هۆکاری دابەزین ئەوا مانایەکی دروستو جیاوازترمان بۆ دەردەکەوێت:

لە (صحيح البخاري)[٦] دا هاتووە لە(عاصم)ی کوڕی(سلمان) کە فەرموویەتی: پرسیارم کرد لە(انس)ی کوڕی(مالك) رضي الله عنه سەبارەت بە(صفا)و (مروة) ئەویش فەرمووی: ئێمە گومانمان وابوو کە لە کرداری نەفامێتین، جا کاتێك ئیسلام هات ئەنجامامان نەدا، هەر بۆیەش خوای گەورە فەرمووی:

**﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾** [البقرة: ١٥٨].

---

(٥) خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە (صفا) و(مروة) لە نیشانە ئاشکراکانی ئایینەکەیەتی، جا هەر کەسێك هەستا بە حەج کردن یان عومرە کردن ئەوا هیچ تاوانێکی لەسەر نییە کە (سەعی) بکات لە نێوان (صفا) و(مروة)، چونکە ئەم کارەی لەبەر جێبەجێ کردنی حەج وعومرەکەیەتی، وەتاوانی لەسەر نییە لەوەی کە بێ باوەڕان لەوە پێش (سەعی) یان دەکرد لە نێوانیاندا لەبەر خاتری دوو بت کە هەبوون لەسەر (صفا) و(مروة)٠

(٦) (صحيح البخاري: ٤٢٢٦) ٠

جا بە زانینی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەست بە نەفی کردنی گوناه مەبەست پێی ڕوونکردنەوەی ئەصلی حوکمی سەعی کردن نییە، بەڵکو مەبەست لادانی خو بەدور خستنو گومانی موسڵمانانە بە خۆ دوور خستنیانە لەو سەعیە کاتێك وایان دەزانی کە ئەمە لە کرداری نەفامێتییە، بەڵام ئەصڵی حوکمی سەعی کردن ئەوا ڕوون بۆتەوە بە ووتەی خودا: ﴿مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٥٨].

*** العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب**

ئەگەر هاتوو ئایەتێك دابەزی لەبەر هۆکارێکی تایبەت، بەڵام لەفزو ووشەکانی ئایەتەکە بە شێوازێکی گشتی بوو، واتە: هەم ووشەکان هۆکارە تایبەتەکەی دەگرتەوە، وە هەم شتی دیکەیشی دەگرتەوە ئەوا حوکمی ئایەتەکە گشتی دەبێت، واتە: ئەو حوکمەی لە لەفزو ووشە گشتییەکانەوە وەردەگیرێت لە وێنەو حوکمی هۆکارە تایبەتەکە تێ دەپەڕێت بۆ هاوشێوەی ئەو حوکمە تایبەتە، ئەمەش مانای یاسای سەرەوەیە: (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب).

وە ئەمەش بۆچونی زۆرینەی زانایانە لە شارەزایانی زانستی(أصول الفقه)، وە جگە لەوانیش.

لە ڕاستیدا ئەم بنەمایە زۆر بەسوودە، بە ڕەچاو کردنی بەندە خێرێکی زۆرو زانستێکی فراوانی بەدەست دەکەوێت، وە بە پشت گوێ خستنیو ڕەچاو نەکردنی زانستێکی زۆری لەدەست دەچێت، وە دەکەوێتە هەڵەو تێکەڵ بوونێکی زۆرەوە.

جا هەرکاتێك ڕەچاوی ئەو یاسایەت کرد ئەوا ئەوە دەزانی کە ئەوەی موفەسیرەکان ووتوویانە لەبارەی هۆکارەکانی دابەزینەوە ئەوا تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە نەك مەبەست ئەوە بێت کە مانای ئایەتەکان تایبەتە بەو هۆکارە، جا هەر کاتێك کە دەڵێن: ئەم ئایەتە دابەزیووە لەبارەی ئەو شتەوە ئەوا مەبەستیان ئەوەیە ئەو هۆکارە یەکێکە لەو حوکمانەی کە دەچێتە ناو ئایەتەکەوە، وە بەشێکە لە مەبەستەکانی ئایەتەکە، چونکە قورئان دابەزیووە بۆ

هیدایەت دانی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی لە هەر شوێنو کاتێك بن.

خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە کە تی بڕوانینو ووردبینەوە لە قورئان، جا ئەگەر ئێمە ووردبینەوە لە لەفزە گشتیەکانی قورئان، وە لەوە گەیشتین کە زۆر شت دەگرێتەوە ئەوا لەبەر چی هەندێك لەو مانایانە بهێنینە دەرێ لەگەڵ ئەوەی هاوشێوەی ئەو مانایانە چۆتە ناو ئایەتەکەوە؟

لەسەر ئەم بنەمایەش هەر کاتێك هەواڵێکت بەسەر تێ پەڕی لەبارەی ناوو کردارەکانی خوداوە، وە لەوەی کە شایستەیەتی لە تەواوی، وەلەوەی کە لێیەوە دورە لە کەم وکووڕی ئەوا تۆ هەموو مانایەکی تەواو وجوان دابنێ بۆ ئەو ناوو کردارەی کە خوا بۆ خۆی دایناوە، وە بە دووری بگرە لە هەموو شتێك کە پێی دەوترێت خراپەو نوقستانی کە خوا خۆی لێ بەدوور گرتووە.

هەروەها ئەگەر ئایەتێك هاتوو هەواڵی پێغەمبەرانو کتێبەکانیانو ڕۆژی دوایی دەدا وە هەواڵی هەمووشتێکی ڕابردوو داهاتوو دەدات ئەوا تۆ بێ گومان بە لەوەی کە ئەوە حەقو دروستە، بەڵکو لەوپەڕی جۆرەکانی ڕاستیو حەقە

هەروەها ئەگەر قورئان ئەمری بە شتێك کرد ئەوا بڕوانە ماناکەی وە کێ دەچێتە ژێر ئەو ئەمرەوەو کێ ناچێت، ئەو کاتەیش دەزانیت کە ئەو فەرمانە ڕوو کراوە بۆ هەموو کۆمەڵانی ئوممەت، بەهەمان شێوەیش بۆ قەدەغە کردن، بە هەمان شێوەیش بۆ ڕوونکردنەوەی هەر حوکمێکی شەرعی.

هەر بۆیەیش زانینی حوکمو مانای ئەوەی کە خودا دایبەزاندووە بەسەر پێغەمبەرەکەی ﷺ بە بنەمای هەموو خێرو سەرفرازییەك دەژمێردرێت، وە نەزانی پێی بنەمای هەموو شەڕو خەسارەت مەندیيە.

## * نمونەیەکی زۆر گرنگ بۆ ڕۆژگاری خۆمان:

لەپاش ئەوەی هەندێك لەو باسانەمان باس کرد کە پەیوەستە بە هۆکاری دابەزین ئەوا بە چاك زاندرا کە باسەکە کۆتایی پێ بێت بە نمونەیەکی زۆر گرنگ لە قورئانی پیرۆز هەم بۆ ئەوەی هەندێك

له بنەماکانی بابەتەکەمان لەخۆ دەگرێ، وە هەم ماناکەش زۆر گرنگە بۆ موسڵمانانی سەردەمی خۆمان، ئەوەیش ووتەی خودایە لە سورەتی: (الإسراء) کاتێك دەفەرمێت:

﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾ [الإسراء: ٥٧](٧).

ئیمامی بوخاری له تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە (ابن مسعود)رضي الله عنه ڕیوایەت دەکات کە فەرموویەتی: کەسانێك هەبوونە لە جنۆکەکان خەڵکانی دیکە دەیانپەرستن، لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمووی: کەسانێك هەبوون لە مرۆڤ چەند جنۆکەیان دەپەرست، جا جنۆکەکان موسڵمان بوونو مرۆڤە هاوەڵ بڕیاردەرەکان بەردەوام بوون لەسەر پەرستنی ئەو جنۆکانە.

لە (ابن عباس) رضي الله عنه هاتووە کە فەرموویەتی: ئەوانەی کە دەپەرستران بریتی بوون لە(عیسی) و (دایکی) و (عوزێر) هەروەها لێوەی هاتووە کە فەرموویەتی: بریتین لە(عیسی) و (عوزێر) و (خۆرو مانگ)٠ وە موجاهدیش فەرموویەتی: بریتین لە (عیسی)و (عوزێر)و فریشتەکان(٨).

پێشەوا (ابن تیمیە) لە پاش ئەوەی ووتەی زانایانی باس کرد لە تەفسیری ئایەتەکەدا فەرمووی: ئەم ووتانە هەمووی ڕاستن، چونکە ئایەتەکە هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە پەرستراوەکەی خۆی لە خۆیدا خودای گەورە دەپەرستێت، جا چی لە فریشتەکان بێت وە یان لە جنۆکە وە یان لە مرۆڤ، پێشانیش لە تەفسیری ئایەتی قورئاندا ئایەتەکان ڕوون دەکەنەوە بەوەی هەندێك لە نمونەی ماناکەی باس دەکەن، هەروەکو چۆن وەرگێڕ بۆ زمانێکی دیکە کاتێك پرسیاری لێ دەکەن: مانای نان چییە؟ ئەویش لەوەڵامدا نانێکی پێ نیشان دەدات، جا ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕەگەزو هاوشێوەی ئەو

---

(٧) واتە: ئەوانەی کە خەڵکی لێیان دەپاڕێنەوە لە پێغەمبەران و چاکەکاران و فریشتەکان ئەوان خۆیان پێشبڕکێ دەکەن بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بە جۆرەها کرداری چاکە، وە ئومێدیان بە ڕەحمی خوایە وە لە سزای خوایش دەترسن٠

(٨) بڕوانە: (تفسیر ابن کثیر: ٥/ ٨٨-٨٩)٠

نانەیە، نەوەك مەبەستی ئەوە بێت کە خودی ئەوەی دەستی نانە.

جا زانایانی پێشینانیش مەبەستیان بەو نمونانە تایبەت بوونی مانای ئایەتەکە نییە بەیەکێك لەو ماناو نمونانە.

کەواتە ئایەتەکە گوفتارە لەگەڵ هەر کەسێك لەغەیری خودا دەپاڕێتەوە ئەو کەسەیش کە هاواری پێ دەکرێ‌و دەپەسترێت خۆی بۆ خۆی لە خودا نزیك دەبێتەوە بە کرداری چاکەو ئومێدی بە ڕەحمەتی خودا هەیە.

وە لە سزای خودا دەترسێ جا هەر کەسێك بپاڕێتەوە لە مردوویەك وە یان لە نادیارو ئامادە نەبوویەك لە پیاو چاکان چی بە ووشەی فریاکەوتن یان بە غەیری ئەو ووشەیە ئەوا ئایەتەکە گرتوویەتییەوە، هەروەها چۆن کەسانێك دەگرێتەوە کە دەپاڕێنەوە لە فریشتەکان‌و جنۆکەکان.

خوای گەورەیش قەدەغەی کردووە لێ یان بپاڕێنەوە.......

[والحمد لله رب العالمين]

سەرچاوەکان:


١- تفسير ابن كثير.

٢- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد.

٣- مناهل العرفان في علوم القرآن.

٤- القواعد الحسان فى تفسير القرآن.

٥- مباحث في علوم القرآن.

٦- أصول في التفسير.

٧- تسير الكريم الرحمان.



**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 کۆچی

# لماذا يدعو الإنسان ولا يستجاب له؟

فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله)

## بسم الله الرحمن الرحيم

وسئل فضيلة الشيخ: لماذا يدعو الإنسان ولا يستجاب له؟ والله عزوجل يقول: (ادعوني أستجب لكم)؟ فأجاب فضيلته بقوله: الحمد لله رب العالمين، وأصلي وأسلم على نبينا محمد، وعلى آله وأصحابه أجمعين، وأسأل الله تعالى لي ولإخواني المسلمين التوفيق للصواب عقيدة، وقولاً، وعملاً، يقول الله عزوجل: ( وقال ربكم ادعوني أستجب لكم إن الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنم داخرين)، ويقول السائل: إنه دعا الله عز وجل ولم يستجب الله له فيستشكل هذا الواقع مع هذه الآية الكريمة التي وعد الله تعالى فيها من دعاه بأن يستجيب له والله سبحانه وتعالى لا يخلف الميعاد.

والجواب على ذلك أن للإجابة شروطاً لابد أن تتحقق وهي:

الشرط الأول: الإخلاص لله عز وجل بأن يخلص الإنسان في دعائه فيتجه إلى الله سبحانه وتعالى بقلب حاضر صادق في اللجوء إليه عالم بأنه عز وجل قادر على إجابة الدعوة، مؤمل الإجابة من الله وتعالى.

الشرط الثاني: أن يشعر الإنسان حال دعائه بأنه في أمسِّ الحاجة بل في أمس الضرورة إلى الله سبحانه وتعالى وأن الله تعالى وحده هو الذي يجيب دعوة المضطر إذا دعاه ويكشف السوء، أما أن يدعو الله عزوجل وهو يشعر بأنه مستغن عن الله سبحانه وتعالى وليس في ضرورة إليه وإنما يسأل هكذا عادة فقط فإن هذا ليس بحري بالإجابة.

الشرط الثالث: أن يكون متجنباً لأكل الحرام فإن أكل الحرام حائل بين الإنسان والإجابة كما ثبت في الصحيح عن النبيﷺ أنه قال: " إن الله طيب لا يقبل إلا طيباً وإن الله أمر المؤمنين بما أمر به المرسلين " فقال تعالى:

(يا أيها الذين آمنوا كلوا من طيبات ما رزقناكم واشكروا لله إن كنتم إياه تعبدون) . وقال تعالى:

(يا أيها الرسل كلوا من الطيبات واعملوا صالحاً) . ثم ذكر النبي ﷺ الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه إلى السماء يا رب، يا رب ومطعمه حرام، وملبسه حرام، وغذي بالحرام. قال النبيﷺ: " فأنى يستجاب له". فاستبعد النبيﷺ أن يستجاب لهذا الرجل الذي قام بالأسباب الظاهرة التي بها تستجلب الإجابة وهي:

أولاً: رفع اليدين إلى السماء أي إلى الله عز وجل لأنه تعالى في السماء فوق العرش، ومد اليد إلى الله عز وجل من أسباب الإجابة كما جاء في الحديث الذي رواه الإمام أحمد في المسند: " إن الله حيي كريم، يستحي من

عبده إذا رفع إليه يديه أن يردهما صفراً."
ثانياً: هذا الرجل دعا الله تعالى باسم الرب " يا رب يا رب" والتوسل إلى الله تعالى بهذا الاسم من أسباب الإجابة ، لأن الرب هو الخالق المالك المدبر لجميع الأمور فبيده مقاليد السماوات والأرض ولهذا تجد أكثر الدعاء الوارد في القرآن الكريم بهذا الاسم:
(ربنا إننا سمعنا منادياً ينادي للإيمان أن آمنوا بربكم فآمنا ربنا فاغفرلنا ذنوبنا وكفرعنا سيئاتنا وتوفنا مع الأبرار . ربنا وآتنا ما وعدتنا على رسلك ولا تخزنا يوم القيامة إنك لا تخلف الميعاد . فاستجاب لهم ربهم أني لا أضيع عمل عامل منكم من ذكر أو أنثى بعضكم من بعض). الآيات. فالتوسل إلى الله بهذا الاسم من أسباب الإجابة.
ثالثاً: هذا الرجل كان مسافراً والسفر غالباً من أسباب الإجابة لأن الإنسان في السفر يشعر بالحاجة إلى الله عز وجل والضرورة إليه أكثر مما إذا كان مقيماً في أهله، وأشعث أغبر كأنه غير معني بنفسه كأن أهم شيء عنده أن يلتجيء إلى الله ويدعوه على أي حال كان هو سواء كان أشعث أغبر أم مترفاً، والشعث والغبر له أثر في الإجابة كما في الحديث الذي روي عن النبيﷺ أن الله تعالى يتزل إلى السماء الدنيا عشية عرفة يباهي الملائكة بالواقفين فيها يقول: " أتوني شعثاً غبراً ضاحين من كل فج عميق."
هذه الأسباب لإجابة الدعاء لم تجد شيئاً، لكون مطعمه حراماً، وملبسه حراماً، وغذي بالحرام، قال النبيﷺ: " فأنى يستجاب له" فهذه الشروط لإجابة الدعاء إذا لم تتوافر فإن الإجابة تبدو بعيدة، فإذا توافرت و لم يستجب الله للداعي، فإنما ذلك لحكمة يعلمها الله عز وجل ولا يعلمها هذا الداعي، فعسى أن تحبوا شيئاً وهو شر لكم وإذا تمت هذه الشروط و لم يستجب الله عز وجل فإنه إما أن يدفع عنه من السوء ما هوأعظم، وإما أن يدخرها له يوم القيامة فيوفيه الأجر أكثر وأكثر، لأن هذا الداعي الذي دعا بتوفر الشروط و لم يستجب له و لم يصرف عنه من السوء ما هو أعظم، يكون قد فعل الأسباب ومنع الجواب لحكمة فيعطى الأجر مرتين مرة على دعائه ومرة على مصيبته بعدم الإجابة فيدخر له عند الله عز وجل ما هو أعظم وأكمل.
ثم إن المهم أيضاً أن لايستبطيء الإنسان الإجابة، فإن هذا من أسباب منع الإجابة أيضاً كما جاء في الحديث عن النبيﷺ: "يستجاب لأحدكم ما لم يعجل". قالوا كيف يعجل يا رسول اللهﷺ؟ قال: " يقول: دعوت ودعوت ودعوت فلم يستجب لي" . فلا ينبغي للإنسان أن يستبطيء الإجابة فيستحسر عن الدعاء ويدع الدعاء بل يلح في الدعاء فإن كل دعوة تدعوها الله عز وجل فإنها عبادة تقربك إلى الله عز وجل وتزيدك أجراً فعليك يا أخي بدعاء الله عز وجل في كل أمورك العامة والخاصة الشديدة واليسيرة 0

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**


**سايتى بەهەشت**

**www.ba8.org**

1429 كۆچى